بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشەکی**

**یەکەم: پێشتر ئەم باسانە بە زنجیرەی مانگانە بڵاوکراونەتەوە ، لەبەر پێویستی و گرنگیان و خواستی ئەندامان ، بە چاکمان زانی لە دوو تویێ ناميلكەيەكدا بيخەينە بەر دەست و ديدی ئەندامان.**

**دووەم: سەرەڕای بابەتەكان گوڵبژێرێكی فەرموودەمان بۆ هەڵبژاردووە لەچەند بوار و بابەتێكی جۆراو جۆر دا، لەبەرگی یەکەمی کتێبی پوختەی صەحیحی موسلیم .**

**بەمەبەستی لەبەرکردن و شارەزابوون و سوود لێوەرگرتنیان لە بوارەکانی ژیانداو وابەستەبوون بە ناوەڕۆك و واتاكانی.**

**سبحانك اللهم و بحمدك اشهد ان لا اله الا انت**

**یاسین زەنگەنە**

**ڕەمەزانی ١٤٢٨-ئەیلولی ٢٠٠٧**

## ئەڵقەی یەکەم

## شوێنەواری گوناهو تاوان لەسەر تاك و کۆمەڵ !!

دەبا ئەو راستییە چاك بزانین کەگوناهو تاوان کارێکی زیان بەخشەو زیانو خراپییەکانی لەسەر دڵو دەرونی مرۆڤ وەك زیانی ژەهر وایە لەسەر لاشە، ئایا لەدونیاو قیامەتدا چ خراپەو دەردو بەڵایەك هەیە هۆکارەکەی گوناهو تاوان نەبێت ؟! گەرئاورێك لەمێژوی مرۆڤایەتی بدەینەوە ئەم راستیە بەرجەستانە بەسانایی هەست پێدەکەین. دەبا بپرسین :

**- چی بوە هۆی ئەوەی باوك و دایکی مرۆڤایەتی( ئادەم و حەوا ) لەبەهەشتی بەرین دەربکرین ؟! لە بەهەشتێکەوە کە خانەی خۆشی و بەختەوەری و نازو نیعمەتی بێئەندازەیە، بۆخانەی دونیای پر لەئێش و ئازارو خەم و پەژارەو چەرمەسەری.**

**-ئەی چی بوە هۆی ئەوەی ( ابلیس )لەئاسمانەکان وەدەرنێت و نەفرەتی خودای لێبکرێت ؟!**

**-ئەی چی بوەهۆی ئەوەی ( قەومی نوح ) نغرۆ بنو بخنکێن تا ئەوەی ئاو بگاتە ئاستی شاخەکان و سەر زەوی دا پۆشێت ؟!**

**- ئەی بۆچی( قەومی عاد ) خوای گەورە بای توندی بونادرنو لەناوی بردن ،ماڵو سامان و کێڵگەو کشتوکاڵو بەروبوم و ئاژەڵەکانیان تیاچوون تاببنە پەندو ئامۆژگاری بۆ مرۆڤایەتی تارۆژی دوایی ؟!**

**-ئەی چی بوە هۆی ئەوەی ( قە ومی ثمود ) خوای گەورە لە بەرە بەیاندانالەو شریخەو دەنگێکی سامناکیان بۆ بنێرێ و ناخ و دڵ و دەرونیان بهەژێنێ و سەرە نجام هەموو تیا بچن ؟!**

-ئەی چی بوە هۆی ئەوەی ( قەومی لوط ) خوای گەورە گوندو شارەکەیانی وێران کردو سەرو ژێری کردو بەردی بەسەریاندا باراند و لەناوی بردن، خوای گەورە بەچەندین جۆر سزای دان، ئەم جۆرە سزایانەش دوور نین بۆ گەل و دەستەی ستەم کاران ؟!؟

-ئەی چی بوەهۆی ئەوەی خوای گەورە سزای رۆژی هەورو سێبەر (کەلەژێریدا ئاگر باران کران ) بنێرێت بۆسەر( قەومی شوعەیب )و بەو نرکەو نالە و سزا سەختە لەناویان ببات ؟!

-ئەی چی بوە هۆی ئەوەی فیرعەون و قەومەکەی لە دەریادا بخنکێن و گیانیان بەرەو دۆزەخ بڕوات ،لاشەیان بۆ خنکان و ڕوحیان بۆ سوتان ؟!؟

-ئەی چی بوە هۆی ئەوەی قارون خۆی و ماڵو موڵك و کەسوکاری تیا بچن و بچن بەناخی زەویدا؟ ؟

-ئەی چی بوەهۆی ئەوەی بەنی ئیسرائیل توشی کوشتن و بڕین و تالآن و لەناو چوون و زەلیلی و کۆیلایەتی و چەندین نارەحەتی تر بن ؟!؟

هەموو ئەمانە بێ سێ ودوو کردن بەرهەم و دەرەنجامی گوناهو تاوان و یاخی بوون و سەرکەشی وبێباوەڕین .

دەبێت ئەو ڕاستیە لەیاد نەکەین هەرجۆرە تاوان و یاخی بونێك میراتی نەتەوەیەکە لەنەتەوەو گەلانی پێشو کەخوای گەورە لەناوی بردن و کردنی بە پەندو ئامۆژگاری بۆئەوانی دواى خۆیان ،ئەوەتا نێربازی میراتی( قەومی لوط ) ە خۆبە گەورە زانین و لوت بەرزی و بلآوکردنەوەی خرا پە کاری لەسەر زەویدا میراتی قەومی فیرعەونە خۆبەزل زانین و جەبەروت میراتی (قەومی هود )ە ...هتد .

ئەوانەی ئەمڕۆ هەر جۆرە تاوان و لادانێك ئەنجام دەدەن ئەوا جلی تـاوانی یەكێك لەنەتـەوەكانی پێشـوو لەبـەر دەكـەن و هـەمان زنجـیرە تـاوانی گـەلانی پێشین چەندبارە دەكەنەوە .

**دەرەنجامەكانی گوناهو تاوان لەژیاندا**

گوناهو تاوان و یاخی بون لەخواو پەیام و بەرنامە پیرۆزەكەی دەرەنجـام و كاریگەری خراپ و زیان بەخشی هەیـە لەسـەر دڵ و دەرون و لاشـەی مـرۆڤ . زیانـــەكانی لـــەدونیاو رۆژی دواییـــدا ئەوەنـــدە زۆرە مەگـــەر خـــوا هـــەرخۆی بزانێـت ، لـەم دەسـت پێكـەدا ئامـاژە بەهەنـدێك لـەو دەرەنجامانــە دەدەیـن بەكورتی :

**١-بێبەش بوون لەزانست و زانیاری ( حرمان العلم ) :**

زانسـت و زانیـاری روناكیەكـەو خـوای گـەورە دەیخاتـە نێـودڵ و دەرونـی مرۆڤـــی بـــاوەڕدارەوە ،گونـــاهو تـــاوانیش ئـــەو ڕوناكیـــە گەشـــە دەكوژێنێتـەوە .ئـەوەتا كاتێـك ئیمـامی شـافعی لەخزمـەتی ئیمـامی مالیـك دا دەبێت (رەحمەتی خوایان لێبێت )، ئیمامی مالیـك دوای ئـەوەی گـوێ بیسـتی ئاسـتی زانسـتی و تواناكـانی ئیمـامی شـافیعی دەبێـت ،سـەری سـوڕ دەمێنێـت لەبەهرەو تواناو زیرەكـی و تێگەیشـتنی ئیمـامی شـافیعی و پێـی دەڵێـت: وای دەبینم خوای گەورە رونـاكی و نـوری خسـتۆتە نێـو دڵ و دەرونتـەوە دەتـۆش بەتاریكی تاوان مەیكوژێنـەوە .مەبەسـتیش لەبێبـەش بـون لەزانسـت زانسـتی بەسـودە وەك پێغەمبـەری ئـازیز فەرمویـەتی( اللـهم انـی اسـالك علمـا نافعـا ) هەروەها فەرمویەتی ( اللهم انی اعوذ بك من علم لاینفع ).

**٢- بێبەش بوون لەرزق و ڕۆزی :**

گوناهو تاوان مرۆڤ بێبەش دەكات لەرزق و ڕۆزی و بەرەكەت لەرزق و رۆزیدا نامینێت وەك پێغەمبەری خوا فەرمویەتی (ان العبد لیحرم الرزق بالذنب یصیبه ) اخرجه احمد . بەلاَم خوا پەرستی و تەقوا بەدیهێنەری بەرەكەتە لەرزق و رۆزیدا وەك خوای گەورە فەرمویەتی ( ومن یتق الله یجعل له مخرجا ویرزقه من حیث لایحتسب ).

٣-**كاروبارەكانی قورس و گران دەبێت** : روو لەهەر شوێنێك دەكات دەرگای بەرودا داخراوەو كارەكانی مەیسەر نابێت .بەلاَم خواناسان خوای گەورە كارەكانیان بۆ سانا دەكات هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿وَمَنْ يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَلْ لَهُ مِنْ أَمْرِهِ يُسْراً﴾الطلاق ٤ .

٤-تاریكییەك دەبینێتەوە لەدلّ و دورونیدا ،هەست پیّ دەكات وەك چۆن هەست بەتاریكی شەوی تار دەكات : تاریكی تاوان لەسەر دلّ و دەرون وەك تاریكی هەستیار وایە بۆچاوەكان ،گوێڕایەڵی بۆخوا ڕوناكیەو تاوانیش تاریكیە. تا تاریكی دلّ و دەرون زیاد بكات سەركەشی و یاخی بوون زیاد دەكات ومرۆڤ دەكەوێتە نێو تۆڕی تاوان و لادانەوە بیّ ئەوەی هەست بەخۆی بكات ،وەك كوێرێك وایە بەشەوی تار بەتەنهایی بڕوات .تاریكی دلّو دەرون گەر بەردەوام بێت شوێنەواری لەدەم و چاوو ڕووی كەسەكەدا بەسانایی دەردەكەوێت.

عبدالله ی كوڕی عباس خوایان لێڕازیبێت فەرمویەتی ( ان للحسنة ضیاء فی الوجه ،ونورا فی القلب ،وسعة فی الرزق ،وقوة فی البدن ،ومحبة فی قلوب الخلق ،وان للسیئة سواد فی الوجه،وظلمة فی القلب ،ووهنا فی البدن ،ونقصا فی الرزق .وبغضة فی قلوب الخلق )

٥-**مرۆڤی تاوان بارو یاخی لەخوای گەورە** هەست بەتەنهاییەك دەكات لەنێوان خۆی و خوادا هەروەها لەنێوان خۆی و خەڵكانی تردا بەتایبەت كەسانی خواناس و چاكە كار ،هەرچەند ئەو تەنهاییە (وحشه)زیاتر بێت ئەوا زیاتر دوور دەكەوێتەوە لەكۆڕو مەجلیسی پیاو چاكان و بێبەش دەبێت لەفەڕو بەرەكەت و سود وەرگرتن لێیان ،بەپێی دور كەوتنەوەی لەحیزبی رەحمان نزیك دەبێتەوە لەحیزبی شەیتان .ئەو تەنهاییە زاڵ دەبێت بەسەریاو هەست بەتەنهایی دەكات لەنێوان خۆی و خێزان و ماڵ و منداڵ و كەسوكارو تەنانەت لەگەڵ خۆشیدا، چونكە دڵو دەرون دڵنیایی و بەختەوەری لەدەست داوە ، تەنها بەیادی خوا دڵەكان ئارام دەبن وهەست بەتەنهایی و خەمۆكی ناكەن ﴿أَلا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾.

٦-**بێبەش بون لەعیبادەت و خوا پەرستی** :گەر تاوان هیچ سزایەك و كاریگەریەتیەكی تری نەبوایە جگە لەبێبەش بوون لەعیبادەت و خوا پەرستی ئەمەی بەس بوو ، چونكە بە تاوان خێرو عیبادەت و چاكەكەیەكی زۆر لەكیس دەچێت .

لەكۆتایی باسەكەماندا دەڵێین : دەبا فەڕو بەرەكەتی ئەم مانگە پیرۆزە بقۆزینەوەو بەخۆماندا بچینەوەو پەیامە پیرۆزەكەی خوا گیان بگرینە بەرو خۆمان لەگوناهو تاوان و گومڕایی بپارێزین و شەیتان فریومان نەدات ، ئەم ووتە پرشنگدارەی خوا ناسانی پێشین بكەینە سەرمەشقی كارمان كەفەرموویانە :

**عليك بطريق الهدى ولا يضرنك قلة السالكين وإياك وطرق الضلالة ولا يغرنك كثرة الهالكين**

## ئەڵقەی دووەم

## دەرئەنجامو  زیانەکانی گوناهو تاوان

دوای ئەوەی ئاماژەمان بە هەندێك لە زیانو خراپیەکانی گوناهو تاوان کرد لە ژیانی مرۆڤدا لەم ئەڵقەیشدا بە پشتیوانی خوای گەورە بۆ تەواو کردنی ئەم بابەتە گرنگو هەستیارە (کە ئەمڕۆ مرۆڤایەتی پێوەی دەتلێتەوە) درێژە بە باسەکەمان دەدەینو چەند خاڵێکی تر بە کورتی دەخەینە سەر خەرمانی بابەتەکەمان:-

١. گوناهو تاوان ویستی ئیرادەی چاکە لاواز دەکات و ویستو خولیای تاوان بەهێز دەکات، هەنگاو بەهەنگاو ویستی تۆبە کردنو پەشیمان بوونەوە لاواز دەکات تا ئەو ئاستەی تۆبە کردن لەناخیدا دەردەچێت . گەر جار جارە بە زمان تۆبەی درۆزنانە بکات بەڵام دڵ و دروونی بەستراوە بەتاوانەوەو بەردەوامە لەسەری ئەمەش دەردێکی کوشندەیە مرۆڤ بەرەو فەوتان دەبات.

٢. هۆگر بوون بە تاوانەوە:ئەو کەسانە گوناهو تاوان بە لایانەوە کارێکی سادەو سانایەو چێژی لێ دەبینن‌و شانازی پێوە دەکەن‌و بە خۆشییەوە بۆ خەڵکانی تری باس دەکەن پێغەمبەری ئازیزیش(ﷺ) لەم بارەوە فەرمویەتی (كل أمتي معافى إلا المجاهرين ، وإن من الإجهار أن يستر الله العبد ثم يصبح يفضح نفسه ويقول : يا فلان عملت يوم كذا وكذا ، كذاوكذا فهتك نفسه، وقد بات يستره ربه ) رواه البخاري ومسلم

٣. گوناهو تاوان زەلیلیو کزۆڵی لێ دێتە بەرهەم ، عیزەتو شکۆیی بە عیبادەتو خواناسی دێتە ئاراوە﴿مَنْ كَانَ يُرِيدُ الْعِزَّةَ فَلِلَّهِ الْعِزَّةُ جَمِيعاً﴾

فاطر ١٠ ، هەندێك لە زانایانی پێشین لەنزاو پارانەوەکانیاندا فەرمویانە ( اللهم أعزني بطاعتك ولا تذلني بمعصيتك ).

٤. بەهۆی گوناهو تاوانەوە جۆرەها فەسادو خراپە لەسەر زەویدا بڵاو دەبێتەوە، شوێنەواری گوناهو تاوانو زیانەکانی لەسەر ئاوو کەشو هەواو کێڵگەو بەروبوومو ......هتد بە زەقی دیارە خوایگەورەش فەرمویەتی﴿ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ﴾الروم ٤١ . ، هەندێك لە زانایانی پێشین فەرمویانە ( كلما أحدثتم ذنباً أحدث الله لكم من سلطانه عقوبة ).

٥. گوناهو تاوان حەیاو شورەیی ناهێڵێت : شورەیی ماددەی ژیانی دڵەو سەرچاوەی هەموو چاکەو خێرێکە، نەمانی شورەیی فەوتانی هەموو چاکەو خێرێکە ، پێغەمبەری خواش (ﷺ) فەرمویەتی ( الحياء خير كله)رواه مسلم ، هەروەها فەرمویەتی( إن مما أدرك الناس من كلام النبوة الأولى إذا لم تستح فأصنع ما شئت) أخرجه البخاري وأحمد وأبو داود وإبن **ماجه**. ، حەیا لە حەیاتەوە هاتووە بە واتای ژیان ، بە باران دەوترێت ژیان چونکە بەهۆیەوە ژیانی زەوی و رووەكو مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تر دەبوژێتەوە، بە حەیا ووتراوە حەیاتی دونیاو دوارۆژ ، چونکە ئەوەی حەیای نەبێت ئەوە لە دونیادا مردوو و لە قیامەتیشدا سەرگەردان .

٦. گوناهو تاوان خودات لەبیر دەباتەوە ، خوداش فەرامۆشت دەکات ﴿وَلا تَكُونُوا كَالَّذِينَ نَسُوا اللَّهَ فَأَنْسَاهُمْ أَنْفُسَهُمْ أُوْلَئِكَ هُمْ الْفَاسِقُونَ﴾ الحشر ١٩ واتە نەکەن وەکو ئەو کەسانەی کە خوایان فەرامۆش کرد، شوێنی بەرنامەکەی نەکەوتن ، خوایش ئەوانی لە بیر خۆیان بردەوە ، ئەوانە لە سنور دەرچوو تاوانبارەکانن....... ، گوناهکار بەرژەوەندیە راستیەکانی خۆی

فـەرامۆش و وون دەكـات، دڵـی بێئاگایــە لــە یــادی خـوا ، شـوێنی هــەواو ئارەزووكانی كەوتووە و دوارۆژیشی لەیاد كردووە ، گەورەترین سـزا ئەوەیـە مرۆڤ خۆی لەیاد بكاتو بەشـی خـۆی لەخواناسـی و خواپەرسـتی وون و لـە بیر بكات ، بە گێلێتیو ساویلكەییو نرخێكی هەرزان بیفرۆشێت.

٧. یاخی بوون لـە خـوا لـە پاداشـتی بـڕواداران بـێ بەشـت دەكـات : ئەوەی هاوەڵێتی بڕوادارانی لەدەست بچێت، لـە خـوای گـەورە یـاخی بێـتو لـەنێو گونـاهو تاوانـدا بێـت پاداشـتو خێرێكـی زۆر لەدەسـت دەدات .ئـەم پاداشـتانەش لـە چـەندین خەصلەت پێـك دێـت وهـەر یەكـەیان چاكترە بـۆ مرۆڤ لەهەموو دونیاو ئەوانەشی كە تێیدایە وەك :

**__یەكەم__**/ پاداشی گەورە ﴿وَسَوْفَ يُؤْتِ اللَّهُ الْمُـؤْمِنِينَ أَجْـراً عَظِيمـاً﴾ النسـاء ١٤٦ ،

**__دووەم__**/ بەرگری كردن لە بـڕواداران ﴿إِنَّ اللَّهَ يُدَافِعُ عَنْ الَّذِينَ آمَنُوا﴾ الحـج ٣٨

**__سێیەم__**/ فریشـتەكانو هـەڵگرانی عەرشـی خـودا داوای لێ خـۆش بـوون بـۆ ئیمانـداران دەكەن ﴿الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَـنْ حَوْلَـهُ يُسَـبِّحُونَ بِحَمْـدِ رَبِّهِـمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا﴾ غافر ٧

**__چوارەم__**/ پارێزراوی لـەترس و بـیمو خـەمباری ﴿ فمـن آمـن وأصـلح فـلا خوف عليهم ولا هم يحزنون﴾ الأنعام ٤٨

**__پێنجەم__**/ بەرزیو شكۆیی لە دونیاو قیامەتدا ﴿يَرْفَعْ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا مِنْكُمْ وَالَّذِينَ أُوتُوا الْعِلْمَ دَرَجَاتٍ﴾ المجادلة١١

**__شەشەم__**/ قورئـان سەرچاوەی رێنـوێنیو شـیفایە بـۆ بـڕواداران﴿ قُـلْ هُـوَ لِلَّذِينَ آمَنُوا هُدًى وَشِفَاءٌ وَالَّذِينَ لا يُؤْمِنُونَ فِي آذَانِهِـمْ وَقْـرٌ وَهُـوَ عَلَـيْهِمْ عَمًـى

أُوْلَئِكَ يُنَادَوْنَ مِنْ مَكَانٍ بَعِيدٍ﴾ فصلت ٤٤ ، هەر بۆیە ئیمان بەدیهێنەری هەمووخێرو چاکەیەکە بۆ مرۆڤ ، هەموو خێری دونیاو دوارۆژ هۆکارەکەی ئیمانە ، هەموو خراپەو شەڕێك لە دونیاو رۆژی دواییدا هۆکارەکەی نەبوونی ئیمانە.

٨. تاوان دڵو دەروون لاواز دەکات لەهەنگاو نانو چوون بەرەو لای خواو رۆژی دوایی ، یان لەمپەڕ و کۆسپ دروست دەکات، یان رایدەگرێتو دەیوەستێنێت. دڵ کە روو دەکاتە خوا بەهێزو ووزەکەیەوە کە ئیمانە دەتوانێت هەنگاو بنێت گەر دڵ نەخۆش بوو بە تاوان ئەوا سستو لاواز دەبێتو ناتوانێت هەنگاو بنێت ....تاوان یان دڵ دەمرێنێت یان نەخۆشی دەخات یان تواناو ووزەی لاواز دەکات، جا بۆ ئەوەی لاوازیو سستیەکانی لابچێت دەبێت پەنا بەخوا بگرێت وەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) پەنای بەخوا گرتووە لەم هەشت شتە( اللهم أني أعوذ بك من الهم والحزن و العجز و الكسل و البخل والجبن وضلع الدين وقهر الرجال ) رواه البخاری بەواتای خوایە پەنا بە تۆ دەگرم لە دڵ تەنگیو خەم و خەفەت ، لە بێ دەسەلاتیو بێ تواناییو تەمەڵی ، لە بەخیلیو ترسنۆکی، لە پشت چەمانەوە بەهۆی قەرزاریەوە، لە شکستو ژێر کەوتنی موسڵمانان ....، هەروەها دەبێت بزانین کە تاوان هۆکارێکی بەهێزە بۆ( **جهد البلاء ودرك الشقاء وسوء القضاء وشماتة الأعداء** ).

٩. تاوان نیعمەتەکان لەناو دەبات: سزای تاوانەکان ئەوەیە نیعمەتەکان لا دەباتو ناخۆشیەکان جێی دەگرێتەوە ، هەر نیعمەتێك خوای گەورە لە بەندەکانی وەرگرتەوە ئەوە بە هۆی تاوانەوەیەو هەر ناخۆشیەكو گرفتێکی بەسەردا هێنان هەر دەرئەنجامی تاوانە هەر بۆیە

ئیمامی عەلی –خوای لێیّ رازی بێت-فەرمویەتی( ما نزل بلاء إلا بذنب، ولا رفع إلا بتوبة )، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی ﴿ ذلك بأن الله لم يك مغيراً نعمة أنعمها على قوم حتى يغيروا ما بأنفسهم ﴾ الأنفال ٥٣ ،هەروەها فەرمویەتی ﴿وَمَا أَصَابَكُمْ مِنْ مُصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتْ أَيْدِيكُمْ وَيَعْفُو عَنْ كَثِيرٍ﴾ الشورى ٣٠

١٠. یاخیو تاوان بار لە زیندانیشەیتان دایە : کەسی یاخیو سەرلێشێواو بەردەوام لەبەندیو دیلی شەیتاندایە بەندو کۆتی هەواو ئارەزووەکانی خۆیەتی، ئەو کەسانە دیلو بەندو کۆت کراون، هیچ دیلێك لەو دیلە حاڵی خراپتر نییە کە دیلی خراپترین دوژمنی سەرسەختی خۆی بێت، هیچ بەندیخانەیەکیش بەقەدەر بەندیخانەی هەواو ئارەزووو تەنگو تەسك نییە، هیچ کۆتێکیش بەقەدەر کۆتی ئارەزوو بازیو شەهوەت قورستر نییە....، ئایا دڵێك دیلو بەندو کۆتکراو بێت چۆن دەتوانێت بەرەو خوداو رۆژی دوایی بڕواتو هەنگاو بنێت؟ شەیتانیش گورگی مرۆڤەکانەو مرۆڤ دەبێت خۆی بپارێزێت بەخوا ناسیو تەقواو کردەوەی چاك تا ئەو گورگە پەلاماری نەداتو تێکینەشکێنێت ، دڵیش هەر چەند لەخوا دوور بکەوێتەوە ئافاتو کۆسپی زیاترو خێراتر دێتە رێو چەندێکیش لە خوا نزیك بێتەوە پارێزراو تر دەبێت.....دەبێت ئەو راستیە فەرامۆش نەکەین شەیتان ئەمرۆ بەندەکان گومڕاو سەر لێشێواو دەکاتو وادەو بەڵێیان دەداتێو ئاواتو ئارەزوو دەرازێنێ بۆیان دیارە کە شەیتانیش هیچ بەڵێنێکیان پێ نادات جگە لە فریو دانو خەڵەتاندن نەبێت هەر وەك قورئان بۆمان باس دەکات ﴿يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ وَمَا يَعِدُهُمْ الشَّيْطَانُ إِلاَّ غُرُوراً﴾ النساء ١١٩ لە رۆژی دواییشدا روویان تێ دەکاتو پێیان دەڵێت :﴿ وَقَالَ الشَّيْطَانُ

لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِي عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلاَّ أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِي مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ إبراهيم ٢٢ به واتای (: كاتێك هەموو شت تەواو دەبێت بەهەشتییەكان دەچنە بەهەشتەوەو دۆزەخیەكان دەخرێنە دۆزەخەوە) شەیتان (بە فەرمانی خوا) دێتە قسەو (روو بە پەیرەوانی ) دەڵێت: بەراستی خوا بەڵێنی راستو دروستی پێ گەیاند بوون منیش بەڵێنی درۆو نادروستم پێ دان و جا توانیم گومڕاتان بكەمو لە رێبازی راست وێڵتان بكەم. وە نەبێت من هیچ زۆرو دەسەلاتێكم بەسەر ئێوەدا هەبووبێت، جگە لەوەی ( بە وەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵ ) بانگم كردن ( بۆ خوانەناسیو تاوان) ئێوەش بە دەمەوە هاتن و بە قسەتانەكردم ، ئیتر سەرزەنشتو لۆمەی من مەكەن، بەڵكو سەرزەنشت و لۆمەی خۆتان بكەن ( كە ئاوا گێلانە بێ بیر كردنەوە بە قسەتان كردم) ، ئەمرۆ من ناتوانم بەهاناو هاواری ئێوەوە بێم ، ئێوەش ناتوانن بە هاناو هاواری منەوە بێن، بێگومان من باوەڕم نەبوو بەوەی كاتی خۆی منتان كردبوو بەشەریكو هاوبەش لە پێشدا، بەر استی ئەمرۆ ستەمكاران سزا زۆر بە ئێش دەدرێن .

١١. گوناهو تاوان ترس وبیم دەخاتە دڵو دەروونەوە : خوای گەورە جەل جلالەترس و بیمو دڵە راوكێ دەخاتە دڵو دەروونی كەسانی یاخیەوە بۆیە بەردەوام سیمای ترس و تۆقاندیان پێوە دیارە، خواپەرستی سەنگەرو قەڵای گەورەی خوایە هەر كەس چووە نێو قەڵای خوداوە پارێزراو دەبێت لە سزای دونیاو رۆژیدوایی ،هەر كەسێكیش لێی بێتە دەرەوە ترسو بیم چواردەوری دەگرێتو لەكۆڵی نابێتەوە .

١٢. تاوان ڕێزو شكۆیی ناهێڵێت : یەكێك لەسزاكانی ئەوەیە ڕێزو پایەی‌و شكۆیی مرۆڤ لای خواو لای خەڵكی ناهێڵێت، چونكە بەڕێزترین كەس لای خودا ئەوانەن كە زۆر بەتەقوان ، نزیكترین كەس لە خوداوە ئەو كەسەیە گوێڕایەڵی خوا زیاتر دەكات، بە پێی خواپەرستی بەندەكان پلەو ڕێزیان لای خوا دەبێت.ئەگەر یاخی بێت‌و پێچەوانەی فەرمانەكانی خوا هەنگاو بنێت ئەوا لەبەرچاوی خوا دەكەوێت‌و لەدڵ‌و دەروونی بەندەكانیشدا پایەی نامێنێت ﴿وَاذْكُرْ عِبَادَنَا إبْرَاهِيمَ وَإِسْحَقَ وَيَعْقُوبَ أُوْلِي الأَيْدِي وَالأَبْصَارِ (٤٥) إِنَّا أَخْلَصْنَاهُمْ بِخَالِصَةٍ ذِكْرَى الدَّارِ﴾ ص ٤٥/٤٦، ئەوەتا حەزرەتی علیه السلام لە خوای گەروە داوا دەكات زمانێكی ڕاست گۆیانەی پێی ببەخشێت﴿ وَاجْعَلْ لِي لِسَانَ صِدْقٍ فِي الآخِرِينَ﴾ الشعراء ٨٤ هەروەها خوای گەورە بە پێغەمبەری ئازیزی فەرمووە ﴿وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ﴾ الشرح ٤

١٣. گوناهو تاوان ناوی ناشرین‌و قێزەوەنی لێ دێتە بەرهەم : لە سزای تاوان ئەوەیە خاوەنەكەی ناوی مەدح‌و ڕێزو شكۆیی لێ دادەنرێت و ناوی لۆمەو ناشرینی دەكرێتە بەر لەبری ناوی (بروادار ، خواناس ، چاكەكار ، لەخواترس، زاهید ،....هتد) ئەم ناوە خراپانەی دەدرێتە پاڵ( فاجر، عاصی ، مفسد، خبیث ، دز، داوێن پیس، درۆزن ، ستەمكار ، خائین) ئەمانەش ناوی لە ڕێ دەرچووانن﴿بِئْسَ الاِسْمُ الْفُسُوقُ بَعْدَ الإِيمَانِ﴾ الحجرات ١١ كە دەبێتە مایەی تووڕەیی خوداو چوونە دۆزەخ و ژیانی زەلیلی‌و سوكی‌و ڕیسوایی.

١٤. تاوان ،كار لە ژیری‌و ئەقڵ دەكات: لە سزاكانی تاوان ئەوەیە كار دەكات سەر كەم بوونەوەی ژیری ، دوو كەس ژیر نابن یەكێكیان خواناس

بێتو ئەوی تریان یاخی بێت لە خوا ، بۆیە ژیری و ئەقڵی کەسانی خواناس کامڵترو تەواوترو راو بۆچوونەکانی دروست ترو زیاتر مەبەست دەپێکێتو راستێتی هاوەڵێتی ، هەر بۆیە وتاری قورئان لەگەڵ کەسانی خاوەن عەقڵو ژیریدایە ﴿وَاتَّقُونِي يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ﴾ البقرة ١٩٧ ﴿فَاتَّقُوا اللَّهَ يَا أُولِي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴾ المائدة ١٠٠ ﴿وَمَا يَذَّكَّرُ إِلاَّ أُوْلُوا الأَلْبَابِ﴾ البقرة ٢٦٩ .

١٥. بەهۆی گوناهو تاوانەوە مرۆڤ دوژمنە سەرسەختەکانی بەسەرخۆیدا زاڵ دەکات ، شەیتانی بەسەردا زاڵ دەبێت بە گومڕایی کردنو دوو دڵیو ترس و بیم خستنە دڵو لەبیر کردنی بەرژەوەندیە راستیەکانی و شەیتان بەرەو یاخی بوون و سەرگەردانی دەبات ، شەیتانە مرۆڤەکانیش بەسەریا زاڵ دەبنو ئەزیەتی دەدەن بەنهێنیو ئاشکراو تەنانەت ماڵ ومنداڵو خێزانو کەسوکارو تەنانەت ئاژەڵەکانیشی بەسەریا زاڵ دەبن ئەزیەت بارو نارەحەتی دەکەن ، هەر بۆیە هەندێك لە زانایانی پێشین فەرمویانە ( **إني لأعصي الله فأعرف ذلك في خلق إمرأتي و دابتي** ) ، هەروەها دەروونیخۆی بەسەردا زاڵ دەکات بەرەو تاوانو یاخی بوون دەباتو بۆ کاری خێرو چاکە نەفسی بە قسەی ناکاتو بۆ کاری خراپەش دەروونی ئامادەباش تێدایە.

**١٦. گوناهو تاوان دڵ نابینادەکات:**

یەکێك لە سزا کانی تاوان ئەوەیە دڵ نابینادەکات ، یان بینایی لاواز دەکات ، هەر کات دڵ نابینا بوو یان بینایی لاواز بوو، ئەو کات زانینی رێنمایی و رێنوێنی خودایی لەدەست دەچێتو هەروەها توانای راپەراندنی

ڕێنوێنی خوایی بەسەرخۆیو خەڵکی دا لەدەست دەدات، بە ئەندازەی لاوازی بینایی دڵو دەروونی ........ .

خوا پەرستی کورەو تەنوری دڵو دەروونە ،دڵ ودەروون خاوێنو پاك و بێگەردو لوسو درەوشاوە دەكاتو وەك ئاوێنەی لێ دەكات ، گەر شەیتان ویستی لێی نزیك بێتەوە ئەو پرشنگی ئەو نورە خواییە دەی پێكێتو هەڵ دێت هەروەك چۆن گورگ لە ترسی شێردا هەڵ دێت و نزیكی ئەو ناوە ناكەوێتەوە، تا ئەو ئەندازەی شەیتانەكە تووشی پەركەم دێتو شەیتانەكانی تر بە دەوریدا كۆدەبنەوە، هەندێكیان بە هەندێكیان دەڵێن : ئەوە چیەتی ؟ دەڵێن ئەوە مرۆڤ پێكاویەتی .

شاعیریش لەم بارەوە دەڵێت:

فیا نظرة من قلب حر منور　　　　یكاد لها الشیطان بالنور یحرق

بەلاَم كاتێك دڵ بەهۆی گوناهو تاوانو یاخی بوونەوە بوو بەشەوی تار ، ئەو دڵە دەبێتە شوێنو نیشتمانی شەیتانو بەجێی ناهێڵێتو دەبنە هاوەڵو هاوڕێی یەكتر. خوای گەورەش لە قورئاندا فەرمویەتی ﴿وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمَنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطَاناً فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ وَإِنَّهُمْ لَيَصُدُّونَهُمْ عَنْ السَّبِيلِ وَيَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ مُهْتَدُونَ  حَتَّى إِذَا جَاءَنَا قَالَ يَا لَيْتَ بَيْنِي وَبَيْنَكَ بُعْدَ الْمَشْرِقَيْنِ فَبِئْسَ الْقَرِينُ) وَلَنْ يَنفَعَكُمْ الْيَوْمَ إِذْ ظَلَمْتُمْ أَنَّكُمْ فِي الْعَذَابِ مُشْتَرِكُونَ﴾ الزخرف ٣٩/٣٦. بە واتای كەسێك خۆی كوێر بكات لە ئاستی قورئانو یادی خوای میهرەبان ، ئەوە ئێمە شەیتانێك دەكەینە ملۆزمیو هەمیشە دەبێتە یارو یاوەریو لە گەڵێدا دەبێت ، بێگومان ئەو شەیتانانە، ڕێگەی ڕاستیان لێ دەگرنو وایان لێ دەكەن كەوا بزانن بەدڵنیایی لەسەر ڕێبازێكی چاكو ڕاستن تا ئەو كاتەی خەڵەتا وەكە دێتە لامان (لە قیامەتدا خۆی و

شـــەیتانەکەی ئامـــادە دەکـــرێن بـــۆ لێپرســـینەوە) ئـــەو بەشـــەیتانەکەی دەڵێت( خۆزگە نێوانی منو تۆ بەقـەدەر ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوا لەیـەك دوور بوایە، ئای کە هاورێیەکی نالەبارو خراپە بوویت، ئەمڕۆ ئـەو قسـەو گلـەیی و گازندانــە هــەرگیز ســودتان پــێ ناگەیــەنن (چــونکە) کــاتی خــۆی ئێــوە ستەمتان لـە خۆتـانو خـەڵکیش کـردووە ، ئێسـتا بێگومـان هـەردوولاتان لـە سزاو ئازاردا بەشدارن......

١٧. بەهۆی گوناهو تاوانەوە فریشتەکان دووردەکەونـەوە لـە مـرۆڤ : فریشـتەکان دۆسـتو پشـتیوانیو هـاوەڵی دڵسـۆزی بـڕواداران و خواناسـانن چاکترینو بەسـوودترین دروسـتکراوی خـوان بـۆ بـڕواداران ، بـەڵام بـەهۆی گوناهو تاوانەوە فریشتەکان لەمرۆڤەکان دوور دەکەونەوە.

لەئەسەردا هاتووە( إذا كذب العبد تباعد منة الملك مـيلا مـن نـتن ريحـة) جا ئەگەر فریشتەکان بەهۆی درۆیەکەوە میلێك دووركەونەوە لـە بەنـدەکان ئــەی دەبێــت چــەند دووركەونــەوە بــەهۆی تــاوانو گونــاهو خراپــەکانی تریەوە.......

فریشتەکان خوا نزیکی بڕوادارانو دۆستو پشتیوان و هاوەڵی بڕودارانن لە دونیاو ڕۆژی دواییدا هەروەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿إِنَّ الَّـذِينَ قَـالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمْ الْمَلائِكَةُ أَلاَّ تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ﴾ فصلت ٣١/٣٠.

جا ئەگـەر فریشـتەکان پشـتیوانی و هاوەڵـێ مـرۆڤ بـن، واتـای چاکترینو دڵسۆزترینو خواناس ترین کەس هاوەڵیـەتی ﴿إِذْ يُوحِي رَبُّـكَ إِلَـى الْمَلائِكَـةِ أَنِّـي مَعَكُـمْ فَثَبِّتُـوا الَّـذِينَ آمَنُـوا﴾ الأنفـال ١٢ . فریشـتە بـەرێزەکان لـەکاتی

سەرەمەرگدا بە بەڕواداران دەڵێن ( لا تخف ولا تحزن وأبشر بالذي يسرك) صحيح ألأحاديث القدسية ٢٨٩

جا پێویستە ئەو راستیە بزانینو لە یادی نەکەین کەس نییە ئەوەندەی فریشتە دڵسۆزو بەکەڵك بێت بۆ ئادەمیزاد، فریشتەکان چاکترین هاوەڵن، پشتیوانی مرۆڤن لەکاتی ئاگاییو خەویشدا ، لە ژیانو لەمردنو لەنێو گۆڕیشدا ، لە تەنیاییدا هاوەڵەو شەڕی دوژمنەکانت بۆ دەکات و بەرگریت لێ دەکات بەرەو خێر دەتبات‌و مژدەی چاکەت پێ دەدات لەکاتی نارەحەتیدا لە مرۆڤ نزیك دەبێتەوە.

وتەی رەوا و دروست دەخاتە سەر زمانیەوە ، بەڵام گەر فریشتە لە بەندەکە دوور کەوێتەوەئەوا شەیتان خۆی نزیك دەخاتەوەو وتەی ناشرین ودرۆ و قێزەون دەخاتە سەر زاریەوە.

جا فریشتەکان ئەوەندە دڵسۆزو بە ئەمەك بن بۆ بڕواداران پێویستە رێزیان لێ بگیرێت‌و چونکە میوانو دراوسێی ئازیزن بۆ مرۆڤی باوەڕدار.

جا کەرێزگرتن لە میوانو چاکەکردن لەگەڵی داو چاکەکردن لەگەڵ دراوسێ دا لە پێویستیەکانی ئیمان بێت، جا دەبێت رێزی دراوسێ و میوانە فریشتە ئازیزەکان چۆن بگیرێت، هەر بۆیە هەندێ لە هاوەڵان سەبارەت بەفریشتەکان **فەرمویانە**( إن معكم من لا يفارقكم فاستحيوا منهم وأكرموهم ) خوای گەورەش ئاگاداری بەندەکانی دەکات و دەفەرموێت ﴿وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ كِرَاماً كَاتِبِينَ يَعْلَمُونَ مَا تَفْعَلُونَ﴾ الإنفطار ١٢/١٠ بەواتای بێگومان ئێوە چاودێرتان لەسەر دانراوە لە فریشتە بەرێزە تۆمارکارەکان کە ئاگاو زانان بەهەموو ئەو کردەوەو رەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن.

**سەرچاوەکان:  الـداء والـدواء – ابـن القـیـم الجـوزی  -تەفسـیری ئاسـان-مامۆستا بـرهان محمد -رحله الی الدار الآخره – محمود المصری**

## ئەڵقەی سێیەم

## تەماشا کردنی نامەحرەم

(النظرة سهم من سهام ابليس)

ئەمڕۆ موسوڵمان لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکی تر زیاتر پێویستیان بە پاراستنی چاوو خۆ پاراستن لە بینینی نامەحرەم هەیە، چونکە پیلانێکی تێکدەرانە لە ئاراداهەیەو کەناڵە ئاسمانی و تەلەفزیۆنە نێوخۆیی و ڕۆژنامەو گۆڤارو میدیاکان بە گشتی بەردەوام و بە پێ ی پلانێك ئافرەتی رووت و نیوە ڕووت نمایش دەکەن ، لە ژێر لافیتەی ئازادی و ئەدەبی و هونەری و وەرزشی و .....هتد . جگە لەوەی قازانجێکی مادی بێ شومار بە دەست دێنن ،کۆمەڵگاش چەواشەو گومڕا دەکەن . ستەمی گەورەش لەو ئافرەتانە دەکەن کە فریویان داون ، تا لاشەو جوانی خۆیان نمایش بکەن و خۆیان ڕووت کەنەوەو هەستی سێکسی بەرامبەرەکانیان بوورژێنن ، ئەم ئافرەتانەش لە ڕاستی دا کۆیلەی سپین و کراونەتە کاڵای بازرگانی و جوانی و لاشەیان سەودای پێوە دەکرێت ، مایەی نیگەرانی یە هەندێکیشیان بۆ پەیداکردنی بژێوو ژیانی ڕۆژانە کەوتونەتەنێو ئەو زەڵکاوەوەو ئابڕوو کەسایەتی و شکۆی خۆیان لە دەست داوەو بونەتە ئامرازێکیش بۆ چەواشە کردنی خەڵکی . ئا لەم نێوەندە ئاڵۆزو نا سەقامگیری کۆمەڵایەتیە کە خۆنمایش کردن و ڕووتی بۆتەدیاردەیەکی زەق و باوو ، زیان و کاریگەرێتی یە کانی لە سەر ئاستی تاك و کۆمەڵ بە ڕوونی دیارەو نەوەکانی ئێستاو ئایندەش باجی ئەم حاڵەتە نا ئاسایی یە دەدەن ، ئەوەتا لادان و تاوان و تێکچونی شیرازەی خێزان بوەتە مۆتەکەیەك و سەرو دڵی کۆمەڵگای گرتووەتەوە . ئا لەم بارەدا کەپێوەرەکان ئاوەژو بونەتەوە موسوڵمانان دەبێت وریا تر بن و تێوە نەگلێن و ڕۆڵی ئاینی

و مێـژوویی خۆیـان لـە دەسـت نـەدەن ، جائەگـەر ئـەوە حـاڵی کەناڵـەکان و میـدیاکان و تـا ڕاددەیـەك شـەقام و بـازاڕو شـوێنە گشـتی یـەکان بێـت ، ئـەوا دەخوازێت لە سەر ئاستی خودی خۆ پاراسـتن بکەینـە دروشمـی ژیانمـان و لـە خاڵی یەکەمەوە دەست پێ بکەین ، ئـەویش پاراسـتنی چاوەکانمانە لـە ئاسـت نامەحرەمـدا ، لـە سـەر ئاسـتی کۆمـەڵگاش پێویسـتە بانگـەواز بـۆ پـەیام و بەرنامەکـەی خـوا بکـەین و خـەڵکی بێـدار بکەینـەوە و لـەو پێنـاوەدا درێغـی نەکەین .ئەمە و لە سایەی کۆمەڵگای ئیسلامی دا بازنە و بواری تەماشاکردنی نامەحرەم بەرتەسك دەبێتەوە ، چونکە ژیانی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکـەوە بـەپێ ی بنـەماکانی شـەریعەت ڕێـك دەخرێـت ، ڕاگەیانـدن و میـدیاکانیش خـاوەنی پـەیامن و لەخزمـەتی دۆزی ئـایین و کلتـوری فەرهـەنگی ڕەسـەنی کۆمەڵگان.

دەبێت ئەو ڕاستیە لە یاد نەکەین گەر چاوەکانمان نەپارێزین و بە ڕەهایی جڵـەوی بـۆ شـۆڕ بکـەین ئـەوا توشـی گـەورەترین فیتنـەو تـاقی کردنـەوەو گـومڕایی دەبـین ، زۆرن ئەوانـەی بـە هـۆی ڕوانینـی نـا مەحرەمـەوە توشـی گوناهو تـاوان و لادان هـاتن تەنانـەت کەسـانی خوانـاس و عابیـدیش بـە هـۆی ڕوانینـی نـا مەحرەمـەوە توشـی بـەڵاو گـومڕایی هـاتن ،زۆریـش بـە هـۆی ڕوانینەوە توشی زیناو داوێن پیسی بوون پەنا بە خوا .

چاوەکان ئاوێنەی دڵ و دەرونن گـەر بەنـدەکان چاوەکانیان بپـارێزن دڵـیش ویسـت و حـەزوئارەزووەکان رادەگـرێ بـە پێچـەوانەوە گـەر بەنـدەکان چـاوەکانیان نـەپارێزن و بـەڕەڵای کـەن ، دڵـیش ویسـت و حـەزەکانی بـەڕەڵا دەکات و ئەو کات وێنەی ئەو بینراوانەی کە چاو بینیویـەتی لـە دڵـدا تۆمـارو دەبێت ، دڵیش لە بری یادی خواو کاری چاکە یادی وێنە بینراوەکان دەکات و دەبێتە بەشێك لە حەزو هزرو بیرکردنەوەی .

هەر لە بەر ئەوەی چاوەکان وێنـەکان دەگوازنـەوە بـۆ نێـو دڵ و دەروون و هەست و لە ڕێ ی چاوەکانەوەیە حەزو خولیاکان دەچێتە نیو دەرونەوە هـەر بۆیە پەروەردگاری کار بەجێ بە دەقی قورئـان داوامـان لێ دەکـات چـاوەکانمان بپارێزین﴿ قُلْ لِلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا مِنْ أَبْصَارِهِمْ وَيَحْفَظُوا فُرُوجَهُمْ ذَلِكَ أَزْكَـى لَهُـمْ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا يَصْنَعُونَ (٣٠) وَقُلْ لِلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِـنْ أَبْصَـارِهِنَّ وَيَحْفَظْـنَ فُرُوجَهُنَّ﴾ النور ٣٠-٣١ بە واتای ( ئـەی پێغەمبـەر (ﷺ) بـە پیـاوانی ئیمانـدار بڵێ چاویان بپارێزن(لە سەرنج دانی ئافرەتانی نامەحرەم) هـەروەهاناموس و عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن ، بێ گومان ئەوە پاکترو چاکترە بۆیان (بۆ دڵ و دەرون و ڕۆح و لاشەیان ) بە ڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵس و کـەوت و ڕەفتارانەی کە دەیکەن . بە ئافرەتانی ئیمانداریش بڵـێ چاویان بپـارێزن (لـە تەماشای نامەحرەم ) داوێنی خۆیان بپارێزن لە گوناهە .

لە میانەی ئایەتەکەوە بۆمـان دەرکـەوت خـوای گـەورە داوای لـە بـڕواداران کردوە بە هەردو ڕەگەزی (نێرو مێ) کە چاویان و داوێنیـان بپـارێزن چـونکە خوای گەورە ﴿يَعْلَمُ خَائِنَةَ الأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ﴾ غـافر١٩ بـە واتـای (ئـەو خوایە هەمیشە چاوە خیانەتکارو ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروون و سینەکاندا حەشاردراوە) .

ئەمە و ناکرێت دین داری بڕواداران فریوبـدات و شـەیتان قەناعـەتیان پـێ بکات بەوەی جارجارە تەماشای نامەحرەم بکەن و بڵێن ئەوە تاوانی بچوکە و بەهەنـدێ خواپەرسـتی دەسـڕێتەوە چـونکە پـێ دەچـێت ئـەو تەماشـاکردنە بەرەو دەرەنجامی خراپت ببات .

هەروەك ئاماژەمان پێدا تاوانەکە سەرەتاکەی بە ڕوانین و بینین دەست پێ دەکـات ، هـەر بۆیـە خـوای گـەورە پاراسـتنی چـاوی خسـتۆتە پـێش پاراسـتنی

داوێن ، له بەر ئەوەی هەموو ئەگەرو روداوەکان سەرەتاکەی به بینین دەست پێ دەکات ، هەروەك چۆن ئاگر کەوتنەوەکان له پروسکێکی بچوکەوە دەست پێ دەکات ، ئیمامی(ابن القیم) رەحمەتی خوای لێ بێت فەرمویەتی روانین بنچینەی ئەو روداوانەیه که توشی مرۆڤ دەبێت ، هەر روانین و تەماشاکردنه خەتەرەی دڵی لێ دەکەوێتەوەو خەتەرەش دەبێته بیرۆکەو بیرۆکەش سەر له شەهوەتەوە دەردەکات شەهوەتیش ویست و ئیرادە دروست و به هێزو ئامادەباش دەکات دەبێت تا ئەوەی کرداری زینا روودەدات ، گەر (مانع) ێك رێگری نەبێت ، هەر بۆیه گوتویانه خۆراگرتن له سەر پاراستنی چاو ئاسانتره له ئارام گرتن لەسەر ئازارەکانی دواتری ، هەر وەك شاعیر دەڵێ :

| | |
|---|---|
| كل الحوادث مبدأها من النظر | ومعظم النار من مستصغر الشرر |
| كم نظرة فتكت في قلب صاحبها | فتلك السهام بلا قوس ولا وتر |
| والعبد مادام ذاعين يقلبها | في أعين الغير موقوف على الأخر |
| يسر مقلته ما ضر بهجته | لا مرحبا بسرور عاد بالضرر |

## حوكمی شەرعی له مەڕ تەماشاکرنی نامەحرەم

تەماشاکردنی نامەحرەم ( هەردوو رەگەزبۆیەکتری ) به پێ ی دەقەکانی قورئان و فەرمودەو کۆ دەنگی زانایان حەرامه ( ولما نظر الفضل بن عباس الى امرأة حول نبي وجهه الى الشق الاخر) رواه ابو داود .

ئیمامی ابن القیم لەم بارەیەوە فەرمویەتی ئەمه بەڵگەیه له سەر(منع ) قەدەغه کردن و نکۆڵی کردن لەم کارە، ئەگەر تەماشا کردن ڕێ پێدراو بوایه ئەوا به ڕاشکاوی دانی پێ دادەنرا . له بەر هەستیاری و کاریگەری تەماشاکردنی

نامەحرەم پێغەمبەری خوا (ﷺ) هەمو دەروازەو پاساوێکی داخستوە  لە مەڕ بە ئەنقەست تەماشا کردنی ئافرەتان ، بە مەبەستی پاکیزەیی و خاوێنی و بێ گەردیو چەسپاوی کۆمەڵگای ئیسلامی ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند نمونەیەك دەخەینە روو :

١ـ پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەهی کردوە لە ئافرەتان لە کاتێکدادەچن بۆ مزگەوت خۆیان بۆن خۆش و ئارایشت و ڕازاوە بکەن نەك ببێتە هۆی بزواندن و سەرنج راکێشانی پیاوان ، چونکە گەر ئافرەت رازاوەوبۆن خۆش بوو کار دەکاتە سەر هەست و نەستی پیاوان و فیتنە دروست دەبێت

٢ـ هەروەها نەهی کردوە لەوەی ئافرەت باسی جوانی و لەش و لاری ئافرەتی تر بکات بۆ مێردەکەی چونکە ئەو وەسف کردنە کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر هەست و نەست و دڵ و دەرونی پیاوەکە .

٣ـ هەروەها نەهی کردوە لەسەر دانیشتن و وەستان لە ڕێگاو بانەکاندا ئەوەش تا رادەیەکی زۆر لە بەر پاراستنی چاوە لە تەماشاکردنی نامەحرەم ، گەر وەستانیش بوو دەبێت رەچاوی ئەم بڕگانە بکەن وەك لە فەرمودەکەدا هاتوە (فأعطوا الطريق حقه ، قالوا وما حق الطريق يا رسول الله ؟ قال غض البصر ، وكف الأذى ، ورد السلام، والأمر بالامعروف والنهي عن المنكر ) متفق عليه.

٤ـ ئەمەو خوای گەورە لە قورئاندا نەهی کردوە لەوەی ئافرەتان لە کاتی رۆیشتندا قاچیان دەربخەن و پێ یان بدەن بە زەویدا تا دەنگی خشڵ و پاوانەکانیان بێت و بزانرێت کە زینەتدارو خشڵدارن (ولا يضربن بارجلهن ليعلم ما يخفين من زينتهن ) النور ٣١ .

## چەند فەرمودەیەك سەبارەت بە کاریگەری تەماشاکردنی نامەحرەم

١ـ پیغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمویەتی ( العینان تزنیان وزناهما النظر ) متفق علیة .

٢ـ جەریری کوری عبدالله فەرمویەتی ( سألت رسول الله (ﷺ) عن نظرة الفجاءة فقال أصرف بصرك) رواه مسلم .

٣ـ هەروەها فەرمویەتی ( یا علي لا تتبع النظرة النظرة فان لك الاولى وليست لك الأخرة ) رواه الترمذي وابو داود وحسنه الالبانی .

٤ـ هەروەها فەرمویەتی ( ثلاثة لا ترى أعينهم النار ، عين حرست في سبيل الله وعين بكت من خشية الله وعين كفت عن محارم الله ) رواه الطبراني .

٥ـ وعن ام سلمة (رضي الله عنها قالت :كنت عند رسول الله (ﷺ) وعنده ميمونة فاقبل ابن ام مكتوم ـوذلك بعد ان امرنا بالحجاب - فقال النبي (ﷺ) احتجبا منه ، فقلنا يارسول الله اليس هو اعمى لا يبصرنا ولا يعرفنا ؟ فقال النبي (ﷺ) افعمياوان انتما ؟ الستما تبصرانه ؟ رواه ابو داود والترمذي وقال حديث حسن صحيح .

## هۆکاری چاو نەپاراستن و تەماشاکردنی نامەحرەم

١ـ بێ ئاگایی و لاوازی تەقواو شوێن کەوتنی هەواو ئارەزوو گوێرایەڵی شەیتان و سەربازەکانی .

٢ـ بێ ئاگایی لەدەرەنجامی روانین، کەپێدەچێت بەرەو زیناو هەڵکەڕانەوە لە ئاینیش بڕوات . هەروەك دەڵێن پیاوێك تەماشای ئافرەتێکی گاوری کردووە و حەزی لێکردوە ، ئافرەتەکەش بەمەرجێك رازی بوە شوی پێبکات

کەپیاوەکە لە ئیسلام هەڵگەڕێتـەوە ، پیاوەکـەش لەئیسـلام هەڵدەگەڕێتـەوە و دەبێت بە گاور ، ئائەمەیە بەرهەمی تەماشاکردنی نامەحرەم .

٣_ هەندێك پاڵی لێ دەدەنەوە وچاوەکانیان ناپارێزن و دەڵێن خوای گەورە لێبوردەیەو لێمان خۆش دەبێت ، لە بیریان دەچێت کـە خـوای گـەورە (شـدید العقاب) و خاوەنی سزای سەختی سوتێنەرە .

٤ـ تەماشاکردنی ئەو فلیم و ئەلقەو کۆنسێرت و بەرنامانەی کە لـە کەناڵـە ئاسمانی و ناوخۆیی یەکانەوە پەخش دەکرێت ، پڕە لـە وێنـەی رووت و قـوت و ووروژاندنی سێکسی ، یان خوێندنەوەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە وێنەی ئافرەتی روت یان نیوە روت نمایش دەکەن .

٥ـ دورکەوتنەوە لە ژن هێنان و پێك هێنانی ژیانی هاوسەری.

٦ـ زۆرمانەوە لـەو شـوێنانەی کەتێکـەڵاوی ژن و پیـاوی تێدایـە وەك بـازاڕو شوینە گشتی یەکان و ....هتد.

٧ـ رووت و قوتی ئافرەتان و خـۆ نمـایش کردنیـان لـە نێـو بـازاڕو شـەقام و شوێنەگشتیەکانداو جوانی خۆیان دەردەخەن تا گـەنجو لاوان بۆیـان بـڕوانن و بە زمانی حاڵ دەڵێن فەرمون تەماشامان بکەن .

٨ـ زۆر هەڵس و کەوت و مامەڵە کردن لە گەڵ ئافرەتاندا لە رێگای کڕین و فرۆشتن و کارو فەرماندا .

٩ــ بـونی چـێژو خۆشـیەکی درۆزنانــە لای ئەوانــەی تەماشـای نامــەحرەم دەکەن ، ئەمەش دەرەنجامی بێ ئاگایی و گومڕاییە ، چـونکە ئـەو کەسـەی لـە خوا بترسێو گەورەیی خوای لە دڵ و دەروندا بێت قەت چێژو خۆشی لە شتی حەرام وەرناگرێت .

## دەرەنجامی تەماشا كردنی نامەحرەم

١ـ خراپ بونی دڵ و دەرون : تەماشاكردنی نامەحرەم كار دەكاتەسەر دڵ و دەرون ، هەروەك چۆن تیر كار دەكاتە سەر نێچیری پێكراو گەر نەیگوژێ بێ شك برینداری دەكات یان وەكو پریشكی ئاگر وایە بهاوێژرێتە نێو پوش و پەلاشی وشك گەر هەمووی نەسوتێنێ ئەوا بەشێكی هەر دەسوتێنێ .

٢ــ غافڵ بون لە خواو ڕۆژی دوایی : دڵ گەر سەرقاڵی حەرام و قەدەغەكراوەكان بو، سست و تەمبەڵ دەبێت لە یادی خواو پەیوەست بون بە تاعەتەوە .

٣ـ دابەزینی بەڵاو موسیبەت : عەمری كوڕی موڕە فەرمویەتی تەماشای ئافرەتێكم كردو سەرنجی ڕاكێشام و حەزم لێ كرد دەرەنجام بۆیە كوێر بوم ، دەخوازم تەنها ئەو كوێربونە سزاكەم بێت .

٤ـ لەبیر چونەوەی زانست : دەڵێن یەكێك لە عابیدەكان قورئانی پیرۆزی لە بیر چوبۆوە بەهۆی تەماشا كردنی بۆ غوڵامێكی گاور .

## چەند هۆكارو هەنگاوێكی پێویست بۆ خۆ پاراستن و واز هێنان لە تەماشاكردنی نامەحرەم

١ـ چاودێری و ترسان لە خوا : چاك بزانە ئەو كاتەی دەڕوانیتە كەسانی نامەحرەم خوا دەتبینێ و ئاگای لێتە ، دەتۆش چاوو گوێ و ئەندامەكانی لاشەت بپارێزە .لە هەندێك لە زانایانیان پرسی سەبارەت بە شتێك كە یارمەتیان بدات بۆ پاراستنی چاو ، وتیان (بزانە كە بینینی خوا بۆ تۆ خێراترە لە بینینی تۆ بۆ بینراوەكە )

٢ــ پشت بەستن بە خواو داوای ڕێنوێنی و یارمەتی كردن لێ ی بە مەبەستی خۆپاراستن و دوركەوتنەوە لەتەماشاكردنی نامەحرەم ، ئەوەتا

پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرمویەتی( اللهم اني أعوذ بك من شر سمعي ومن شر بصري، ومن شر لساني ، ومن شر قلبي، ومن شر مني ) گەر خاوەن خێزان نە بوویت ، هەوڵی پێك هێنانی ژیانی هاوسەری بدە و چونکە هاوسەرگیری چارەسەرێکی بە سوودە بۆ پاراستنی چاو لە حەرام هەروەك پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) فەرموویەتی (یا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج فانه اغضى للبصر واحصن للفرج ومن لم يستطع فعليه بالصيام فانه له وجاء ) رواه البخاري .

٣. چاك بزانە تەماشا کردنی ئافرەتی نا مەحرم ستەم و گوناهێکی ئاوێتەو لێکدراوە ، لە لایەك ستەم لە خۆت دەکەی و ستەمێکیش لە ئافرەتەکە و ستەمێکیش لە مێردو کەسوکاری ژنەکە دەکەیت . خەڵکی رازی نین کەتۆ تەماشای ناموسیان بکەیت ، هەروەك چۆن تۆ رازی نیت تەماشای خوشك و دایك و کچەکەت بکەن ،

٤ــ زانینی ئەوەی کە ئاکام خراپی لەوانەیە لەگەڵ تەماشاکردنی نامەحرەمدا یەخەت بگرێت . ئایا دڵنیای لەوەی لەوکاتەدا تەماشای کەسانی نامەحرەم دەکەیت ، مردن بەرۆکت ناگرێ و بەوحاڵەتەوە دەچێتەوە بۆلای پەروەردگار .

٥ ـ چاك بزانە بەردەوام بوون لەسەر تەماشاکردنی نامەحرەم دەگۆرێت بۆ تاوانی گەورە بەپێی بنەمای (( لا صغيرة مع الأصرار ولا كبيرة مع الأستغفار )

٦ ـ بەردەوام بوون لەسەر تۆبەکردن و پەشیمان بوون : تۆبەکار لە گوناهو تاوان وەك ئەوە وایە تاوانی نەبێت هەروەك پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ)

فەرموویەتی ( التائب من الذنب كمن لا ذنب له ، التائب من الذنب حبيب الرحمن ) .

٧ ـ دورکەوتنەوە لە هاوەڵی خراپ ،خوورەفتارو هەڵس و کەوتی دەوروبەر کاریگەریێتی خۆی هەیەو مرۆڤیش لەسەر ڕێبازی هاوەڵەکانیەتی هەروەك شاعیر دەڵێت :

**لاتسأل عن المرء وأسأل قرينه      فأن القرين بالمقارن يقتدي**

بەپێچەوانەوە پێویستە مرۆڤ هاورێیەتی کەسانی خواناس و بۆ خواسوڵحاو بکات و تالێ یەوە بەهرەمەندبێت و کردەوەی چاك فێربێت .

٨ ـ وابەستەبوون بەتەقواو خوا پەرستی یەوە ، لەبەر ئەوەی چاکترین پشت و پەنایەو سەرچاوەی رزگاری و دڵنیایی و بەرەکەتی رزق و رۆزییە (( ومن يتق الله يجعل له مخرجا و يرزقه من حيث لا يحتسب ))

٩ ـ هۆگربوون بەتەماشاکردنی نامەحرەم ،سەر لەخەموو حەسرەتەوە دەردەکات وەك ( حسن ) فەرموویەتی ( من أطلق طرفه طال أسفه )

١٠ ـ چاو نیعمەتێکی گەورەیە خوا بەخشیوەیەتی بەبەندەکانی و سوپاسی گوزاری دەوێت ، سوپاس گوزاری تەواویش ئەوەیە لەروانین حەرام بیپارێزێ .

١١ ـ دوورکەوتنەوە بەپێی توانا لەوشوێن و جێگایانەی کەتێکەڵاوی رووت و قوتی تێدایە ، تادەروازەی شەیتان و دەروون لەسەر خۆت دابخەیت .

١٢- پێش کارکردن دەزگای سەتەلایتەکەت سەرجەم ئەو کەناڵانەی کە ئافرەتان نمایش دەکات و بەرنامەکانی نا دروست و بێ سوودە لای خۆت تۆماری مەکە و گەر هەبوو بیسڕەوە ، نەك بەهۆی بێ ئاگایی یەوە تووشی گوناهو لادان ببیت.

## سوودەکانی پاراستنی چاو

پاراستنی چاو و خۆپارێزی لەروانین، نامەحرەم بەرژوەندی و سودی بێ ئەندازەی هەیە بۆ مرۆڤ ، ئیمامی ابن القیم رەحمەتی خوای لێبێت باسی دەسوودی پاراستنی چاوی بۆ کردووین ئێمەش بەکورتی ئەم سودانەو چەند وانەیەکی تریش دەخەینە روو :

١- پارێزراوی و رزگاری دڵ و دەروون لەژان و ئازاری حەسرەت ، ئەوانەی چاوەکانیان ناپارێزن ئاهو حەسرەتیان بەردەوامە .

٢- دڵ روناك و درەوشاوە دەبێت ، ئەم روناکییە لەچاوو ڕوو ئەندامەکانی تری لاشەدا بەدەردەکەوێت ،بەپێچەوانە ڕوانین تاریکی بەسەر دڵ و دەروون و دەم و چاوو ئەندامەکانی لاشەدا دەدات .

٣ - پاراستنی چاو بەدەست هێنانی - فیراسە - یە ئەمەش بەرهەمێکی باشی خۆپارستنە ، شوجاعی کرمانی فەرموویەتی ( هەرکەس دیوی دەرەوەی ئاوەدانکاتەوە بە پەیوەست بوون بەسوننەتەوەو ، ناخیشی بە بەردەوامی بە چاودێری خوایی تۆکمەبکات ، چاوەکانیشی لەحەرام، دەروونیشی لەشەهوەت بپارێزێت و خواردنی حەڵاڵ بخوات، فیراسەتی هەڵەناکات؟

٤ - رێگاو دەروازەکانی زانستی بۆ والادەبێت و هۆکارەکانی بۆ ئاسان دەبێت . ئەمەش بەهۆی روناکی دڵەوە بەدەست دێت.

٥ - دڵ بەهێزو دامەزراوو ئازا دەکات :هەندێك لە زانایان فەرمویانە خەڵکی داوای عیزەت و شکۆیی دەکەن لە دەرگای پاشاکاندا ، بەلام نایبیننەوە تەنها بە خوا پەرستی و تەقوا نەبێت .

٦ـ دڵ شادومانو بەختەوەر دەکات ، ئەو چێژو خۆشیەی بە هۆی (عفـە) و پـاکیزەیی یـەوە بـە دەسـت دێـت زۆر گـەورەترو بـاڵاترە لـەو خۆشـی و چـێژە درۆزنانەی بە هۆی تەماشاکردنی نامەحرەمەوە بە دی دێت .

٧ـ دڵ ئازادو پارێزراوە دەکات لە کۆیلەیەتی و دیلێتی و شەهوەت: دیل ئەو کەسەیە کە دیلی شەهوەت و ئارەزووەکانیەتی ، هەر کاتێك حەزو ئارەزووو دڵـی دیـل و کۆیلـە کـرد ، ئـەوا بەسـەریا زاڵ دەبێـت و توشـی سـزاو نارەحـەتی و گومڕایی دەکات ، ئەوکات دڵ وەك چۆلەکەیەکی لێ دێت منداڵ یاری پێ بکات ، منداڵەکە یاری بە چۆلەکەکە دەکاتو چۆلەکەکەش بەو گەمەیە سـزاو ئـازار دەچێژێت .

٨ـ دەرگایـەك لـە دەرگاکـانی دۆزەخ دادەخـات : چـونکە روانـین دەروازەی شەهوەتەو بەرەو خراپەکاریت دەبات ،هەر کەسەش چاوی پاراست پارێزراوە ، گەر نەیپاراست ئەوا لە فەوتانەوە نزیکە .

٩ـ پارستنی چاو ژیری بەهێزو گەورەو دامەزراو دەکات : نەپاراستنی چاوو بـەرەڵاکردنی ، پیشـەی کەسـانێکە کـە ژیریـان لاوازەو سـەرەڕۆو کـاڵ فـامن و تێبینی دوا رۆژ ناکەن .

١٠ـ دڵ خاوێن دەکاتەوە لە شەهوەت و بێ ئاگایی .

١١ـ پاراستنی چاو خۆشەویستی خوا دەخاتە نێو دڵ و دەرونەوە : حەسەنی کـوڕی موجاهـد فەرمویـەتی : پارسـتنی چـاو لـە حـەرام  خۆشەویسـتی خـوا دەخاتە دڵەوە .

١٢ـ دانایی : ابو الحسن الوراق فەرمویـەتی : هـەر کـەس چـاوی بپـارێزێ لـە تەماشـاکردنی نامـەحرەم خـوای گـەورە حیکمـەت و دانـایی پـێ دەبەخشـێ و دەیخاتـە سـەر زمانیـەوە ، ئامۆژگـاری و رێنـوێنی هـەر کەسـێك دەکـات لێ ی وەردەگرن و کاریان تێ دەکات  .

١٣ـ پاراستنی چاو : دڵ رام دێنێ بۆ بیر کردنەوە لە بەرژەوەندی و خەریك بـون بـە کـاری بـە سـودو ئـەو شـتانەی کـە لـە رۆژی دوایـی دا مـرۆڤ لێ ی بەهرەمەند دەبێت .

لە کۆتـایی دا دەڵـێین : اللـهم اجعلنـا مـن الـذین یسـتمعون القـول فیتبعـون احسنه ومن الذین یقولون سمعنا واطعنا، اللـهم ارزقنـا الهـدى والتقـى والعفـاف والغنى الهم انا نسألك خشیتك في الغیب والشهادة ، آمین

سەرچاوەکان


١- تەفسیری ئاسان – م. برهان محمد أمین .

٢- ریاض الصالحین .

٣- کف بصرك عن الحرام – لە ئەنتەرنێتەوە وەرگیراوە .

٤- چەند سەرچاوەیەکی تر .

## ئەڵقەی چوارەم

## بە خۆداچوونەوە وخۆسازدان ئەرکی هەنوکەیی مانە !!

راستەوخۆو بێ بەرایی لەم بابەتە هەستیارو هەنوکەییە دەدوێین کەبریتیە لەهەڵوێستە وبەخۆداچونەوەیەك و ئاراستەی ئەو بانگ خوازو خەمخۆرانەی رابوونی ئیسلامی دەکەین لەکوردستاندا، کەرۆژێك لەرۆژان دڵسۆزانەو چالاکانە کاری پەروەردە و بانگەوازیان ئەنجام داوەو شەوورۆژیان خستۆتە سەریەك لەپێناوی رەزامەندی پەروەردگارو شکۆیی پەیامەناوازەکەی، بەلاّم مەخابن بەهۆی هەلومەرجی خودی وبابەتیەوە چەندین بانگخوازو کەسایەتی چالاك توشی ساردبونەوەو دورەپەرێزیو سستی و لاوازی بونەو پاساوو بیانوو بۆکارەکەیان دەهێننەوە و وای بۆدەچن کەپاساوەکانیان دروست و گونجاو و رێپێدراوە ،تیشك خستنە سەر ئەم بابەتەو دەست نیشان کردنیئەو جۆرە پاساوانە و وەلاّمدانەوەیەکی دروست بۆیان دەچێتە خانەی ئەرکی ئەم قۆناغە مێژوویییەی کەرابونی ئیسلامی پێداگوزەردەکات ، جا پێویستە ئەم جۆرە باسانە سەر پێیانە بە سەریدا تێپەرنەبین و رووکەشانە لێی نەروانین، بەڵکو بیکەینە وێستگەی بەخۆداچونەوەو تێرامان بۆکارو پرۆژەی ئایندە، دوای ئەم دەست پێکە کورتە ئاماژە بەگرنگترین و دیار ترین و باوترینی ئەو پۆزش و پاساوانە دەدەین ؛کەخەڵکانی سست و بەجێ ماو وماندو لەکاروبانگەوازی ئیسلامی وابەستەی بونە وەك بیانویەك بەکاری دێنن بۆئەو حاڵەتە نائاسایی و نادروستەی کەتێی کەوتوون.

**١-بیانوی تەمەن زۆری :**

هەنـدێك تەمـەن زۆری دەكەنـە پاسـاوو دەڵـێن تەمـەنمان بەسـەربردوو ئێسكمان نەرم بوو، ئەوەی لەرابردودا كردوومانـە بەسمانـە ،پـێ دەچـێت ئـەو كەسانە وابزانن بانگەواز كردن بۆدینی خوا لەوتەمەنەدا خانەنشینی بەشوێن دا دێت، دەبێت ئەو راستییە بزانرێت كاروانی رابون و بانگەواز بەردەوامـە و كۆتاییەكـەی بەهەشـتی بەرینـە كـردەوەی چـاكیش بەنـد نیـە بەتەمـەنێكی دیاری كراو هەر وەك پەروەردگاری كار بەجێ فەرمویەتی ﴿وَاعْبُدْ رَبَّكَ حَتَّـى يَأْتِيَكَ الْـيَقِينُ﴾ الحجـر (٩٩) بـەواتای بـەردەوام پـەروەردگارت بپەرسـتە هـەتا مردن یەخەت پێ دەگرێت(ئەو كات ئیتر بەیەكجاری ڕزگارت دەبێت لەهەموو ناخۆشیەكان ) ئەوەتا حەسەنی بەسری ڕەحمەتی خوای لێبێـت فەرموویـەتی خودا كاتێكی دیاری نەكردووە بۆ بەنـدەكانی بـۆ ئەنجامـدانی كـردەوەی چـاك وەك سـنورێك، مـەرگ نـەبێت، حـەزرەتی عائیشـە خـوای لێ ڕازی بێـت فەرمویـەتی (وەرەقـەی كـوڕی نەوفـەل وتویـەتی بـە پێغەمبـەری ئـازیز ﷺ ((وان يدركني يومك انصرك نصرا مؤزرا مع كبر سنه وذهاب بصره، وقد تمنى ان يكون فيها جذعا قويا فيكون نفعه اكبر واثـره اكثـر ))  لەگـەڵ تەمـەنی زۆری و نابینایيـدا هیـوای خواسـتوە گـەر تەمـەن بـواری بـداو ئـەو ڕۆژە ببینـێ و پشتیوانی پێغەمبەری خوابێت ﷺ.

ئـەبو تەڵحـەی ئەنساری كاتێـك سـورەتی (توبـة) ی دەخوێنـدەوە كاتێـك گەشـتە ئـەم ئایەتـە (انفـروا خفافـا وثقـالا) فـەرمووی پـەروەردگارمان پـیرو لاومانی دەوێت ئامادە باش بین ،داوای لە كوڕەكانی كرد كەرەستەی بۆ ئامـادە وسازبكەن ،تا بچێت بۆ جیهاد كوڕەكانی پێیـان ووت خـوا لێـت خـۆش بێـت

لەگـەڵ پێغەمبـەری خـودا ﷺ جیهـادت کـرد تاوەفـاتی کـرد و دواتـر لەگـەڵ ابوبکروعمر(خوایان لێ رازی بێت )جیهادت کردتالـەدونیا دەرچـون، ئێمـەش لــەبری تــۆ غەزادەکــەین ،ئــەویش قبــوڵی نــەکرد و خــۆی ئامــادەکردو سواریکەشتی بوو لەنێوی دا کۆچی دوای کرد،ئەوە بـوو دورگەیـەکیان دەست نەکەوت بینێژن تا حـەوت رۆژی بەسـەردا تێپـەڕی بـەلاَم لاشـە بێگەردەکـەی نەگۆڕابوو ئینجاناشتیان .

ئیمـامی شـافیعی ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت فەرموویـەتی - طلـب الراحـة في الدنيا لايصلح لاهل المروءات فان احدهم لم يزل تعبانا فى كل زمان )بە واتـای خواســتن وداواکردنــی خۆشــگوزەرانیو حەســانەوە ناشــێت بۆکەڵــەپیاوان چونکەهەریەك لەمانەلەهەمووئانوو ساتێکداماندووشەکەتن ،لەپێناوی خوادا.

پرسیاریان لەیەکێك لەزاهیـدەکان کـرد ئایـا موسڵمان دەبێتـە هەڵبـژاردەی خوای گەورە ئەویش فەرمووی (اذا خلع الراحة، واعطى المجهود في الطاعـة )) بەواتای دابڕان و وازهێنـان لەحەسانەوە و خـۆش گـوزەرانی و بەگەڕخستنی ووزەو تواناکان لەخواپەرستی دا.

بەئیمامی ئەحمەدیان ووت ڕەحمەتی خوای لێبێت بەندەکان کەی تـام و چـێژی حەسـانەوە دەکـەن فـەرمووی (عنـد اول قـدم يضـعها فـى الجنـة ) لەیەکەم هەنگاویدا کە دەینێتە بەهەشتەوە .

ئەمــەو گــەر بڕوانینــە ژیــان نامــەی پێغەمبــەران (ســلاَوی خوایــان لێبێت).دەبینین زۆرینـەیان دوای تەمـەنی چـل ساڵی خـوای گـەورە ڕەوانـەی کردون بۆ سەر نەتەوەکانیان و لەنێو بانگەوازەکەیاندا بوون تاکۆچی دواییـان کردووە .

ئەمەو پرسیاریان لەحوزەیفە کرد سەبارەت مرددوی زیندوو ئەویش فەرمووی ((الذی لاینکر المنکر بیده ولا بلسانه ولا بقلبه )).لە میانەی ئەم دەست پێکەوە بۆمان دەرکەوت تەمەنداری پاساوی نیە بۆ دورە پەرێزی و خۆدزینەوە لەکاری ئیسلامی .

**٢-هەندێك سەر قاڵی کارو کاسبی و پەیداکردنی رزق و ڕۆزی وزۆربەی کاتەکانی ژیانیان بۆ ئەمە تەرخان دەکەن ،بە پاساوی بەخێوکردنی ماڵو منداڵ و گوزەران**

لەیادیان چووە کە رزق دانراوەو پەیداکردنی رزق و ڕۆزی و کارکردن وای نەکردووە هاوەڵان و پێشینی ئەم ئومەتە لەبانگەوازی ئیسلامی دوور کەونەوەو هاوبەشی کارا نەکەن لەکاری خێرو چاك سازیدا .پێغەمبەری ئازیز (ﷺ)فەرموویەتی (....انه لن تموت نفس حتی تستكمل رزقها فاتقو الله واجملوا فی الطلب ،ولا یحلمنكم استبطاء الرزق ان تطلبوه بمعصیة الله فان ماعند الله لا ینال الابطاعته ))رواه ابن ماجه وابن حبان والحاكم وابو نعیم وغیرهما ...بەواتای هیچ کەسێك نامرێت تائەو رزق ورۆزییەی کەخوای گەورە بۆی داناوە تەواوی نەکات لەخوا بترسن و سنورەکانی بپارێزن و بەجوانی داوای لێبکەن وا گومان نەبەن کە ڕۆزیتان کەم بێت ، بەتاوان و یاخی بونەوە داوای لێ مەکەن بزانن ئەوەی لای خوای گەورەیە بە خواپەرستی و خواناسی بەدەست دێت .

ئیمامیابن القیم ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی ((جمع النبی(ﷺ) فی قوله/: فاتقو الله واجملوا فی الطلب مصالح الدنیاولاخرة نعیمها ولذاتها ان ماینال بتقوی الله وراحة القلب والبدن وترك الاهتمام والحرص الشدید والتعب والعناء ،والكد والشقاء فی طلب الدنیا ،انما ینال بالاجمال فی الطلب .فمن اتقی الله فاز بلذة الاخرة و نعیمها ومن اجمل فی الطلب استراح من نكد الدنیا

وهمومها فاالله المستعان)) به واتـای لـه خـوا بترسـن و سـنورەکانی بپـارێزن بـه جـوانی و دروسـتی لـه پـەروەردگار بپاڕێنـەوە داوای پێویسـتییەکانی دونیـا و رۆژی دواییـی و نیعمەتـەکانی لێ بکـەن، ئـەوەی دەسـت دەخرێـت و بەدەسـت دێـت بەتـەقوا و خواپەرسـتی بـریتی یـە لـه دڵ ئـارامی وحەسـانەوەی لاشـەو بایەخنەدان و سوورنەبوون بۆبەدەست هێنانی دونیا و ماندوبوون و شەکەتی و بەدبـەختی لـه پێناوی‌دا، هـەموو ئەمانـه بەدەسـتدێت بەمـەرجی جـوان داواکردن و پاڕانەوە لە پەروەردگار، ئەوەی لەخوابترسێت چێژوخۆشـی دونیـا و قییامەتی دەست دەکـەوێت ئـەوەی بـەجوانی و دروسـتی داوا لـەخودا بکات لەنارەحەتیەو پەژارەی دونیا پارێزراو دەبێت.

ئیمـامی مالیـك ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت فەرموویـەتی ((بقـدرما مـاتحزن للدنيا كذلك يخرج هم الاخرة من قلبك وبقدر مـاتحزن للاخـرة كـذلك يخـرج هـم الـدنيا مـن قلبـك) بـەواتای هێنـدەی ئـەوەی خـەمبار دەبیـت بـۆ ژیـانی دونیاخەمی دوارۆژت لەدڵ دەردەچێت ،وەبەئەندازەی خەمخۆریت بۆقییامەت خەموپەژارەی دونیا لەدڵتدا دەردەچێت ..

ئەمەو خوای گەورە فەرموویـەتی ﴿فِي بُيُوتٍ أَذِنَ اللَّهُ أَنْ تُرْفَعَ وَيُـذْكَرَ فِيهَـا اسْمُهُ يُسَبِّحُ لَهُ فِيهَا بِالْغُدُوِّ وَالآصَالِ رِجَالٌ لا تُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلا بَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّـهِ وَإِقَامِ الصَّلاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ يَخَافُونَ يَوْماً تَتَقَلَّبُ فِيهِ الْقُلُوبُ وَالأَبْصَـارُ﴾. سـورەتی نور (٣٦-٣٧) بەواتای لەچەند ماڵێکدا کە(مزگەوتـەکانن) خـوا فـەرمانی داوە کەدروست بکرێن و بەرز بکرێنەوە و ناوی پیرۆزی ئەوی تیادا ببرێـت (نوێـژو قورئان و وانەی ئـایینی تیـادا ئـەنجام بـدرێت )و سـتایش و تەسـبیحاتی تیـادا بکرێـت لەبـەیانیان و دەمـەو ئێوارانـدا .پیاوانێـك ستایشـی خوادەکـەن لـەو مزگەوتانـەدا کـەبازرگانی و کـڕین و فرۆسشـتن سـەرگەرمیان ناکـات و غافـڵ

نـابن لـەیادی خـواو ئەنجامـدانی نوێـژەکان و بەخشـینی زەکـات و لـەڕۆژێك دەترسن کەدڵان و چاوان ئاوەژودەبن (لەترس و هەیبەتی ئەو ڕۆژە).

**٣-خــەریك بــوون بــە فەرمانبــەری و موچــە خۆرییــەوە** : ئەمـەش کاتـە زێرینەکانی ژیـان دەبـاتو پاساو دەهێنرێتـەوە کەبـەهۆی وەزیفـەوە ناتوانێـت بەشداری کاری ئیسلامی بکات و بانگەواز بکات جاری واهەیە ئەو کەسە خۆی فریو دەدات و دەڵێت وەزیفەو کارەکان لەچوارچێوەوی بانگـەواز دایـە کەچـی نـەفرمانی پێـدەکرێت بەچـاکەو نـەرێ گـری پـێ دەکرێـت لەخراپـە، راسـتە وەزیفە شێوازێکە بۆ بانگەوازوخزمەت کردن بەجەماوەر گـەر بتوانرێت لـەو بارەوە سودی لێ وەرگیرێت و بەکاربهێنرێت .

سوفیانی کوڕی عوبەینە فەرمویەتی ((مـن اصلـح مابینـه وبـین الله :اصلح الله مابینه وبین الناس ومن عمل لاخرته کفاه الله امر دنیاه)).بەواتای ئـەوەی نێوان خۆی و خودای چاك بکات پەروەردگار نێوان ئەوو خەڵکی چـاك دەکـات هەرکەسێك کـاربۆدوارۆژی بکـات خـوای گـەورەی بەسـەبۆکاری دونیـای... جـا لەڕاستیدا وەزیفەو فەرمانبەری ڕێگر نین لەبەردەم بانگەوازو کاری ئیسلامی دا، موسڵمان لەهـەر ناوەنـدو شـوێنێکدا بێـت دەتوانێـت ڕۆڵـی خـۆی ببینێـت وبـەپێیی توانـا کاربکـات ،ئەمەولەدابەشـکردنی کاتەکانیـدا بەشـی بانگـەواز و کاری ئیسلامی فەرامۆش نەکات.

**٤-بواردان بەکەسانی تر :هەنـدێك لەوانـەی توشـی سسـتی و سـاردبونەوە هاتوون**: دەڵێن دەکرێت بوار بڕەخسێت بۆکەسـان تـر تـا ڕۆلی خۆیـان ببیـنن لەکارو بانگـەوازی ئیسلامی دا وەك ئـەوەی بـواری بانگـەوازو کـاری ئیسلامی زۆر قەرەباڵغ بێت و پێویست کات هەندێکیان پشویەك بدەن و بوار بۆ هاوڕێ یانیان بڕەخسێنن .

ئایا ئەو جۆرە کەسانەی هانا بۆ پاساوە بێ ناوەڕۆکەکەیان دەبەن لەبواری ژیانی دونیاو کارو کاسبی و پارە پەیداکردندا ئاوها بوار بۆ کەسانی تر دەرەخسێنن و گۆڕەپانیان بۆچۆڵ دەکەن تاخەڵکی تر کاربکات وسامانی زیاتر پەیدا بکات .خوای گەورە فەرموویەتی ﴿وَفِي ذَلِكَ فَلْيَتَنَافَسْ الْمُتَنَافِسُونَ﴾ المطففين (٢٦) جالەپێناوی ئەوەدا پێشبڕکێ کەران پێشبڕکێ دەکەن .هەروەها فەرموویەتی ﴿وَسَارِعُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ رَبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالأَرْضُ أُعِدَّتْ لِلْمُتَّقِينَ﴾ آل عمران(١٣٣) بە پەلە بن و پێش بڕکێ بکەن تادەگەنە لی ٚخۆش بوونی پەروەردگارتان و بەهەشتێك کە پانایيەکەی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادە کراوە بۆ پارێزکاران . لە میانەی ئەم دەقە پیرۆزانەوە بۆمان دەرکەوت ،ئەم پاساوەش وەك ئەوانی دی بڵقی سەرئاوەو خۆفریودانە ،لەتەرازوی دادی خوداداهیچ سەنگێکی نیە .

٥-**هەندێك دەڵێن لەکاروان بەجێ ماوین و تازە ناتوانین کاربکەین** و شێواز و کاتەکان گۆڕاون‌و لەم بارو هەل و مەرجەدا ناتوانین کاری بانگەوازی بکەین .ئەمەش لە لاوازی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی‌و سستی ووزەو حەماسەوە سەرچاوەی گرتووە .

مالیکی کوڕی دینا ر فەرموویەتی ((ان صدور المومنين تغلی باعمال البر وان صدور الفجار تغلی باعمال الفجور)) بەواتای دڵ ودەروونی بڕواداران دەخرۆشێ‌بەکاری چاکە، دڵێ لەڕێ دەرچوان دەجۆشێ‌بەکاری‌گوناهو تاوان، گەر دڵی ئەو کەسانە بخرۆشێ یان پەژارەو خەمی دوارۆژی تێدابێت دەزانێت چۆن خزمەتی ئاینەکەی بکات .

٦-**خەریك بوون بە ڕەخنەگرتنی بێ‌بنەما لەکەسانی تر**/ دەڵێن فلان لەوتنەوەی وانەدا لاوازە فلانەکەس لەنوسین داوانییە، فلانە فیسار ناتوانێت

سەرپەرشتی هیچ کارێك بکات .بۆیە دەبینین کەسانێك خۆیان هیچیان لەباردا نیەو بەلام بەڕاست و چەپدا تانەو تەشەرە لەبانگ خوازو کارکەران دەدەن .

ئەوزاعی ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرمویەتی ((ان المؤمن يقول قليلا ويعمل كثيرا وان المنافق يتكلم كثيرا ويعمل قليلا ))بەواتای بڕوادارکەم دەڵێتوکاری زۆردەکات بەلاّم دوو روو زۆر دەلێتو کاری کەم دەکات ..

ئەو جۆرە کەسانە شتە جوانەکان نابینن و باسی ناکەن بەلاّم هەلسوکەوت و کەم و کورتییەکان بەزیادەوە بلاّو دەکەنەوە .شتی بچوك گەورە دەکەنەوە وەك شاعیر دەڵێت :

*وتعذر نفسك اذا ما اسأت وغيرك بالعذرلاتعذر*

*وتبصر فى العين منه القذى وفى عينك الجذع لا تبصر*

*وكيف ترى فى عين صاحبك القذى ويخفى قذى عينيك وهو عظيم*

واتا پۆزش بۆخۆت دێنێتەوە ئەگەر هەڵە یان خراپەیەکت کرد بەلاّم بۆ کەسانی تر پۆزش ناهێنیتەوە ، لەچاوی کەسانی تردا پوش دەبینیت بەلاّم لەچاوی خۆتدا لقەداریش نابینیت ،چۆنەوا لەچاوی هاوەڵەکەدا پوش دەبینیت بەلاّ پوشی چاوی خۆت دەشاریتەوە کە زۆر گەورەیە .

**٧-هەندێك زۆر هەستیارن و ڕەخنەو گلەیی قبولّ ناکەن:** نایانەوێ ڕەخنەیان لێبگیرێ یان لێپێچینەوەیان لەگەڵدابکرێت گەر ڕووبوڕوی ڕەخنەو گلەیی و پرسیار بونەوە واز دێنێن و دوور دەکەونەوە لەکاری بانگەوازی ،هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کەئەو کەسە هەست بەشکست دەکات ،کەناتوانێت بەچاکی کارەکانی بکات ،یان وادەزانێت لەئاست و

پلەیەکدایە ناکرێت ڕەخنەی لێ بگیرێت ،یان وای لێك دەداتەوە کەفلان کەس چۆن دەبێ ڕێنمویی بکات و ڕەخنەی لێبگرێت .

ئەم لێکدانەوە وبۆچونانە لەکوێ و ووتە زێڕینەکەی عمری کوڕی خەتاب لەکوێ کەفەرمویەتی ((رحم الله امرئً أهدى الينا عيوبنا )).

عومەری کوڕی عبدالعزیز ڕحمەتی خودای لێبێت بەمزاحم دەڵێت ((ان الولاة جعلوا العيون على العوام، وانا أجعل عيني على نفسي، فان سمعته في كلمة تربأ بي عنها، أو فعلا لا تحبه، فعظني عنده و انهني عنه ))..کاربەدەستان چاویان لەسەر خەڵکییەبەلاّم من چاوم لەسەرخۆم دادەنێم گەرووشەیەکت بیست وبەهۆیەوە بەگومانی لێم، یاکردارێك پێت ناخۆشبێت ئامۆژگاریم بکەودوورم خەرەوە لێی ..

بیلال بەهاوەڵەکەی دەڵێت (بلغني ان المومن مراة اخيه ،فهل تستريب من امرى شيئاً)) بەواتای بڕوادار دەبێت ئاوێنەبێت بۆ براکەی وهەر سەرنج و تێبینی و ڕەخنەیەکی هەبوو دڵسۆزانەو بەشێوازێکی گونجاو پێی ڕاگەیەنێت .هەندێك لەزانایانی پێشین فەرموویانە(( من حق العاقل ان يضيف الى رأيه اراء العلماء ويجمع الى عقله عقول الحكماء فالرأى الفد ربما زل والعقل الفرد ربما ضل )) بەواتای کەسی ژیر ئەو کەسەیە کەبەهرەمەند بێت لەڕای زانایان سودی لێ وەربگرێت، هەروەها سود لەژیری دانایان وەربگرێت و بیخاتە پاڵ بەهرەو ژیریەکانی خۆی چونکە ڕای تاکەکەسی پێدەچێت نەیپێکێت ژیری خودی لەوانەیە گومڕای بکات .

٨-**هەندێك توشی ڕوخان دەبن چونکە سوپاس ناکرێن و باس ناکرێن**: وەك ئەوەی کارەکانیان بۆ خەڵکی بێت :دەڵێن کەس نیە ڕێزی تواناو کۆشش و بەرهەممان بزانێت و ڕێزی بانگخوازان بگرێت و هەریەکە لەئاست و پلەی

خۆیدا دابنێت ،ئەم ووتانە هەرچەند ڕاست و دروست بن بەڵام پاساو نین بۆ کارنەکردن و داڕوخان ڕەبیعی کوڕی خەیسەم فەرمویەتی ((کل مالا یراد بە وجە الله :یضمحل )) بەواتای هەرشتێك مەبەست تێیدا ڕەزامەندی خوا نەبێت نامێنێت و لەناو دەچێت .

گەیلانی ڕەحمەتی خودای لێبێت فەرمویەتی ((یاغلام فقه اللسان بلاعمل القلب لایخطیك الی الحق خطوة ،السیرسیر القلب )) بەواتای ئەیغولاّم قسە زانی و زمان پاراوی بێ کردەوەو کاری دڵ ڕێنماییت ناکات بۆ حەق بەهەنگاوێکیش بێت چون بۆلای خوا چونە بەدڵ و دەرونەوە . ابن الجوزی ڕەحمەتی خودای لێبێت فەرمویەتی ((والصدق فی الطلب منار أین وجد یدل علی الجادة وانما یتعثر من لم یخلص))بەواتای ڕاست گۆیی لەداوا کردند،اوەك بڵند گۆیەك وایەو لەهەر شوێنێکدا بینرا بەڵگەیە لەسەر ڕاستە ڕێی، بەلاّم ئەوانەی دڵسۆز نین لەڕێگادا پەکیان دەکەوێت. خوای کاربەجێ فەرمویەتی ﴿إِنَّمَا نُطْعِمُكُمْ لِوَجْهِ اللَّهِ لا نُرِيدُ مِنْكُمْ جَزَاءً وَلا شُكُوراً﴾ الانسان (٩) بێ گومان ئێمە ئەم خۆراکەتان هەر لەبەر خواو بۆ بە دەست هێنانی ڕەزامەندی ئەو پێ دەبەخشین ،نەپاداشتمان لێتان دەوێت و نەسوپاس .

**٩-هەندێك کەس هەرماوەو ڕوودەکەنە زانایەك ،یان لایەنێکی ئیسلامی یان دیدو بۆچونێکی دیاری کراو** ئەم کەسانە دودڵ و ڕاڕان وهەر جارێك لەسەر ڕەوتێك دەبن و دەرەنجام توشی ماندووبون و سستیدەبن، جاری واهەیە بەتەواوی دووردەکەونەوە لەبانگەوازی ئیسلامی یان توشی گومان دەبن لەڕاو بۆچون و ڕەوت و کاریان و گومان لەهەموو دەوروبەری خۆیان دەکەن .

دامەزراوی لە سەر ڕێباز و ڕەوتێکی دروست خێری دونیاو ڕۆژی دوایی مرۆڤی تیایەو دەتپارێزێت لەدودڵی و دڵە ڕاوکێ و رارایی و پەت پەتێن ،گەر

بزانيت لەسەر حەقيت و پەيوەستيت بـەقورئان و فـەرمودەوە ،هـيچ فيتنـەو تاقيكردنەوەيـەك لەسـەر ڕێبـازی دروسـت لاوازت ناكـات و تـاقی كردنـەوەكان نات وەستێنن ، كەس زيانت پێناگەيەنێت .

**١٠-ترسان لەخەڵكی :**

هەنـدێك واسواسـەی شـەيتان فريـوی داون ، ترسـان لـە خـەڵكی لەدڵيانـدا چەسپيوە و سڵ دەكەنەوە و زۆر كاری خێرو چاكەو فەرمان بەچاكەو ڕێگـری لەخراپە واز لێدێنن دەرونيان لەسەر ئەمە ڕادێنن وكزۆڵ و دورە پەرێزدەبن لەبانگەواز و كاری ئيسلامی .خوای گەورە فەرمويـەتی﴿ إِنَّمَا ذَلِكُـمْ الشَّـيْطَانُ يُخَوِّفُ أَوْلِيَاءَهُ فَلا تَخَافُوهُمْ وَخَافُونِي إِنْ كُنْـتُمْ مُـؤْمِنِينَ﴾ آل عمـران (١٧٥) ئـەوە بەڕاسـتی تـەنها شـەيتانە ياوەرەكـانی خـۆی دەترسـێنێت ،ئێـوەی (ئيمانـدار) لێيان مەترسن ،بەڵكو هەر لـەمن بترسـن ئەگـەر ئيمانـدارن (بێگومـان ترسـان لەخوا ئاسودەيی و ئارامی دەبەخشێت بەئيماندار ).

ئيمامی ابن القيم فەرمويەتی ((ومتى شهد العبد ان ناصيته ونواصي العباد كلها بيده الله وحده يصرفهم كيف يشاء لم يخفهم بعـد ذلـك ولم يـرجهم ولم ينزلهم منزلـة الما لكين ،بـل منزلـة عبـد مقهورين مربـوبين المتصـرف فـيهم سواهم ،والمدبر لهم غيرهم ،فمن شهد نفسه بهذا المشهد صار فقـره وضـرورته الى ربه وصفا لازما له ،متى شهد الناس كذلك لم يفتقـر الـيهم ولم يعلـق املـه ورجائه بهم فاستقام توحيده وتوكله وعبوديته ولهذا قـال هـود لقومـه ﴿إِنِّـي تَوَكَّلْتُ عَلَى اللَّهِ رَبِّي وَرَبِّكُمْ مَا مِنْ دَابَّةٍ إِلاَّ هُوَ آخِذٌ بِنَاصِيَتِهَا إِنَّ رَبِّي عَلَى صِرَاطٍ مُسْـتَقِيمٍ﴾ هـود (٥٦) بـەواتای هـەر كاتێـك بەنـدەكان زانيـان جڵـەوی خۆيـان وبەنــدەكان هــەموو بەدەســت پەروەردگارەوەيــەو چــۆن ويســتی واهــەڵيان دەسوڕێنێ ئەو كات ئەو بەندانە لەكەس ناترسـن و تكـاو ڕجـا لەكـەس ناكـەن

**ولەئاست و پایەی خاوەن دەستەلأتدا دایان نانێن ،بەڵکو لەپایەی بەنـدەی بـێ دەستەلأتدا دایان دەنێن چونکە لاوازن و تەنانەت کەسانی تـر کاروباریـان بـۆ مەیسەر دەکات .ئـەوەی وابـو لەبەنـدەکان ئـەو کـات خـۆی بەهـەژار دەزانێـت بەرامبـەر پـەروەردگاری و پێویسـتی بەپـەروەردگاری بۆتـە سـیفات و سـیمای بنــەڕەتی بــۆی ،هەربۆیــە داوای پێویســتیەکانی لەخــەڵکی ناکـات و هیــواو خواسـت و تکاکـانی بەوانــەوە نابەسـتێت ،بــەڵکو دامــەزراوی یەکتاپەرسـتەو پشت بەستن و بەندایەتی هەر بۆ پەروەردگاری دەکات نەك کەسانی تر، هـەر لــەم دەروازەوە حــەزرەتی هــود ســەلامی خــوای لێبێــت بەنەتەوەکــەی دەڵێتــی :بەڕاســتی مــن پشــتم بــەخوا بەســتووە ،کەپــەروەردگاری مــن و پــەروەردگاری ئێوەشــە ،هــیچ گیــان لەبــەرێك نیــە جڵــەوی بەدەســت خــوای گـەورەوە نـەبێت ،بێگومـان پـەروەردگارم لەسـەر بنـەماو ڕێبـازێکی ڕاسـت و دروستە .**

١١ . **هەندێك لەوانەی کە دوورە پەرێزن لەکارو بانگــەوازی ئیسـلامی** پاسـاوی ئەوە دێننەوە کەوا کێشەی خەڵکی بریتی نییە لـە نـەزانی ونـەفامی وتێنەگەیشـتنی دەق‌و حوکمە شەرعییەکان، تا پێویستیان بە فێربوون‌و بانگەوازو بەرچـاو روونـی هەبێت ، بەڵکو بە بۆچوونی ئەو جۆرە کەسانە خەڵکی یاخی‌و سەر کەش‌و لایان داوە ، لـەسەنگەری دژ بەهەقدان. حوکمە شەرعییەکان دەزانن کەچی فەرامۆشـی دەکەن ، ئایا بەرهەمی فێرکردن و روون کردنەوە چیەیە بۆیان لـە کاتێکدا ئـەوان دەزانن ، بەرچاو روونیان دەکەیتەوە بەشتانێك کە نامۆ نین پێی ، بەڵام دەبێت ئەو راستییە بزانین کە خەڵکی بەزۆرێك لـە ئەحکام وکاروباری ئایینەکەیان شارەزا نین بەتایبەت لـەناوچە دوورە دەسـتەکان، ئەمـەو مەبەسـت لــە بانگــەوازکردن هــەر فێرکردن ناگرێتەوە، بەڵکو مرۆڤ بە سروشتی خۆی پێویستی بەیادخستنەوەی ئەو

شتانەیە کە دەیزانێت ، بەڵام غافڵە لێی هەر بۆیە خوای گەورە فەرمویەتی ﴿ وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الذاريات ٥٥ ، بەواتای تۆ هەمیشە ئامۆژگارییان بکەو یادیان بخەرەوە ، چونکە بەراستی ئامۆژگاری و یادخستنەوە سود بە ئیمانداران دەگەیەنێت.

خەڵکی زۆرجار دەکەوێتە نێو بازنەی گوناهو سەر پێچییەوە بەڵام کەیادیان خرایەوە رادەچڵەکێن ودەگەرێنەوە.

ئەمەو ئەرکی سەرشانی بڕوادارانە کە بانگەواز بکەن بۆ پەیامەکەیان و ئەم جۆرە پاساو و بیانوانە لەخشتەیان نەبات ئەوەتا خوای گەورە فەرمویەتی﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنْ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنْ الْمُشْرِكِينَ﴾ یوسف ١٠٨ ، بەواتای ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆ بڵێ: ئا ئەمە رێگەو رێبازمە: مـن و شوێن کەوتوانم بانگ دەکەین بۆلای خوای پەروەردگار لەسەر بنچینەو بناغەیەکی روون و ئاشکرا، پاکی و بێگەردیش بۆ زاتی پەروەردگارە، من هیچ کاتێك لەموشریك و هاوەڵگەران نیم:

ئەمەو وەزیفەو کاری پێغەمبەران وشوێن کەوتوانیان لەدوای خۆیان بریتین لە شاهیدی دان ومژدە بەخشینو ئاگادار کردنەوەو بانگەواز کردن بۆ دینی خوا هەر بۆیە خوای گەورە فەرمویەتی ﴿يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِنَّا أَرْسَلْنَاكَ شَاهِداً وَمُبَشِّراً وَنَذِيراً وَدَاعِياً إِلَى اللَّهِ بِإِذْنِهِ وَسِرَاجاً مُنِيراً﴾ الأحزاب ٤٥/٤٦ بەواتای ئەی پێغەمبەر (ﷺ ) ئێمە بە راستی تۆمان رەوانەکرد کەشایەت بیت(بەسەر ئومەتی ئیسلامەوە کە پەیامی خوات پێ راگەیاندون ) ومژدە بەخشیت (بەئیمانداران بەوەی رەزامەندی خواو بەهەشتی بەرین چاوەرێییانە) ترسێنەریتیش( بێباوەڕان دەترسێنیت لەخەشمو قینی خواو دۆزەخ) هەروەها بە مۆڵەتو پشتیوانی خوا بانگەواز

دەکەیت بۆ بەرنامەو ڕێبازی ئەو زاتە، هەروەها چرایەکی ڕوونـاك کـەرەوەی بـۆ سەرجەم سەرگەردانان.

هەروەها پێغەمبەری (ﷺ) ( **من دل على خير فله مثل أجر فاعله)** رواه مسلم، بەواتای هەر کەسێك ڕێگای خێرو چـاکە پیشـانی خـەڵکی بـدات ئـەوا پاداشتی ئەو کەسەی هەیە کە چاکەکە دەکات.

١٢. **لەدەسـتدانی میانـەیی و هاوسـەنگی لای زۆرێـك لـەلاوان**، لـەکاتی دابەشکردنی ئەرك و مافەکاندا، دەبینـی هەنـدێك ڕۆدەچـن لـەبابـەتی فێربـوونی زانستیدا یان پەروەردەی دەروونی یان هەر گۆشەیەکی تر بەتەنها، لەسەر حیسابی بوارەکانی تری کارو بانگەوزای ئیسلامیی ئەو کەسانە چوارچێوەیەکیان بۆ خۆیان دارشتووەو وابەستەی بونەو وادەزانن گەر لەو بازنەیە بترازێن ئەوا توشی لادان و ڕەنج بەخەسار دەبن.

دەبێت بزانین میانەیی و هاوسەنگی خواست وداوایەکی شەرعییەو ناکرێت هەر یەکەو بە پێی حەزو خولیای خۆی بازنۆچکە بۆخـۆی دارێـژێت، خـەریك بونـت بەلایەنێك یان بوارێك لـە بوارەکـانی کـاری ئیسـلامیی نابێـت لەسـەر حیسـابی لایەنەکانی تر بێت وەك بواری پەروەردەو بانگەواز کردن بـۆ دینـی خـوا ئـەوەتا خوای گەورە فەرمویەتی﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَـالَ إِنَّنِي مِنْ الْمُسْلِمِينَ﴾ فصلت ٣٣ بەواتای جاکێ لەو کەسە جوان گفتار ترو قسە بەجێ ترە کە بانگەوازی کردووە بۆلای خوا ، کارو کردەوەی چاکیشـی ئـەنجام داوە، وتوشیەتی من لە ڕیزی موسڵماناندام.

١٣. **هەندێك حەز بە بێکاری و تەمەڵی دەکەن و دوورن لەکاری جدی بەهێز لە زۆربەی بوارەکانی ژیانیاندا** لەنێویاندا کاری بانگەواز کردن بۆ دینی خـوا ئەوانـە خۆیان لەکارو چالاکی دەدزنەوە و پاساو بیانو دەهێننەوە و بەرپرسیاریەتی ناخەنە

ئەســـتۆی خۆیـــان ئەمـــەش بـــەهۆی کـــەم تەرخـــەمی وهەســـت نـــەکردن بەبەرپرسیاریەتیەوەیە ، دڵسۆزی و وورە بەرزی و ئامادەباشی سیمای موسـڵمانی گەردن گیرە بەئاینەکەیەوە ، جا پێویستە لاوان و بانگخوازان خۆیان بپـارێزن لــە دیاردەی تەمەڵی و سستی و رۆچون لەتەرەفو حەسانەوەدا بەڵکو دەبێت هەوڵی دڵسۆزانە بدەنو لەئاستی قۆناغو سەردەمەکەدا بـنو کاتـەکانی ژیانیـان بەشـتی بەکەڵكو بەسود بەسەر بەرن لەنێویاندا بواری زانسـتو پـەروەردەو بانگـەوازی ئیسلامیی.

**١٤ . شکست خورادوویی و هەستکردن بەلاوازی بەرامبەر بەرەوتی خراپەکاری** .

هەنـدێك بـەهۆی باڵادەسـتی بـێ بـاوەڕان وفـراوان بـوونی بازنـەی شـەڕو خراپەکارییو فەساد بەمانا فراوانەکەیو رەواج دان پێی لەمیانەی ئەو میکـانیزم و ئامرازە رەهاو فراوانەی لەبەردەستی ناحەزانی ئیسلامدایە.

تووشـی داڕوخـان و لاوازی بونـەو بـێ ئومێـدن لـە پرۆسـەی گۆڕانکـارییو چاکسازی تا دەگاتە ئـەو ئاسـتەی دەڵـێن گـۆڕان کـارییو چاکسـازی هـەوڵو تێکۆشانی بێ ئەندازەی دەوێتو ئەنجامدانی لەتوانای ئێمەدا نییە، تا ئەو ئاسـتەی کەسـانێك هـەن لـە ژێـر فشـاری واقیعـی ناسـۆردا پاشەکشـە دەکـەنو دوور دەکەونەوە . موسڵمان دەبێت متمانـەو بـڕوای تـەواوی بەسـەرکەوتنی خـواییو بەدیهاتنی وادەکانی هەبێت هەر چەندە دوژمنـانی ئیسـلام پـیلان گێـڕی بکـەنو دژایـەتی ئیسـلامو موسـڵمانان بکـەن، نەخشـەو پلانـەکانیان بەرامبـەر بـەتواناو دەسەڵاتی خوای گەورە لاوازەو خۆی ناگرێت ، بەڵام دەبێت ئەو راستییە بـزانین کە خودا تاقیمان دەکاتەوە، خوای گەورە فەرمویەتی﴿ وَلَوْ يَشَاءُ اللَّهُ لانتَصَرَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لِيَبْلُوَ بَعْضَكُمْ بِبَعْضٍ وَالَّذِينَ قُتِلُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَلَنْ يُضِلَّ أَعْمَالَهُمْ﴾ محمـد٤ بەواتای ئەگەر خوا بیویستایە خۆی تۆڵەی لێ دەسەندن، بەڵام دەیـەوێت بەیـەکتر

تاقیتان بکاتەوە ، ئەوانەش لە پێناوی خوادا شەهید بوون هەرگیز پاداشتی هەوڵو کۆششییان بەزایە نادات، هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی﴿ إِنَّهُمْ يَكِيدُونَ كَيْداً وَأَكِيدُ كَيْداً فَمَهِّلْ الْكَافِرِينَ أَمْهِلْهُمْ رُوَيْداً﴾ الطارق ١٥-١٧ بەواتای بەراستی ئەوانە سەرگەرمی پیلانن‌و خەریکی داونانەوەن( بۆ ئیمانداران) (بەڵام خوا دەفەرموێت)منیش پیلان‌و نەخشەی خۆم دەخەمە کار، کەواتە تۆش تاوێك مۆڵەتی بێ باوەڕان بدەن، کەمێك لێیان بوەستە (بزانە چیان بەسەر دێنم) هەروەها خوای گەورەش بەڵێنی بەسەر خستنی ئیمانداران داوە هەروەك فەرمویەتی ﴿وَكَانَ حَقّاً عَلَيْنَا نَصْرُ الْمُؤْمِنِينَ﴾الروم ٤٧ بەواتای سەرخستنی ئیمانداران بەئەرکی سەرشانی خۆمان زانی‌و سەرکەوتنمان پێ بەخشین﴿أَنَّ الأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِي الصَّالِحُونَ﴾ الأنبياء ١٠٥ بەواتای بەند شیاوو چاکەکانم دەبنە خاوەنی زەوی، بەڵام دیارە ئەم سەرکەوتن‌و گۆرانکاریانەش پێویستی بە گۆڕینی ناخی مرۆڤەکان هەیە وەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾ .

هەست کردن بە گەورەیی‌و زەبەلاحی باطل‌و نارەوایی‌و زۆربەی کۆسپ‌و تەگەرەکانی بەردەم بانگخوازان‌و بانگەوازی ئیسلامیی، سستی و لاوازی لەدڵ‌و دەروونی هەندێکدا دروست دەکات‌و واهەست دەکات کە توانای نییە بۆ روبەربوونەوەو چاکسازی چارەسەری ئەمەش بەمتمانە بوونە بەسەرکەوتنەکانی خوای گەورەو وادەو بەڵێنەکانی بۆ بڕواداران ، هەروەها دەبێت هەست بەگەورەیی‌و پاداشتی خودا بکەین بەهۆی بەشداریمان لەگەڕانەوەی سەروەرییەکانی ئیسلام‌و بانگەشە کردن بۆ پەیامەکەی و روون کردنەوەی بۆ خەڵکی هەر وەك چۆن نەوەکانی پێشین ئەنجامیان داوە ، پێویستە لێرەدا ئاماژە بەو راستییە بدەین کە زۆربەی کات ئەو هەموو میکانیزم‌و بوجەو ووزەو تواناو ئەرك‌و ماندوو بونەی کە هێزی بێ باوەڕان دەیدات بۆ سەر خستنی برۆژەکانی و

پەکخستنی کارو پرۆژەی ئیسلامیی بەویستی خوا ریسەکانیان دەبێتەوە بە خـوری وەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ لِيَصُدُّوا عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَـيْهِمْ حَسْـرَةً ثُـمَّ يُغْلَبُـونَ وَالَّـذِينَ كَفَـرُوا إِلَـى جَهَـنَّمَ يُحْشَرُونَ﴾ الانفال ٣٦ بەواتای : بێگومان ئەوانەی بـێ بـاوەڕن ، مـاڵو سـامانی خۆیان بەخت دەکەن بۆ ئەوەی بەشێنەیی بەربەست دانێنو ڕێگری بکەن لـەبەردەم ئاینو ڕێبازی خوادا ، جا ماڵو سامانیان لـە ئایینـدەدا بـۆ ئـەو مەبەسـتە خـەرج دەکەن! پاشان دەبێتە پەشیمانیو داخو حەسەرت لەسەریان ، لەدواییدا شکسـت دەهێـنن بێگومـان ئەوانـەش کـەبێ بـاوەڕن بـۆ دۆزەخ کـۆ دەکرێنـەوەو ڕاپـێچ دەکرێن .

١٥. **ژیان لەنێو ژینگەیەکی بانگەوازی لاسەنگ ونەگونجاو** ، ئەمەش قەیرانێکی گەورەیەو زۆر کەسی توشی لادانو سستی کردووە ، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ بـە سروشتی خـۆی نەخۆشـییەکانی دەوروبـەر کاریـان تێـدەکاتو لـەمـدا ڕەنـگ دەداتەوە ، وەك ئەوە ئەو وشوێنو ژینگەیەی ئەمی تێدا دەژی خەڵکی سسـتو ووره لاوازی زۆری تێدا بێت ، یان وەك ئەوەی کەسێك لـە شـوێنی گونجـاوی خۆیدا بەکار نەهێنرابێ ، یان کاری گونجاوی پێ ڕانەسپێرابێت.

١٦. **ڕۆچون لەبایەخ بەخۆدان**: هەنـدێك ئەوەنـدەی بایـەخ بـە خـواردنو خواردنەوەو جلو بەرگـو ماڵو ئۆتۆمبێلو شـتی تـر دەدات تـا ئـەو ئاسـتەی بایەخدانەکەی لـە سنوری دروست و ڕێ پێدراو دەردەچێت، خـەم و پـەژارەو حەزو خولیاکانی لـەو بازنەیەدا دەخولێتەوە، بایەخدان بەم شتانە ڕەواو دروستە لـە بازنەی شەرعدا ،بەڵام ڕۆچوون و زێدەڕۆیی تیایدا لـەهێڵی میانەیی ئیسـلام دورمان دەخاتەوە و بەهۆیەوە ئەرکو فەرمانـە ئیسـلامیەکان پـەروایز دەخـرێن خوای گەورەش لـەم بارەیەوە فەرمویەتی﴿ يَا بَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَـتَكُمْ عِنْـدَ كُـلِّ

مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلا تُسْرِفُوا إِنَّـهُ لا يُحِـبُّ الْمُسْـرِفِينَ﴾ الأعـراف ٣١ ، بەواتای ئەی نەوەی ئادەم خۆتان برازێننەوە بە پۆشـاك لـەبـەر كـردن لـەكاتی هەموو نوێژو چونە ناو مزگەوتێكـدا ، بخـۆنو بخۆنـەوە (لـەنازو نیعمەتـەكان) ،بەڵام زیادە ڕەوی مەكەن ، چونكە بەراستی خوا لـەسـنور دەرچـوان و زیـادە ڕەوانی خۆش ناوێت.

١٧. **هەندێك هەن قسەی زۆرو قەبە دەكەن، بـەڵام كـارو فـەرمانێك ئەنجام نادەن سود بە موسڵمانان و نەوەكانی دوا ڕۆژ بگەیەنێت**، یان تەنها هەر باسی كارو چالاكی رابردوو دەكەن و هەر دەڵێن وامان كرد بێ ئەوەی ئێستا هـیچ پـرۆژەو كارێكیـان لـەبەردەسـتدا بێـت ، خـوای گـەورە لـەم بـارەوە فەرمویەتی ﴿ أَيُّهَا الَّذِينَ آَمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لا تَفْعَلُونَ كَبُرَ مَقْتـاً عِنْـدَ اللَّـهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لا تَفْعَلُونَ﴾ الـصف ٣/٢ ، بەواتای ئەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە بۆچی شتێك دەڵێنو ئەنجامی نـادەن؟ بۆچـی گوفتارتـان دژی كرادارتانـە ؟! خەشم و رقێكی گەورەیە لای خوا ئەوەی كە دەیلێنو نایكەن.

**هەروەها پێغەمبـەری ئـازیز فەرمویـەتی ( ماضـل قـوم بعـد هـدى الا اوتـوا الجدل) رواه الترمذي وابن ماجة.**

١٨. **بە فێرۆدانی كاتو سود لێوەرنەگرتن لێی**: ئەو كەسانە كاتەكانی ژیانیان لـە شتی لاوەكیدا بەسەر دەبنو كاری بەسودو بەرهەمدار ئەنجام نادەن ، بـەڵكو بە شتی لاوەكییەوە سەرقاڵن ئەوەی پێویستو داواكـراوە فەرامۆشـی دەكـەن، هەست بە بۆشاییەكی گیانی گەورە دەكەن كاتەكانی ژیانیـان فـەڕو بەرەكـەتی تێدا نییە ، ڕۆژ و مانگو ساڵ دەگوزەرێت نابینرێن كارێكی خوازراوو پێویست ئەنجام درا بێـت، بـەڵام لـەگـەڵ ئەوەشـدا پاسـاو دەهێنرێتـەوە لۆمـەی زەمانـە

دەکرێت‌و کەس لۆمەو سەرزەنشتی خۆی ناکات، ئـەوەتا شـاعیر لـەم بـارەوە وتویەتی:

**نعیب زماننا والعیب فینا وما لزماننا عیب سوانا**

**ونشکو ذا الزمان بغیر حق ولو نطق الزمان هجانا**

بەواتای نەنگی‌و کەم‌و کوڕی لە زەمانەدا نییە، بەڵکو لەخۆمان دایە، گەر زەمانە بهاتایەتە گۆ هەجوی دەکردین کەچی هەر گازندە لە زەمانە دەکـەین بەنارەوا.

١٩. **هەندێك لەسەر هیچ جۆرە کارێك ئارام ناگرن و ئامادەنین پەیوەست بـن بە هـیچ فـەرمان‌و بڕیارێکـەوە**، بـەڵکو لەهـەموو کـارێکی جـدی هەڵـدێن، نایانەوێت هیچ جۆرە گەردن گیری و پەیوەست بونێکیان هەبێت ، ئەوانە جۆرە فەوزەوەییەتێکیان تێدایە لە کارکردنـداو ئامـانجی روونیـان نییـە، کارەکانیـان تۆکمەو پتەوو دامەزراو نییە، بەڵکو هەڕەمەکی‌و سەر پێییە هـەر جـارەو سـاتە وەختێك جۆرە کارێك دەکەن و ئەمڕۆ شتێك دەکەن و سبەینێ بەنیوە چڵی بە جێیی دێڵن ودەچن بۆ کارێکی تر ئەوانە خۆیان فریو دەدەن و کارەکانیان بـێ بەرهەمە.

٢٠. **هەندێك کەس هەڵدەستن بە ئەنجامدانی هەندێ کارو چالاکی کەلەگەڵ کەسایەتی‌و پێکهاتەو وزەو توانایدا ناگونجێت** بەهۆیەوە لەکارەکـەدا شکسـت دێنێت و سەرکەوتوو نابێت، توشی سستی‌و داروخـان دەبێـت واز لـە کـاری بانگەواز دێنێت، هەوڵ نادات خۆی بگۆڕێت وکارێك ئـەنجام بـدات لەگـەڵ تواناو پێکهاتەو ئاستی زانستی خۆیدا بگونجێت.

ئەوەتا ئیمامی عەلی خوای لێ رازیبێت ( **قیمة کل أمرىء ما یحسنه**) .

هاوەڵانی پێغەمبەرﷺ لەوزەو تواناو پێکهاتەیاندا چون یەك نەبوون و هەریەکەو ئەو کارەی دەکرد کە دەیزانی ودەیتوانی بەچاکی ئەنجامی بدات، تێیاندا نەبوو بێکار بێت‌و پاڵی لێبداتەوە.

ئەوەتا خالیدی کوری وەلید خوای لێ رازیبێت سەرکردەیەکی سەربازی و ناسراو بە شمشێری تیژی خوای گەورە (سیف الله المسلول) معازی کوڕی جەبەل زاناو شارەزا بەحەلاڵ وحەرام ، ئەبو زەڕی غەففاری گەورەترین کاریگەری هەبووە لە بانگەوازدا تا ئەو ئاستەی خەڵکی زۆری عەشیرەتەکەی لە ژێر دەستی ئەمدا موسڵمان دەبێت ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هاوەڵە بەڕێزە ناشێت بۆ ئەمیری‌و بەرپرسیارێتی وەك پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووە : جا پێویستە لەنێوکارو بانگەوازی ئیسلامیدا هەر یەکەو بە پێی تواناو بەهرەو شارەزایی خۆی، لەو بوارەدا کە تێیدا بەهرەمەندە کار بکات و پسپۆری پەیدا بکات، نەك بچێتە ژێر بارێك کەلەگەڵیدا ناگونجێت سەرنجامەکەی توشی ماندبوون و شکست بێت.

٢١. **دابڕان ودورکەوتنەوە لەهاوەڵانی چاك‌و بانگخوازی چالاك:**

گەر مرۆڤ بەتەنها بێت و بیەوێت بەتەنها روبەڕوی شەیتان و دەرون بێتەوە ئەوا ماندوو دەبێ و دەروخێت‌و شەیتان‌و دەروونی پڕ لەتاوان فریوی دەدات‌و زاڵ دەبن بەسەریدا ئەمەش نهێنی ئەو فەرمودەیەمان بۆ دەردەخات کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمویەتی ( **إنمايأكل الذئب من الغنم القاصية**) رواه احمد وابو داود والنسائی ، بەڵی راستە گورگ مەڕی دابڕاو لەمێگەل پەلامار دەدات‌و دەیخوات ، زانایانی پێشین بایەخی زۆریان بەهاوەڵی باش داوە، بەسەرچاوەی خۆشی و بەختەوەرییان داناوە ، ئەوەتا حەسەنی بەسری رەحمەتی خوای لێ بێت فەرمویەتی لە ژیاندا سێ شت بایەخی ماوە لە نێویاندا برایەك

بەهۆی برایەتیو هاوەڵێتی و پێکەوە ژیانەوە توشی خێرو چاکە دەبیت، گەر توشی هەڵە ولادان بیت راستت دەکاتەوە

ئەمەو بڕوادار ئاوێنەی بڕوادارە ، گەر هەر شتێکی نەگونجاوی لێ بینی ئامۆژگاریی و ڕێنوێنی دەکات ، بە ئاشکرا و پەنهانی دەیپارێزێت ، بڕوادار ئامۆژگاری و ڕێنوێنی پێ چاکەو ئەو کەسانەی خۆش دەوێت کە ڕێنوێنی دەکات، هەڵەو ناتەواوییەکانی بۆ دەستنیشان دەکات، بەڵام کەسانی دەرون نەخۆشو لادەر حەز بە ئامۆژگاریی و ڕێنوێنی ناکەنو ئەو کەسانەیان خۆش ناوێت کە ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن وەك خوای گەورە فەرمویەتی ﴿وَلَكِنْ لا تُحِبُّونَ النَّاصِحِينَ﴾ .

**٢٢. خۆشەویستی پلەو پایەو دەسەڵات:**

هەندێك هەن گەر لە ئاست و پلەو پایەکدا نەبن لە نێو کارو بانگەوازی ئیسلامیی بەلایانەوە قورسو گرانو ئەستەمە و ئەمەش بەهۆی لوت بەرزیو خۆ بەگەورە زانینەوەیە، پێغەمبەری ئازیز ﷺ لەم بارەوە فەرمویەتی ( **ما ذئبان جائعان ارسلا في غنم بأفسد لها من حرص المرء على المال والشرف لدينه**) بەڵێ سوربوونی کەسێك لەسەر ماڵو سامانو بەدەستهێنانی پلەو پایە بەهۆی دینەوە خراپترو مەترسی دارترە لە دوو گورگی برسی بۆ سەر مێگەلە مەڕێك .

**فه ضيل کوڕی عياض** فەرمویەتی هەر کەسێك پلەو پایەو بەرپرسێتی خۆش ویستبێ، ئەوا حەزی کردووە باسی خەڵکی بەناتەواوی و کەمو کوڕی بکرێت لای دا ، تا خۆی بەکامڵ وتەواو بناسرێتەوە ، پێی ناخۆشە خەڵکی لایدا باسی خەڵکی تر بکات بە چاکە، هەر کەسێك شەیدای بەرپرسیارێتی بێت ماڵئاوایی دەکات لە چاکەکان.

عبدالله ی کوڕی حەسەنی عەنبەری فەرمویەتی ( **لأن أكون ذنباً في الحق أحب الي من أن أكون رأساً في الباطل**) بەواتای گەر لەحەقدا لە پەراوێزدا بم لام خۆشترە لەوەی سەرو بەرپرس بم لە نارەوادا.

٢٣. **هەندێك شەیتان لەكاتی فیتنەو باری نائاساییدا گومان دەخاتە دڵیانەوە لە ژێر پەردەو پاساوی بەخۆداچوونەوەدا** تووشی لادان دەبن ، ئەمانە هەڵناسن بەراستکردنەوەو پڕکردنەوەی کەلێنو کەموکورتیەکان، بەڵکو راو بۆچون و قەناعەتەکانیان دەستکاری دەکەنو ودەیگۆڕن لەژێر فشاری واقعی ناسۆردا بەبێ بوونی بەڵگەی راستو دروست بۆ کارەکانیان.

پسپۆڕو شارەزای بواری فیتنەو تاقیکردنەوەکان حوزەیفەی کوری یەمان خوای لێ رازی بێت لەم جۆرە ئاکارانە ترساوە، ئەوەتا کاتێك ئەبو مەسعودی ئەنساری خوا لێی رازی بێت فەرمویەتی ئامۆژگاریم بکە ئەویش فەرمویەتی (**أن الضلالة حق الضلالة أن تعرف ما كنت تنكر وتنكر ما كنت تعرف وإياك والتلون في الدين فإن دين الله واحد**) ئەمەو هەندێك لە زانایان وتویانە (التلون فی الدین من شك القلوب فی الله) ئەمەو مالیك فەرمویەتی (**الداء العضال التنقل في الدين**)

٢٤. **هەندێك هەن لە رابردوودا هەوڵو تێكۆشان وكارو چالاكی ئیسلامیان زۆر بووە ،بەڵام دواتر تووشی ماندوو بوون و سستی ولاوازی بوون**، دەڵێین ئایا ئەو كەسانە ژیانو سەرگوزشتەی پێغەمبەرانیان نەخوێندۆتەوە كەلە پێناوی پەیامو ئایینەكەیاندا تووشی ئەشكەنجەو ئازارو دەردەسەری و ئاوارەیی بوونە ئەوەتا خوای گەورە دەربارەی حەزرەتی نوح سەلامی خوای لێ بێت فەرمویەتی﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا نُوحاً إِلَى قَوْمِهِ فَلَبِثَ فِيهِمْ أَلْفَ سَنَةٍ إِلاَّ خَمْسِينَ عَاماً فَأَخَذَهُمْ الطُّوفَانُ وَهُمْ ظَالِمُونَ﴾ العنكبوت ١٤ بەواتای سوێند بەخوا ئێمە (نوح) مان

ڕەوانەکرد بۆ سەر قەومو هۆزەکەی ، هەزار ساڵ پەنجا کەم لەناویاندا مایەوە ، سەرئەنجام لافاوو زریان هەموویانی پێچایەوە لەکاتێکدا ئەوان ستەمکاربوون. ئەوەی ڕێگای خواناسیو ڕەزامەندی پەروەردەگاری گرتۆتە بەرو ئامانجو مەبەستی خزمەتکردنی پەیامە پیرۆزەکەی ئیسلامە ، دەبێت لەو پێناوەدا ئازا و بەجەرگو خۆگربێت و زاڵ بێت بەسەر گرێ کوێرەکانی دەروونو خەیاڵدا، پەیام و بەرنامەکەی خۆش بوێت، شارەزای ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکان بێت، کۆسپ و تەگەرەکانی سەرەرێ بناسێ ، وورەی بەرز بێ ، لۆمەی لۆمەکاران پەروایێزی نەخات، هێمن و لەسەر خۆ بێت، بەردەوام لەیادو بیرکردنەوەی پەروەردگاردا بێت، حەز بەستایش و پیاهەڵدان نەکات، گلەیی و گازندەو سەرزەنشت ئازاری نەدات ، پێداویستی کارەکانی فەراهەم بهێنێت ، دروشمی ئارامی و خۆگری بێت ، شەکەتیو ماندووبوون لە پێناوی خوادا بەلایەوە حەسانەوە و بەختەوەری بێت.

- ابن المنكدر فەرمویەتی ( كابدت نفسي اربعين سنه حتى أستقامت) بەواتای ماوەی چل ساڵ جیهادی دەروونی خۆم کرد تا دامەزراوبوو .

- مالیك فەرمویەتیپێشەوای خەڵکی لای ئێمە دوای زەیدی کوڕی سابت عبدالله ی کوڕی عومەر بوو ، بۆ ماوەی شەست ساڵ فەتوای دەدا.

- ربیعەی کوڕی یەزید فەرمویەتی ( ماوەی چل ساڵ بانگدەر بانگی نەداوە بۆ نوێژی نیوەڕۆ من لە مزگەوتدا نەبم ، مەگەر کاتێ نەخۆش بووبم یان لە سەفەردا بووبم)

- زانای فەرمودەی متمانە پێ کراو بشر بن الحسن پێی وتراوە (الصفي) لەبەر ئەوەی لە ریزی یەکەمدا بۆماوەی پەنجا ساڵ نوێژی کردووە لە مزگەوتی بەصرەدا.

– به (کەسیر بن عبیـد الحمصـی) یـان ووتـوه بـۆ لـه نویژەکانتـدا هەڵـه ناکەیت، ناوبراو شەست ساڵی تەواو ئیمامـەتی بـۆ خـەڵکی حمـص کـردووه، ئەویش فەرمویەتی هەرگیز لەدەرگای مزگـەوت نەچـوومەته ژوورەوه غـەیری خوام لەدڵدا بێت.

– ابو الوفا کوڕی عقیل دەڵێت( سوربونم بۆ زانست وزانیاری لـەم تەمەنی هەشتا ساڵیمدا زیاتره لـەوەی که تەمەنم بیست ساڵ بووه).

ئەم کەڵه پیاوانەی مێژووی زێڕینـی ئیسـلام چـۆن بـوون، دەبێـت ئێمـەش لـەسـەر هـەمان رەوەتو ئاکـاری ئـەوان بـرۆین و بـەردەوام بـین ، ئـەوکات رەزامەندی خواو شکۆییمان دەست دەکەوێت.

ماوەتەوه بلێین بـانگخوازان و دڵسـۆزانی کـاروانی رابـوون دەبێـت ئـەو راستییەیان لـه یـاد بێـت ، رێگـای خواناسـی و رازی بـوونی خـوداو چـوونه بەهەشت هەڵدێرو لـەمپەرو ماندویەتی بێ ئەنـدازەی تێدایـه، سـەرقافڵەی ئـەم کاروانه پێغەمبەره ئازیزەکانن سەلامی خوایان لێ بێت،ئـەوان لـەهـەموان زیـاتر توشی ئازارو نارەحەتی بوون، رێگایەکه وورە بەرزی و ئارامو خۆگری دەوێت ، توێشووی پڕ لـەتەقواو هیممەتی پـۆلایینی دەوێـت ، رێگایەکـه ئـادەم علیـه الـسلام تیایدا ماندو بوو ، ئیبراهیم خرایه نێو ئاگرەوه ، ئیسماعیل ئامادەی سەر بڕین کرا، یوسف به نرخێکی هەرزان فرۆشـراو چـەندین سـاڵی لـه زیندانـدا بەسەر برد ، زەکەریا بەمشار دولـەت کرا ، یەحیای بـەرێز سـەربڕا ، ئـەیوب تووشی ئازارو دەردو نارەحەتی بوو ، گریانی به کوڵی داود رێژه و ئەنـدازەی بەزاند ، محمد ﷺ تووشی ئەشکەنجەو ئازارو نارەحەتی بێ شومار بـوو ، ئایـا بانگخوازان و بڕوادارانی ئەمرۆ دەیانەوێت ئەم رێگایه بگرنه بەرو تووشی تاقی

کردنەوەو نارِەحەتی نەبن‌و بەڵکو لــەنێو خۆشــی وحەســانەوە تــەرەف دابــن ، گەروابزانن ئەوە بەهەڵەدا چوونەو دەبێت بەخۆدا بچنەوە.

## ئەڵقەی پێنجەم

## دیاردەو هۆکاری سستی و لاوازی ئیمان

⭑ دوای ئەوەی ئاماژەمان بە گرنگترین ئەو پاساوو بیانوانەدا، کە کەسانی لاوازو ماندوو دەستی پێوە دەگرن و خۆیانی پێ فریو دەدەن، بە پشتیوانی پەروەردگاری مەزن و دلۆڤان بۆ تەواو کردن و تۆکمەکردنی باسەکەمان ، باس لە دیاردەو هۆکاری سستی و لاوازی دەکەین و گرنگترین خاڵی چارەسەری ئەم نەخۆشی و دیاردە زیان بەخشە دەخەینە ڕوو بەهیوای ئەوەی سودی لێ وەرگیرێت و بکرێتە وێستگەی بە خۆداچوونەوەو گۆڕانکاری.

### یەکەم: دیاردەکانی لاوازی و ساردبوونەوە:

بێگومان ئیمان لەدڵ و دەروون و ناخی مرۆڤدا یەکسەرو لە پڕێکدا دەرناچێت، بەڵکو شەیتان نەفرەتی خوای لێ بێت ، مرۆڤ چەواشە دەکات، هەنگاو بە هەنگاوو پلە بەپلە بەرەو ساردبونەوەو گوێ نەدان و شلگیری دەبات ، ئیمانی بەرەو لاوازی و خامۆشی دەبات... ئیمان لاوازیش دیاردەو نیشانەی خۆی هەیەو پێی دەناسرێتەوە ، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو دیاردانە دەدەین:

١. **دڵ ڕەقی:**

لەم حاڵەتەدا مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە دڵی پەیتا پەیتاو بەردەوام رەق، دەبێت نە ئامۆژگاری و رێنوێنی، نەبینینی بەڵاو موسیبەت ، نەقورئان، نە ئەسپاردە کردنی مردوو لە گۆڕستاندا، هیچی کاری تێناکەن، وەك ئەوەی نەبای دی بێ و نەباران، حاڵەتەکەی بە شێوەیەکە وەك قورئانی پیرۆز بە جوانی بۆمانی وێنە دەکات و دەفەرموێت﴿ثُمَّ قَسَتْ قُلُوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذَلِكَ فَهِيَ كَالْحِجَارَةِ أَوْ أَشَدُّ قَسْوَةً وَإِنَّ مِنْ الْحِجَارَةِ لَمَا يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الأَنْهَارُ وَإِنَّ

مِنْهَا لَمَا يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْهُ الْمَاءُ وَإِنَّ مِنْهَا لَمَا يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ اللَّهِ وَمَا اللَّهُ بِغَافِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ﴾ البقرة ٧٤.بەواتای: پاشان لەوەو دوا دڵەکانتان ڕەق بوو، (ئـەی جولەکـەکان) هـەروەك بـەرد بەڵکورەقتریش(چـونکە) بەراسـتی بـەرد هەیـە ڕوباری لێ هەڵدەقوڵێت، هەشـیانە لـەت لـەت دەبێـتو ئـاوی لێ دێتـە دەرەوە ،هەشـیانە لەترسـی خـوا لـە لوتکـەی شـاخەکان بـەر دەبێتـەوە،خوایش بـێ ئاگانیە لەو کارو کرەوانەی ئەنجامی دەدەن.

بەڵێ هـەرکات هەسـتت کـرد بـەدڵ ڕەقـی و تونـدی دڵو دەروون وسـۆزو عاتیفە بزانە ئەو حاڵەتە دیاردەیەکە لەدیاردەکانی لاوازی ئیمانو بەڵایەکـە ڕووی تێکردووی.

هەروەها خوای کاربەجێ لەم بارەیـەوە فەرموویـەتی﴿كَـلاَّ بَـلْ رَانَ عَلَـى قُلُوبِهِمْ مَا كَانُوا يَكْسِبُونَ﴾ المطففين ١٤ بەواتای (نەخێر ،وانییە ئەو نەفامانە تێناگەنو داناچڵەکێن، بەڵکو دڵیان ژەنگی هێناوەو چڵکی گونـاە داپیۆشـیوە لەسەرەنجامی ئەوکارەو کردەوانەی کە دەیان کرد).

### ٢. دڵ تەنگیو وەڕس بوون لەخەڵکی و دەروبەر

مـرۆڤ لـەم حاڵەتـەدا زوو تـوڕە دەبێـت لەدەوربـەری و ئـارامیو خۆگری نامێنێتو بەکارو هەڵسوکەوتی دەوروبەری ماندووو قەڵس دەبێـتو خەم دەخواو وەڕس دەبێت، لێبـوردەییو دڵ فراوانـیو ڕووگەشـی کەسـیمای بڕوادارانـە، لەدەسـت دەداتو دەبێتـە ڕەگـەزێکی خـراپ، تـا بـێ ئاگـاییو ساردبوونەوەو لاوازی ئیمـانی زیـاتر بێـت خـەمو پـەژارەو دڵ تەنگییەکـەی زیاتر دەبێت.

### ٣. سستی لەخوا پەرستیدا :

نیشانەکانی ئەم دیاردەیە ئەوەیە لەخواپەرستیو عیبادەتدا قورس وگران دەبێت، فەوتانو لەدەست چوونی هەر عیبادەتو سروتێکی ئایینی کاری لێ ناکاتو خەمی لێ ناخوات ، لە مزگەوتو نوێژی بەکۆمەڵو نوێژی هەینی دوادەکەوێت بێ ئەوەی پێی خەمبار بێتو هەست بە ثةشیمانی بکات، ئەو عیبادەتانەشی کە ئەنجامی دەدات روکەشانەیەو خاڵییە لە روحو گیان، نوێژەکانی لەخاڵی یە خشوعو قورئان خوێندنیشی ووردبوونەوەو تێڕامانی تێدا نییە،نزاو پاڕانەوەکان تەنها گوتەی سەر زمانەو دڵو دەروون بێ ئاگایە لێی ،خوداش ئەو جۆرە نزاو پاڕانەوانە گیرا ناکات، دەربارەی ئەم دیاردە ناپەسەندە چەندین بەڵگەی قورئانی لە بەردەستدایە کە ئاماژە بەم حاڵەتە دەدات لەوانە﴿وَإِذَا قَامُوا إِلَى الصَّلاةِ قَامُوا كُسَالَى يُرَاءُونَ النَّاسَ وَلا يَذْكُرُونَ اللَّهَ إِلاَّ قَلِيلاً﴾ النساء ١٤٢ ، بەواتای : هەر کاتێکیش هەڵدەستن بۆ نوێژ زۆر بە لەش گرانیو تەمەڵی هەڵدەستن ، ئەوان ڕیاییو روپاسایی بۆ خەڵکی دەکەن، زۆر کەم یادی خوادەکەن.

بەهەمان شێوە لە ئایەتێکی تردا فەرمویەتی ﴿وَلا يَأْتُونَ الصَّلاةَ إِلاَّ وَهُمْ كُسَالَى وَلا يُنفِقُونَ إِلاَّ وَهُمْ كَارِهُونَ﴾ التوبة ٥٤ بەواتای: نایەن بۆ نوێژ مەگەر بەلەش بەباریو تەمەڵی نەبێت، ماڵ وسامانیش نابەخشن مەگەر لەکاتێکدا کە ئەوان نابەدڵو سەخڵەتن.ئەم ئایەتانە هەر چەندە سەبارەت بە جولەکەو دوو ڕووەکان دابەزیون بەڵام بە پێی بنەمای (العبرة بعموم اللفظ لا بخصوص السبب). هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەو سیفەتو ئاکارانەیان تێدا بێت.

٤. **نەبزوتنی غیرەت بەرامبـەر بـەو هـەموو تـاوان و لادان و گوناهانـەی دەکرێت.**

راستە دەڵێن ئاگری غیرەت جەزووی ئیمـان دای دەگیرسـێنێت، بـەڵام گـەر ئیمـان لـەناخ و دڵ و دەروونـدا خـامۆش بـوو، ئـەوکات نـەرێ لـە حـەرام ناکرێت، کەسێك چۆن نـەرێ لـە حـەرام دەکات لـە کاتێکدا خـۆی کەوتۆتـە نێوزەلکـاوی حەرامـەوە؟ خزانـە نێوبازنـەی گونـاهو تـاوان دڵ تاریـك و تـاریکتر دەکات تـا ئـەو ئاستەی رەوا بـە نـارەوا بزانێـت و نـارەواش بـەرەوا ، چـاکە بەخراپـەو خراپـە بەچـاکە ، چـونکە پێـوەرو شـیرازەکان ئـاوەژوو بوونەتەوە.

٥. **لاوازی پەیوەندی برایەتی ئیمانی:**

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی﴿ إنما المؤمنون إخـوة﴾ تـەنها ئیمانداران برای یەکترین.

هۆکـاری ئـەم پەیوەندییـە ئیمـان و بـیرو بـاوەڕەو ئیمـان بزوێنـەرێتی، هـەرکات لایـەنی ئیمـانی لاواز بـوو ئـەوا پەیوەندیەکانیشی بەهـەمان شـێوە لاواز دەبێت، سەردانی و هاتۆچۆو چوونە لای نەخۆش و هاوکاری و یارمـەتی دانی یەکتری بەرەو کزی و فەوتان دەچێت، تا ئەو ئاستەی بایـەخ بەکێشـەو گرفتی موسـڵمانان نـادات و نـزاو داوای سـەرکەوتنیان بـۆ ناکـات و خـەمخۆری موسڵمانان نابێت.

دەربـارەی خۆشەویسـتی و برایـەتی ئیمـانی پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرمویـەتی ( ماتواد أثنان في الله عزو جل أو في الإسلام ففرق بينهمـا الا بـذنب يحدث أحدهما)رواه احمد ، هەر لەم بارەیەوە حسن فەرمویەتی ( إخواننا أغلـى عندنا من أهلينا فأهلونا يذكروننا الدنياو إخواننا يذكرونا الآخرة).

بەڵێ براکانمان (برای ئیمانی) ئازیزو بەرێزترن لامان لەکەسوکارمان ،کەس‌وکار دونیامان یاد دەخەنەوە ،براکانمان رۆژی دوایی مان دەهێننەوە یاد .

**دووەم/ هۆکاری سەرهەڵدانی لاوازیو ساردبوونەوە:**

زانایان فەرموویانە( من فقه العبد أن يتعاهد أيمانه، وما ينقص منه، ومن فقه العبد أن يعلم أيزداد إيمانه أم ينقص ، ومن فقه العبد أن يعلم نزغات الشيطان من اين تأتيه ).

بەڵێ زانین‌و شارەزایی بەندەکان لەوەدایە ئیمانی بپارێزێت‌و نەهێڵێت لێی کەم بێتەوەو دابەزێت، زانایی‌و شارەزایی بەندەکان لەوەدایە بزانێت ئایا ئیمانی زیاد دەکات یان کەم دە کات، هەروەها لە زانایی‌و شارەزایی بەندە ئەوەیە بزانێت لە کوێوە شەیتان فێڵی لێ دەکات‌و پەلاماری دەدات.

هەروەها زانایی مرۆڤ لەوەدایە کە چاودێری دڵ‌و دەروون‌و دینی خۆی بکات، بڕوانێت‌و بزانێت، لە کوێوە ساردبوونەوە بۆی دێت‌و هۆکاری لاوازی ئیمانی لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە.

لێرەدا بۆ بەهێزکردنی باسەکەمان ئاماژە بە چەند هۆکارێك دەدەین کە دەبێتە مایەی لاوازی ئیمان‌و ساردبوونەوەو لادان:

**١.دوورکەوتنەوە لەکەش‌و هەوای ئیمانی:**

یەکەم هەنگاوی لاوازی‌و ساردبوونەوە کە ڕوو دەکاتە ئیماندار، دوورکەوتنەوەیەتی لە مزگەوت‌و هاوەڵە باشەکانی‌و دوورکەوتنەوە لە کۆڕو کۆمەڵی موسڵمانان‌و لەبری ئەمانە هاوەڵی کەسانی تر دەکات کەبەرەو لادان‌و تاوانی دەبەن ، چونکە راستیەکی سەلمێنراوە ژینگەی کۆمەڵایەتی کاری گەری زۆری هەیە لەسەر دیدو بۆچوون‌و هەڵسوکەوت‌و رەفتاری مرۆڤ

بەهەردوو دیوی چاکەو خراپەدا، هەر بۆیە دوورکەوتنەوە لەکەش و هەوای ئیمانی سەرەتاییەکە بۆ خزان و لادان خوای گەورە پەنای هەموو لایەکمان بدات. ئەوەتا زاناکەبەبکوژی سەد کەسەکە دەڵێت: ئەم زەوی و وڵاتە بەجێبهێڵە چونکە زەوییەکی خراپە، بچۆ بۆ فلان جێگا قەومێکی تێدایە خودا دەپەرستن تۆش لەگەڵیاندا خواپەرستی بکە.

٢. **دونیا ویستی و خەریك بوون بە دونیاوە:**

ئەوەی خواست و هیواو حەزە دونیایەکانی بێ ئەندازە بوو، دوا رۆژ لە بیر دەکات و لە تۆبەکردندا خاوو خلیسکی دەنوێنێت، خولیاو ئارەزووری بۆ دونیایەو لە عیبادەت و خواپەرستیدا تەمەڵ و گرانەو بۆ تاوان کردن خێراو بەدەست و بردە، بەم شێوەیە دڵی رەق دەبێت.... دڵ نەرمی بەیادی خواو یادی مردن و گۆڕی تەنگ و تارو بەهەشت و دۆزەخ دێتەدی، ئەوانەی تەنها لەنێو حەزو خولیای دونیادا دەخولێنەوە یادی ئەم شتانە ناکەنەوە.

لەئەسەردا هاتووە: اربعة من الشقاء جمود العين ،وقسوة القلب وطول الأمل والحرص على الدنيا)

٣. **دوور کەوتنەوە لە زانستی شەرعی:**

دوورکەوتنەوە لەوکتێب و بڵاوکراوەو بابەتانەی کە تایبەتن بە زانستی شەرعی و پەروەردەی ئیسلامیی و سەرقاڵ بوون بە کتێب و بابەتی تر کە دەبنە مایەی دڵ رەقی و لادان، وەك کتێبەکانی ئەهلی بیدعە، یان ئەوانەی بەناوی دڵداری و خۆشەویستی و هونەری یەوە دانراون و دوورو پێچەوانەن بە بیرو باوەڕو رەوشتی ئیسلامیی.

٤. **نەبوونی قودوە:**

پێشەواو قودوەی چاك كاریگەری بێ ئەندازەی هەیە لەسەر دڵو دەروونو هەڵسوكەوتی مرۆڤ ، هەر بۆیە زانایان ڕێنمایی دەكەن بەوەی كە پێویستە موسڵمان هاوەڵو تێكەڵاوی كەسانی چاكو خواناس بێت، زانایانو پیاوچاكانو خەمخۆرانی رابوونی ئیسلامیی بكاتە پێشەواو هاوەڵی خۆی، تا لەسەر راستە شەقامی ئیسلام بەردەوام بێتو دڵسۆزانە هەنگاو بنێت.

٥. **رۆچون لە قسەكردنو خواردنو خەوتنو تێكەڵاوی كردنی خەڵكدا**

**راستە كەووتراوە** ( كثرة الكلام تقسي القلب، كثرة الطعام تثقل عن العبادة وكثرة المنام تضيع خيراً كثيراً وكثرة الخلطة لاحد لمفاسدها ) زۆر بلێیی دڵ رەق دەكات، زۆر خواردن لە عیبادەدا قورست دەكات زۆر خەوتنیش خێرو چاكەیەكی زۆرت لەدەست دەدات، زۆر تێكەڵاوی كردنی خەڵكیش زیانو خراپەكانی بێ ئەندازەیە.

**سێیەم: چارەسەری ساردبوونەوەو لاوازی ئیمان:**

دوای ئەوەی دیاردەی فتورو ساردبوونەوەو ئەو پاساوو بیانوانەی كە كەسانی لاواز دەستی پێوە دەگرن خستە ڕوو ،هەروەها دوای روونكردنەوەی هۆكارەكانی سەرهەڵدانی ئەم نەخۆشییە ترسناكە، وا پێویست دەكات باس لە چارەسەرەكان بكەینوتا ئەوانەی ئەم نەخۆشییە تووشیان بووە چارەسەری خۆیان بكەنو خەڵكانی دیش خۆیان بپارێزن:

١. **لە خۆپرسینەوە :**

پێویستە موسڵمان بەردەوام چاودێری دڵو دەروونو حاڵەتی ئیمانی خۆی بكاتو بزانێت باری ئیمانی ڕوو لە زیادبوونە یان كەم بوون، بەردەوام لەخۆ پرسینەوەو چاودێری خۆكردن كارەكان دەخاتە بۆتەی دروستی

خۆیەوە و مرۆڤ ئاگاداری خۆیەتیو فریای خۆی دەکەوێت گەر تووشی هەڵەیەك یان لادانێك بێت، پێش ئەوەی مەودای کارەکان بەرەو ئاڵۆزیو خراپی بڕوات، ئەمەو چارەسەری هەر کێشەو لادانێك لەسەرەتاوە زۆر ئاسانە، لە چارەسەرکردن لە دواتردا، بەردەوام خۆپاراستن چاکترە لە چارەسەر ، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَلْتَنْظُرْ نَفْسٌ مَا قَدَّمَتْ لِغَدٍ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ﴾ الحشر ١٨ ، بەواتای: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خواناسو پارێزکار بنو لە سنورەکانی مەترازێن، باهەموو کەسێك سەرنج بداتو بزانێت چی بۆسبەی دەست پێشکەری کردووە ،هەوڵ بدەن هەمیشە و بەردەوام پارێزکار و دیندار و خواناس بن چونکە بەراستی خوا زۆر ئاگایە بەهەموو ئەوکارو کردەوانەی کە ئەنجامی دەدەین. ئەمەو عومەری کوڕی خەتتاب (خوای لێ رازی بێت) فەرمویەتی ( حاسبوا أنفسكم قبل أن تحاسبوا وزنوا أعمالكم قبل أن توزن عليكم).

٢. **قورئان خوێندن:**

لاوازی ئیمان نەخۆشییەکە پەیوەندی بە دڵی مرۆڤەوە هەیە، خوای گەورەش قورئانی کردۆتە شیفای دەردی لاشەو دڵو دەروون ، ئەوە فەرمویەتی﴿وَنُنَزِّلُ مِنْ الْقُرْآنِ مَا هُوَ شِفَاءٌ وَرَحْمَةٌ لِلْمُؤْمِنِينَ﴾ الأسراء ٨٢ ، بەواتای : ئێمە لەقورئان ئایەتو سورەتانێك دادەبەزێنین کە ببێتە هۆی شیفاو چارەسەر بۆ نەخۆشییە دەروونی و جەستەییەکان،هەروەها رەحمەت و میهرەبانیش بۆ ئیمانداران. ، ئەمەو فەرمویەتی﴿كِتَابٌ أَنزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُوْلُوا الأَلْبَابِ﴾ ص ٢٩ ، بەواتای : ئەم قورئانە کتێبێکی پیرۆزەو دامان بەزاندووە بۆ لای تۆ بۆ ئەوەی ئایەتەکانی

لێکبدەنــەوە و بــیری لێبکەنــەوە بــۆ ئــەوەی خــاوەن بــیرو هۆشــەکان پەنــدو ئامۆژگاری وەربگرنو تێفکرن، هەروەها فەرمویــەتی﴿وَاتَّقُوا يَوْمــاً لا تَجْــزِي نَفْسٌ عَنْ نَفْسٍ شَيْئاً وَلا يُقْبَلُ مِنْهَا شَفَاعَةٌ وَلا يُؤْخَذُ مِنْهَا عَدْلٌ وَلا هُمْ يُنصَرُونَ﴾ البقــرة ٤٨ بــەواتای : خۆتــان بپــارێزن لــە رۆژێــك کەکــەس فریــای کــەس ناکــەوێتو کــەس هیچــی لەدەســتنایەتو تکاکــاری کەســیش وەرناگیرێــت و بارمتەو گۆڕانکاری تیادا ئەنجام نادرێتو ئەو کەسانەی خوانەناسن یارمەتی نادرێن و سەرناخرێن.

هەروەها فەرمویــەتی﴿إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَــادُكَ وَإِنْ تَغْفِــرْ لَهُــمْ فَإِنَّــكَ أَنْــتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ﴾ المائدة ١١٨ بەواتای: جائەگەر ئەشکەنجەیان بدەیت(لەســەر لادان تاوانیان) ئەوە بەراستی بەنــدەی خــۆتنو ئەگــەر لێشیان خــۆش بیــت، ئەوە بەراستی تۆ خۆت خوایەکی باڵادەستو دانایت(دەزانیــت کــێ شایســتەی لێخۆشــبوونە)، بــەڵێ قورئــان خوێنــدنو ووردبوونــەوەو تێڕامــان لــەماناو چەمکەکانی دڵو دەروون خــاوێن دەکاتــەوەو بەخۆداچوونەوە و گۆڕانکــاری دێنێتە ئاراوە، لەمیانەیەوە مرۆڤ خۆی دەناسێتەوە، لــەماناکانی ژیــان دەگــاو ئەرکورۆڵی خۆی دەزانێت وفێڵو ختوکەی شەیتان لە خشتەی نابات.

پێشینی ئەم ئومەتە چۆن قورئانیان خوێندۆتەوەوچۆن کاری تێکــردوون ، ئێمەش گەر ئەو رێچکەیە بگرین ئەوا قورئــان کاریگــەرێتی دەبێــت لەســەر دڵو دەروونو هەستو نەستو هەڵسوکەوتو رەفتارمان.

ئەوەتا ئیمامی عوسمان خــوای لێ رازی بێــت فەرمویــەتی( واللە لــو طهــرت قلوبنا ما شبعت من کلام ربنــا) بــەواتای بــە خــودا گــەر دڵــەکانمان خــاوێن بــن هەرگیز تێرنابن لە فەرمودەی پەروەردگار.

عومـەری کـوڕی خـەتتاب نـەخۆش کـەوت لـەکاتی خوێنـدنی ئایـەتی﴿إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَاقِعٌ﴾ الطور ٧ بەواتای بەراستی سزاو ئازاری پـەروەردگاری تـۆ ئەی محمد ﷺ هەر پێش دێت ،هەروەها گریانی بە کوڵی دەبیستـرا کـە ئـەم ئایەتەی دەخوێندەوە ( قال إنما أشكو بثي وحزنـي الى الله وأعلـم مـن الله مـالا تعلمون) یوسف ٨٦ بەواتای: وتی: بەراستی من باسی سکاڵاو غەمو پـەژارەی خۆم هەر بۆلای خوا دەبەم ئـەوەی مـن دەیـزانم لەلایـەن خواوە(لەنەخشـەو حیکمەتو لەپێش هات و رووداوەکاندا) ئێوە نایزانن.

علـي بـن الفضـيل لـەکاتی بیستنی ئـەم ئایەتـەدا مـرد کـە خـوای گـەورە فەرمویەتی﴿وَلَوْ تَرَى إِذْ وُقِفُوا عَلَى النَّارِ فَقَالُوا يَا لَيْتَنَا نُـرَدُّ وَلا نُكَـذِّبَ بِآيَـاتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ مِنْ الْمُؤْمِنِينَ﴾ الأنعام ٢٧ بـەواتای جـا ئەگـەر  ئەوانـە ببـین (لـە قیامەتـدا) لەسـەر لێـواری دۆزەخ راوەسـتێنراون (بـەدەم حەسـرەتو ئـاهو ناڵەوە) جا دەڵێن: خۆزگە جارێکی تربیان گێڕاینایەتەوە بۆ دونیاو،لەم سەر ئەنجامە شوومە رزگارمان دەبوو) ئەوسا هەرگیز نیشانەو بەڵگەوئایەتەکانی خوامان بەدرۆ نەدەزانیو باوەڕی بەتینمان پێی دەبوو.

زرار بـن أوفـى/ لـەکاتی نوێـژدا مـرد کاتێـك ئـەم ئایەتـەی دەخوێنـدەوە ﴿فَإِذَا نُقِرَ فِي النَّاقُورِ﴾ المدثر ٨ بەواتای جاکاتێك فوو دەکرێت بە (صور)دا و دەزگای تایبەتی لێ دەدرێت.

٣. **یادی خوا:**

یـادی خـوا ژەنگـی دڵـەکان لادەبـاتو خـاوێنی دەکاتـەوە، شـیفای دڵەکانـەو دەرمـانی دەردەکانیـەتی، یـادی خـوا گیـانی کـردەوە چـاکەکانەو سەرکەوتن بەهۆیەوە دێتە دی﴿وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُـونَ﴾ الانفـال ٤٥ بـەواتای زۆر یـادی خـوا بکـەنو لێ ی بپارێنـەوە، بـۆ ئـەوەی سـەرفرازو

سەرکەوتووبن ،هەروەها خوای گەورە فەرمویـەتی﴿ا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْراً كَثِيراً﴾ الاحزاب ٤١ بەواتای : ئەی ئەو کەسانەی ئیمانو باوەڕتان هێناوە زۆر یادی خوا بکەن(هەمیشە ناوی پیرۆزی ئەوتان لە یاد بێت لەدڵو دەروونتانـدا جـۆش بخـواتو بێتـە سـەرزارتان)، هـەروەها خـوای گـەورە فەرمویەتی﴿الَّذِينَ آمَنُـوا وَتَطْمَـئِنُّ قُلُـوبُهُمْ بِـذِكْرِ اللَّـهِ أَلا بِـذِكْرِ اللَّـهِ تَطْمَـئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ الرعد٢٨ بەواتای ئەوانەی باوەڕیان هێناوەو دڵو دەروونیان ئـارام دەبێـت بـە قورئـان وپەیامەکـەی خـوای پـەوەردگار ، ئاگـادار بـن :هـەر بـە قورئـانو یـادی خـواو (پابەنـد بـوون بـە ئاینەکەیـەوە) خـۆش نـود دەبـنو دەحەوێنەوە.

وەسیەتی پێغەمبەر(ﷺ) بۆ موسڵمانان بریتییە لە یادی خوا( أن شـرائع الإسلام قد كثرت علي فمرني بأمر أعتصم به ، قال: لا يزال لسانك رطباً من ذكـــر الله). يـــادی خـــوا مايـــەی رەزامەنـــدی پـــەروەردگارەو مايـــەی دوورخستنەوەی شـەیتانو لابـەری خـەمو پـەژارەو دڵـە راوکێیـە، وازهێنـان لەیادی خوا دڵ رەق دەکات، چۆن رەق بونێك ،خوای لە یاد دەچێت ، ئـەوەی خـوای لـەیاد بچـێت خـواش لـەیادی دەكـات، ئـەوەتا شـاعیر فەرمویـەتی لـەم بارەوە:

نسيان ذكر الله موت قلوبهم وأجسامهم قبل القبور قبور

وارواحهم في وحشة من جسومهم وليس لهم حتى النشور نشور

- ئیمامی ئیبن قـەیم فەرمویـەتی ( لەدڵـدا رەقییـەك هەیـە هـیچ لای نابـات جگـە لـەیادی خـوا، جـا پێویسـتە بەنـدەکان تیمـاری دڵ رەقییـان بکەن بەیادی خوا).

- مكحول فەرمويەتى (يادى خواى گەورە شيفايە،يادى خەڵكى دەردو بەڵايە)

**٤. تێگەيشتن لەو راستيەى كە تاقى كردنەوەى خاوەن پەيامو بانگەوازەكان سوننەتێكى پێشينەى بەردەوامە :**

خواى گەورە لە قورئانى پيرۆزدا فەرمويەتى﴿أَحَسِبَ النَّاسُ أَنْ يُتْرَكُوا أَنْ يَقُولُوا آمَنَّا وَهُمْ لا يُفْتَنُونَ (٢) وَلَقَدْ فَتَنَّا الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ فَلَيَعْلَمَنَّ اللَّهُ الَّذِينَ صَدَقُوا وَلَيَعْلَمَنَّ الْكَاذِبِينَ﴾العنكبوت ٣/٢ بەواتاى / ئايا خەڵكى وايان زانيوە وازيان لێ دەهێنرێتو پشت گوێ دەخرێن كە بڵێن ئيمانو باوەڕمان هێناوە لەكاتێكدا ئەوان تاقى نەكرێنەوەو تووشى سزاو ئازار نەكرێن؟

سوێند بەخوا بێگومان ئێمە ئەوانە ى پێش ئەمانمان تاقى كردۆتەوە بەجۆرەها شێوە ، تاخواى گەورە (لە جيهانى واقيعدا) ئەوانەى راستييان كردووە بيان ناسێت ودەركەون، هەروەها درۆزنەكانيش دەبێت بناسێتو دەركەون.

هەروەها خواى گەورە فەرمويەتى بەزمانى لوقمانەوە عليە السلام ﴿ يَا بُنَيَّ أَقِمْ الصَّلاةَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَانْهَ عَنْ الْمُنكَرِ وَاصْبِرْ عَلَى مَا أَصَابَكَ إِنَّ ذَلِكَ مِنْ عَزْمِ الأُمُورِ ﴾ لقمان ١٧ بەواتاى كوڕى شيرينم نوێژەكانت بەچاكى ئەنجام بدە، فەرمان بە چاكە بكە، قەدەغە لە گوناهو خراپە بكە، بەئارام بە لەبەرامبەر ئەو ناخۆشيانەى كە تووشت دەبێت، بەراستى ئەوانەى كە باسكران هەندێكن لەوانەى هەر دەبێت بكرێن.

٥. **گەشبینی لەکاری پەروەردەو بانگەوازدا :**

گەشبینی پێداویستییەکی کارو هاندانو بەردەوام بونیەتی، دەبێت ئەو راستیە لەیاد نەکەین موسڵمان لە میانەی کارو بانگەوازی ئیسلامیدا داوای هەوڵو تێکۆشانی لێکراناوە، بەڵام ئەنجامو بەرهەم بەدەستی خوای گەورەیە، مەرج نییە بانگخواز بەرهەمو ئەنجامی بانگەزاەکەی ببینێتو لە ژیانی خۆیدا بێتە دی، پێ دەچێت رواندنو کێڵان لای تۆوە بێو چنینەوەی بەروبووم لای کەسانی تر.

٦. **دڵسۆزیو نیەت پاکی:**

خوای گەورە فەرمویەتی﴿وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ وَيُقِيمُوا الصَّلاةَ وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ وَذَلِكَ دِينُ الْقَيِّمَةِ﴾ البينة -٥-بەواتای: فەرمانیشیان پێنەدرابوو جگە بەوەی کە خواپەرستی بکەنو بەپاکیو دڵسۆزی وملکەچی فەرمانبەرداری ئاینو بەرنامەکەی بنو لابدەن لەهەموو ئاینێكو تەنها پابەندی ئایینی ئیسلام بن، نوێژیش بە رێكو پێکی ئەنجام بدەنو زەکاتیش لەماڵو سامانیان دەربکەن، ئەوەیە ئاینی نامە راستو بەنرخەکانی خوا.

هەروەها پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرمویەتی (إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل أمرىء ما نوى) لە راستیدا دڵسۆزیو نیەت پاکی یەکێکە لەمەرجە سەرەکییەکانی قبوڵ بوونی عیبادەتو خواپەرستیو باشترین هاندانە بۆ بەردەوام بوونی کارو چالاکی ئیسلامی وخۆراگری و ئارام گرتن لەو پێناوەدا، ئەمەو کەسانی دڵسۆز چاوەڕوانی رەزامەندیو پاداشتی خوایەو سەرزەنشتو لۆمەی لۆمەکاران و کۆسپەکانی سەرەڕێ لەراستە شەقامی پەروەدەو بانگەوازی ئیسلامیی لای نادات.

### ٧. پەیوەست بوون بەکاری بەکۆمەڵەوە:

دەقـەکانی قورئـان‌و فـەرموودەو کـۆ دەنگـی زانایـان زۆرو بـێ شـومارن سـەبارەت بـەکاری بـە کۆمـەڵ‌و خێـرو پاداشـتەکانی، واقیـع‌و بـارودۆخیش دەیسەلمێنێت.

### ٨. نزاو پاڕانەوە لەخودا:

خوای گەورە لە قورئـانی پـیرۆزدا فەرمویـەتی ﴿وَقَـالَ رَبُّكُـمْ ادْعُـونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ﴾ غافر ٦٠ بەواتای ئەی خەڵکینە پەوەردەگارتان فەرمویـەتی : ئێوەها ناو هاوار بۆمن بێنن، ئەوەمن دوعاو نزاتان گیرا دەکەم.

نزیکترین دەرگاو درەوازە بەندەکان لێیەوە بەسانایی بگەنە پەوەردگاریان دەروازەی ( الأفتقار والمسكنة ) یە.

هەر بۆیە بەندەکان لە کاتی کڕنوش بردندا بۆ خودا نزیـك تـرن لـەخودا لەهەر حاڵەتێکی تریـان، چـونکە حاڵـەتی کرنـوش بـردن ملکەچـی‌و زەلیلـی تێدایە بۆ خوای گەورە لەهیچ حاڵەتێکی تردا بەو شێوەیە نییە ، هەر بۆیـە پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) فەرمویەتی( اقرب ما يكون العبد من ربه وهو ساجد فأكثروا الدعاء )رواه مسلم ، ئەمـەو پێویسـتە لـە کـاتی نـزاو پاڕانـەوەدا ئـەو نزاو پاڕانەوانە بەکاربێنین کەلە قورئان‌و فەرموودەدا هاتووە.


**سەرچاوەکان:**

١. **قورئانی پیرۆز** ٢. **تەفسیری ئاسان** ٣. أعذار المتقاعسين/ د. يحيى بن ابراهيم

٤. الفتور/ د. ناصر بن سليمان العم ٥. **چەند سەرچاوەیەکی تر**

## ئەڵقەی شەشەم

## متمانە بەخوای گەورە / بەپەیام و بەرنامەکەی بەوادەو بەڵێنەکانی

- متمانــە بــە خــوای گــەورە نیعمــەتێکی گــەورەی ژیانــەو ئــارامی دڵو دەروونــەو رووناکی چاوانە، متمانــە بــوون بــەخوای گــەورە یــانی پەیوەست بوونی دڵو دەرون بەخوداوەو لەگەڵ پەیڕەوکردنی هۆکارە شەرعییەکاندا.

- متمانە بەخوای گەورە ئارامی دڵو درەوونە بە شێوەیەك هیچ گومانێکی تێناکەوێت، حەسانەوەی ویژدانەو هیمەتو وورە بەرزییە.

- متمانە بوون بەخوای گەورە یانی دابڕینی متمانــە بەخــەڵکان دی لەهــەر پلەو پایەیەکدا بن.

- متمانە بوون بە خوای گەورە گیانی پشت بەستنە بەخودا.

- متمانەبوون بەخوا یانی تەسلیم بــوونی تــەواو بــە پــەروەردگاری مــەزنو کاربــەجێ ، هــەر ئــەو دەزانــێ چــی بۆمــان چاکەو هــەر ئــەوە دەزانێــت چــی بەسوودە یان زیان بەخشە بۆمان.

هەندێك لە زانایانی پێشین فەرموویانە سیفەتی ئەولیا سێ شتە:

- متمانــە بــەخوا بــوون لەهــەموو شــتێکدا :هــەژار بــوون بەرامبــەری خــودا لەهەموو شتێکدا، گەڕانەوە بۆ لای خوا لەهەموو شتێکدا.

- متمانە کردن بە خوا چلە پۆپەی (توکل)و تفویضة بۆلای خوا.

﴿وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَـى اللَّـهِ إِنَّ اللَّـهَ بَصِـيرٌ بِالْعِبَـادِ﴾ غـافر ٤٤ بـەواتای : کـارو بارەکـانم دەدەمــە دەسـت خـواو پشـت بـەو دەبەسـتم، چـونکە بێگومـان خـوا بینایە بە بەنـدەکان.

﴿أَلا يَعْلَمُ مَنْ خَلَقَ وَهُوَ اللَّطِيفُ الْخَبِيرُ﴾ الملك ١٤ بـه واتـاى : مەگـەر خـوا نازانێت کێ دروست کردووەو چۆنی دروست کردووە ئـەو زاتـە وردکـارو بـە سۆزو ئاگایە.

## چەند نمونەیەکی زیندوو:

١. متمانە بوون بەخوای گەورە بوو کەپەروەردگار خستیە نێو دڵو دەروون دایکـی حـەزرەتی موسـا(علیه السلام) کـە کۆرپـەو جگـەر گۆشـە شیرینەکەی فرێ باتە نێو شەپۆلی دەریاوە، شەپۆلەکانی دەریا یاری پێ بکات تا دەگاتە ئەو جێگەیەی کە خوای گەورە ویستویەتی .

قورئانی پیرۆز ئەم بەسەرهاتە پڕ لە حیکمەتو ئەزموونەمان بە جوانی بۆ روون دەکاتەوەو فەرمویـەتی ﴿وَأَوْحَيْنَا إِلَى أُمِّ مُوسَى أَنْ أَرْضِعِيهِ فَإِذَا خِفْتِ عَلَيْهِ فَأَلْقِيهِ فِي الْيَمِّ وَلا تَخَافِي وَلا تَحْزَنِي إِنَّا رَادُّوهُ إِلَيْكِ وَجَاعِلُوهُ مِنَ الْمُرْسَلِينَ﴾ القصص ٧ بە واتای : ئێمە دایکی موسامان ئاگادار کرد کـە شـیری بـداتێو (پێمـان ووت) جـا کاتێـك مەترسـیت پەیـدا کـرد لـەوەی کـە پـێی بزانرێـت فـرێ ی بـدەرە رووبـاری (نیلـەوە) نەبترسـە(لەوەی تووشـی بـەڵا ببێت) نەخەفەتیشی بۆ بخۆ ،چونکە ئێمـە بەراسـتی دەیگێڕینـەوە بـۆ لاتو لە ئایەندەشدا دەیکەین بە یەکێك لە پێغەمبەرە پەیامدارەکان.

دایکـی موسـا گـەر متمانـەو سـیقەی تـەواوی بـە پـەروەردگاری نەبوایـە کۆرپـەو جگـەر گۆشـە نازدارەکـەی فـڕێ نەدەدایـە نێـو شـەپۆلی دەریـای پـێ پایانەوە، بەڵام لەنێو دەریادا لە ژێر چاودێریو سۆزی پـەروەردگاردا بـووە، پاداشتودەرەنجامی ئەو متمانەیە گەڕانەوەی جگەر گۆشەیە بۆ باوەشـی پـڕ لەمیهری دایکایەتی ئەوەتا خوای گەورە فەرمویەتی﴿فَرَدَدْنَاهُ إِلَى أُمِّهِ كَيْ تَقَرَّ عَيْنُهَا وَلا تَحْزَنَ وَلِتَعْلَمَ أَنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَهُمْ لا يَعْلَمُونَ﴾ القصص ١٣.

بەم شێوەیە گێرامانـەوە بـۆلای دایکی تـا دڵنیـاو دڵ ئـارام بێـتو چاوی بـە دیتنی ئاسوودە بێت ئیتر خەفەت نەخواتو لای روون بێت کە بـەڵێنی خـوا حەقو راستە بەڵام زۆربەی (ئەو خەڵکە) نازانن‌و هەستی پێ ناکەن.

متمانـە بـوون‌و پشـت بەسـتن بـەخودا بەتـەواوی لـەوەدا رون دەبێتـەوە کاتێـك موسـا علیـە السلام و هـاوەڵانی لـە تـرس وپیلانـی فیرعـەون‌و دارو دەستەکەی هەڵدێن‌و فیرعـەون‌و سـەربازەکان شـوێنیان دەکـەون بـۆ ئـەوەی لـەناویان بـەرن، ئەوانـەی لـە بـەنی ئیسـرائیل کەلەگـەڵ موسـادا دەبـن‌و دەترســـن‌و جـــۆش دادەمێـــنن‌و دەڵـــێن هـــیچ پـــەناو حەشـــارگەیەك‌و چارەسـەرێکمان نییـەو تیاچـووین ، فیرعـەون‌و سـەربازەکانی لـەدواوەمان‌و دەریـاش لەبـەردەم مانـدایـە ، بـەڵام حـەزرەتی موسا علیـە السلام متمانـەی تەواوی بە خودا هەیەو دەزانێت خودای لە گەڵدایە بۆیە دڵ ئارامەو ترس‌و بیمی نـەیارانی نییـە، بۆیـە بـە هـاوەڵانی دەڵێـت﴿قَـالَ كَـلاًّ إِنَّ مَعِـي رَبِّـي سَيَهْدِينِ﴾ الشعراء ٦٢ موسا ووتی نەخێر وا نییە مـن بەراسـتی پـەروەردگارم لەگەڵدایەو رێنموییم دەکات( بۆ رزگاری و سەرفرازی)، ئەوەتا پاداشتی ئـەو متمانـــەو ســـیقەیە بـــەخودا ، رزگـــار بوونەلـــە پیلانـــی فیرعـــەون‌و سـەربازەکانی﴿فَأَوْحَيْنَا إِلَى مُوسَى أَنْ اضْرِبْ بِعَصَاكَ الْبَحْـرَ فَـانفَلَقَ فَكَـانَ كُـلُّ فِرْقٍ كَـالطَّوْدِ الْعَظِـيمِ﴾ الشـعراء ٦٣ ئەوسـا ئێمـە وەحیمـان نـارد بـۆ موسـا: کەبەعەساکەت بماڵە بەدەریاکەدا (هەر کەئەو کارەی کـرد) دەریـا شـەق بـوو هەر پێکەو شەقامێکی دەورە درا بە شەپۆلی گـەورەی ئـاو ، کـەوەك کێـوێکی گـەورەو مـەزن وا بـوو (ئاوەکـە هەڵدرایـەوە دوانـزە کـۆڵانی بـۆ دوانـزە تایفەکەی نەوەی ئیسرائیل دروست کردبوو بە نێوانیاندا پەڕینەوە).

٢. حـەزرەتی ئیـبراهیم علیـه السلام لـه کاتێکـدا فـڕێ دەدرێتـه نێـو ئاگرەوە بە متمانەی تەواوە بە خودای بە دەسەڵات، دەڵێت( حسبنا الله ونعم الوکیـل) فـەرمانی خـواش بـۆ پشـتگیری بەندەکـەی ئەوەیـە کـە دەفـەرموێت﴿قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْداً وَسَلاماً عَلَى إِبْرَاهِيمَ﴾الأنبیاء٦٩، هـەروەها حـەزەرتی ئیـبراهیم (علیـه السـلام) خێزانەکـەی (هاجـەرە)و کوڕەکـەی ئیسماعیل(علیه السلام) لـە دۆڵێکـی ووشـكو گـەرم و چۆڵەوانیدا بـەجێ دێڵێێـت لـە شـوێنی ئێسـتای شـاری مەککـە، نەخواردن،نەخواردنـەوە ، نەدراوسـێ ،نەکـەس وکاری لێ نـەبوو ، خێزانەکـەی پـێی دەڵێـت بـەجێمان دێڵێـتو بـەلای کـێوە بـە جێمـان دێڵێـتو ئیـبراهیم وەڵام ناداتـەوە ئینجا خێزانەکەی پێی دەڵێت خوا فـەرمان پـێ کردویـت بـە ئامـاژە دەڵێت بـەڵێ ئینجا هاجـەرە دەڵێـت خـوای گـەورە وونمـان ناکات هەرواشـە خـوای گـەورە وونی نەکردنو نازو نیعمەتی خۆی پێ بەخشین .

٣. متمانـەبوون بـە خـوای گـەورە بـەروونیو درەوشـاوەیی لـە ژیـانی پێغەمبەری ئـازیزدا(ﷺ) دیـارە چونکە ئـەو سـەروەری متمانەکە رانـە بـە خودا، ئەوەتا کاتێـك لـەنێو ئەشکەوتە کەدایـەو بـێ بـاوەڕانیش لـە دەرگـای ئەشکەوتەکەدان ، ئەبو بەکری صدیق خوای لێ رازی بێت دەترسێ و دەڵێت ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بە خوا گەر یەکێکیان تەماشای ژێر پێی خۆیـان بکـەن دەمـان بیـنن پێغەمبـەری ئـازیز(ﷺ) بـە زمـانێکی متمانـەدارەو بەخودای گەورە دەڵێت ئەی ئەبو بەکر گومانت چییە بـە دوو کـەس خـوای گـەورە سـێیەمیان بێـت مەترسـەو خوامـان لەگەڵدایـە، قورئـانیش ئـەم دیمەنەمان بەجوانی بۆ دەگێڕێتەوە ﴿إِلاَّ تَنصُرُوهُ فَقَدْ نَصَرَهُ اللَّهُ إِذْ أَخْرَجَهُ الَّذِينَ كَفَرُوا ثَانِيَ اثْنَيْنِ إِذْ هُمَا فِي الْغَارِ إِذْ يَقُولُ لِصَاحِبِهِ لا تَحْزَنْ إِنَّ اللَّهَ مَعَنَا

﴿فَأَنزَلَ اللَّهُ سَكِينَتَهُ عَلَيْهِ وَأَيَّدَهُ بِجُنُودٍ لَمْ تَرَوْهَا وَجَعَلَ كَلِمَةَ الَّذِينَ كَفَرُوا السُّفْلَى وَكَلِمَةُ اللَّهِ هِيَ الْعُلْيَا وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ﴾ التوبة٤. ئەگەر ئێوه پشتگیری پێغەمبەر(ﷺ) نەکەنو یارمەتی نەدەن، ئەوه بەراستی خوا پشتگیری کردوو سەریخست، کاتێك ئەوانەی بێ باوەڕ بوون دەریان کرد لەشاری مەککەو یەکێك بوو لەو دوو کەسە کاتێك هەردووکیان لەناو ئەشکەوتەکەدا بوون(کاتێك بێ باوەڕەکان گەشتبوونە دەوروبەری ئەشکەوتەکە ئەبو بەکری هاوەڵی خەمی لێهات) پێغەمبەریش(ﷺ) دڵی دایەوەو پێی ووت خەفەت مەخۆ ،دڵنیا بە خوامان لەگەڵە، ئەوسا ئیتر خوا ئاسودەیی‌و ئارامی خۆی دابەزاندە سەری‌و پشتگیری و بەهێزی کرد بە سەربازانێك کە ئێوە نەتان دەبینین‌و بەرنامەو ئایینی بێ باوەڕانی دانەواندو ریسواتری کرد، بەرنامەو ئایینی خوایش هەمیشە بەرزو بڵند ترە ، خوایش هەمیشە بالاّ دەست‌و دانایە..

- لە جەنگی ئەحزابدا خوای گەورە وێنەی ئەو بڕوادارانەمان بۆ باس دەکات چونکە متمانەیان بەخودایەو پشتیان هەر بەو بەستووە﴿وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الأَحْزَابَ قَالُوا هَذَا مَا وَعَدَنَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللَّهُ وَرَسُولُهُ وَمَا زَادَهُمْ إِلاَّ إِيمَاناً وَتَسْلِيماً﴾ الأحزاب ٢٢ واتە: کاتێك ئیمانداران ئەو هەموو دەستەو گرۆهانەی بینی ووتیان ئەمە ئەوەیە کەخواو پێغەمبەرکەی بەڵێنی پێداوین(کە ئاوا دژایەتی ئاینەکەی دەکرێت‌و کافران‌و دوو ڕووەکان نەخشەو پیلان دەکێشن بۆ ریشەکەن کردنی) دیارە کە خواو پێغەمبەرەکەی راستیان فەرموو لە پێش هاتنی دا، بێگومان ئەو دژایەتییە باوەڕو ملکەچی نەبێت هیچی تری بۆ زیادنەکردن(واتە سور تر بوون لە سەرئیمان).

﴿الَّذِينَ قَالَ لَهُمُ النَّاسُ إِنَّ النَّاسَ قَدْ جَمَعُوا لَكُمْ فَاخْشَوْهُمْ فَزَادَهُمْ إِيمَاناً وَقَالُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ﴾ آل عمران ١٧٣ بەواتای : ئەوانەی کە خەڵکی (باوەڕ لاواز) پێمان دەڵێن: بە راستی خەڵکی بێ باوەڕو خوانەناس خۆیان بۆ ئێوە کۆکردۆتەوەو خۆیان بۆ ئێوە مەڵاس داوە، لێیان بترسن(خۆتان توشی بەڵامەکەن) بەڵام ئەوان (واتە ئیماندراران بەو پڕوپاگەندەیە) باوەڕیان زیاتر دامەزراو، ووتیان: خوامان بەسە کە یاریدەدەرو یارمەتی دەرێکی چاکە.

- ئەوەتا پێغەمبەری پێشەوامان(ﷺ) وانەیەکی گرنگی متمانەبەخوا بوون بۆ ئومەتەکەی روون دەکاتەوە کاتێك بە ئیبن عەباس دەڵێت(خوایان لێ رازی بێت) (أحفظ الله يحفظك أحفظ الله تجده تجاهك ، إذا سألت فأسأل الله، وإذا أستعنت فأستعن بالله، وأعلم أن الأمة لو أجتمعت على أن ينفعوك بشيء لم ينفعوك الا بشيء قد كتبه الله تعالى لك و أن أجتمعوا على أن يضروك بشيء لم يضروك الا بشيء قد كتبه الله عليك رفعت الأقلام وجفت الصحف ) رواه الترمذي وقال حسن صحيح.

موسڵمانانی متمانەدار بەخوا دڵنیایە لەوەی کە خوای گەورە وازی لێ ناهێنێتو وونی ناکات.

- بڕوا بە خوای گەورە ئەوە دەخوازێت کە بەندەکان دڵنیا بن لەوەی کە هیچ هێزو تواناو دەسەڵاتێك ناتوانێت هیچ بکات ئەگەر خوای گەورە ئیزنی لەسەر نەبێت ، بڕوادار دەبێت دڵنیا بێت لەوەی ئەم بوونەوەرە و هەموو ئەوانەی کە تێیدایە هەمووی دروست کراوی خوایەو ملکەچی ئەوە و هەموو لە پانتایی قەزاو قەدەری خوادا دەجوڵێتەوەو ﴿وَأَنَّا لَمَّا سَمِعْنَا الْهُدَى آمَنَّا بِهِ فَمَنْ يُؤْمِنْ بِرَبِّهِ فَلا يَخَافُ بَخْساً وَلا رَهَقاً﴾ الجن ١٣ واتە

بەراستی ئێمە کاتێك گوێمان لە بانگەوازی هیدایەت بوو ، یەکسەر باوەڕمان پێ کرد، جا ئەوەی ئیمان بهێنێت بە پەروەردگاری ئیتر ناترسێت لەوەی چاکەکانی بێ نرخ تەماشا بکرێت یان لە گوناهەکانیشی چاوپۆشی نەکرێت.

- ئەوانەی متمانەیان بە خودایە بەردەوام مێشك‌و دڵ‌و دەروونیان ئارامەو ناشڵەژێن‌و تووشی ڕاڕایی‌و دڵەڕاوکێ نابن کاتێك تووشی گرفت‌و نارەحەتی دەبن چونکە بە زمانی حاڵ دەڵێن ﴿قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا هُوَ مَوْلانَا وَعَلَى اللَّهِ فَلْيَتَوَكَّلْ الْمُؤْمِنُونَ ﴾ التوبة ٥١ ، ئەی پێغەمبەر (ﷺ) تۆش بڵێ: هەرگیز لەوە زیاترمان بۆ پێش نایەت‌و تووشمان نایەت جگە لەوەی کە خوا بۆی نوسیوین (هەرچیش بۆمان پێش دێت هەر خێرە بۆمان) ئەو زاتە هەمیشە یارو یاوەرو پشتیوانمانە، دەبا ئیمانداران هەر پشت بەو خوایە ببەستن.

**عامری کوڕی قەیس دەفەرموێت:** سێ ئایەتی قورئانی پیرۆز بۆ من بەس بوون: کە ئەم ئایەتەم خوێندنەوە﴿وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلا كَاشِفَ لَهُ إِلاَّ هُوَ وَإِنْ يَمْسَسْكَ بِخَيْرٍ فَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ الأنعام ١٧ بەواتای : (دڵنیابە لەوەی)ئەگەر خوا دووچاری زیان‌و گرفتێکت بکات، ئەوە هەرگیز لابەری نییە جگەخۆی نەبێت، خۆ ئەگەر بیەوێت تووشی خێر خۆشیەکت بکات، ئەوە ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

دەڵێت زانیم‌و دڵنیا بووم لەوەی گەر خوای گەورە مەیلی لەسەر بێت تووشی زیانێك بم کەسێك نییە لەسەر زەویدا بتوانێت لێمی دوورخاتەوە وە گەر بیەوێت شتێکم بداتێ کەس ناتوانێت لێمی بستێنێت.

هەروەها ئەم ئایەتەم خوێندنەوە﴿فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ وَاشْكُرُوا لِي وَلا تَكْفُرُونِ﴾ البقرة ١٥٢ بە واتای (دەی کەواتە) ئەی ئیمانداران ئەگەر یادی من

بکەن منیش یادی ئێوە دەکەمو سوپاس گوزاری من بن و سوپاس ناپەزێرو سپڵەیی بەرامبەرم مەکەن... هەر بۆیە منیش خەریك بووم بە زیکرو یادی خواوە.

هەروەها ئەم ئایەتەم خوێندنەوە وَمَا مِنْ دَابَّةٍ فِي الأَرْضِ إِلاَّ عَلَى اللَّهِ رِزْقُهَا وَيَعْلَمُ مُسْتَقَرَّهَا وَمُسْتَوْدَعَهَا كُلٌّ فِي كِتَابٍ مُبِينٍ﴾ هود ٦ هیچ زیندەوەرێك نییە لەم زەویەدا رزقو رۆزیەکەی لەسەر خوا نەبێت و ئاگادارە بە شوێنی حەوانەوەو شوێنی دەرچوونیان ،هەموو شتێك تۆمارە لە دۆسیەی ئاشکرادا لە (لوح المحفوظ)دا.

بەم شێوەیە زانیمو دڵنیابووم ومتمانەم زیادی کرد کە ئەو رۆزییەی خوا بۆی داناوم کەسی تر نایبات.

- متمانە بەوادەو بەڵێنەکانی خوای گەورە ﴿أُوْلَئِكَ الَّذِينَ نَتَقَبَّلُ عَنْهُمْ أَحْسَنَ مَا عَمِلُوا وَنَتَجاوَزُ عَنْ سَيِّئَاتِهِمْ فِي أَصْحَابِ الْجَنَّةِ وَعْدَ الصِّدْقِ الَّذِي كَانُوا يُوعَدُونَ﴾ الأحقاف ١٦ بەواتای : ئا ئەوانە ئەو کەسانەن کە بەگوێرەی چاکترینی کردوەکانیان پاداشتیان دەدەینەوە، چاوپۆشیش لەهەڵەو گوناهەکانیان دەکەین لە ریزی بەهەشتییەکاندا ، ئەمەش بەدەستهێنانی ئەو بەڵێنە راستو دروستەیە کەکاتی خۆی پێیان درا بوو.

ئەمەو وادەو بەڵێنەکانی خودا راستەو هەر دێتە دی وبڕواداران دەبێت متمانەی تەواویان هەبێت بەم وادەو بەڵێنانە چونکە ﴿إِنَّ اللَّهَ لا يُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ الرعد ٣١ هەر بۆیە نزاو پاڕانەوەی پیاوچاکانو وزانایانی خواناس ئەوەیە کە دەڵێن﴿رَبَّنَا وَآتِنَا مَا وَعَدْتَنَا عَلَى رُسُلِكَ وَلا تُخْزِنَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِنَّكَ لا تُخْلِفُ الْمِيعَادَ﴾ **آل عمران ١٩٤** بەواتای : پەروەردگارا: ئەو بەڵێنانەشمان بۆ ئەنجام بدە کەلەسەر زاری پێغەمبەرانتدا بە ئێمەت داوە (کە سەرکەوتنە لە

دنیاداو بەهەشتی بەرینە لە داهاتوودا) و لە رۆژی قیامەتیشدا خەجاڵەتو ڕووزەردمان مەکە، بێگومان تۆ بەڵێن شکێن نیتو بەڵێنی خۆت دەبەیتە سەر ..

- متمانەبوون بە پاداشتی بێپایانی خودا لە رۆژی دوایی بە گرۆی باوەڕداران هەروەك فەرمویەتی ﴿إِنَّ هَذَا الْقُرْآنَ يَهْدِي لِلَّتِي هِيَ أَقْوَمُ وَيُبَشِّرُ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يَعْمَلُونَ الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ أَجْراً كَبِيراً﴾ الإسراء ٩ ، بەواتای: بەراستی ئەم قورئانە هیدایەت بەخشە بۆ چاکترین ڕێگەو ڕێبازو بەرنامە، مژدەیش دەدات بەو ئیماندارانەی کەکارو کردەوە چاکەکان دەکەن ، کە بێگومان پاداشتی زۆرو بێ سنور چاوەڕێیانە.

- هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی ﴿أَلا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ لَهُمُ الْبُشْرَى فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ لا تَبْدِيلَ لِكَلِمَاتِ اللَّهِ ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ﴾ یونس ٦٢-٦٤ بەواتای ئاگادار بن کە بەراستی چاکانو خۆشەویستانی خوای میهرەبان نەترسو بیم روویان تێ دەکات(لەسەرە مەرگو لە رۆژی لێپرسینەوەدا) نەغەمو پەژارەو دڵ تەنگی دایان دەگرێت (بەڵکو فریشتەکان بەخۆشیەوە مژدەی سەرفرازیو خۆشنوودیان دەدەنێ) (ئەو بەختەوەرانە) ئەو کەسانەن باوەڕی بەتینو دامەزراوو پڕسۆزیان هێناوە بە پەروەردگاریانو خۆشیان دەپارێزن لە خەشمو قینی خوا (بەهۆی ئەنجامدانی فەرمانەکانی خواو تەرێزکردنیان لەحەرام) هەر بۆ ئەوانە مژدەی(کامەرانیو بەختەوەری) لە ژیانی دنیادا( کە مژدەی قورئانو فەرمودەیە) لە قیامەتیشدا (مژدەکان هەموو دەبنە واقیعو هەموو مژدە قورئانیەکان بەزیادەوە دێنە دی) بێگومان ئەو بەڵێنانەی خوا هەر دێنە دی و هیچ گۆرانکارییەکیان بەسەردا نایەت، ئا ئەوەیە سەرفرازیو

کامەرانی گەورەو مەزن، هەروەها خوای گەورە فەرمویەتی﴿إِنَّ الَّذِينَ قَالُوا رَبُّنَا اللَّهُ ثُمَّ اسْتَقَامُوا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمْ الْمَلائِكَةُ أَلاَّ تَخَافُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَبْشِرُوا بِالْجَنَّةِ الَّتِي كُنْتُمْ تُوعَدُونَ نَحْنُ أَوْلِيَاؤُكُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَشْتَهِي أَنفُسُكُمْ وَلَكُمْ فِيهَا مَا تَدَّعُونَ نُزُلاً مِنْ غَفُورٍ رَحِيمٍ﴾ فصلت ٣٠-٣٢ بەواتای : ئەوانەی بەراستی ووتیان: پەروەردگارمان (الله)یە ، لەوەو دوا بەردەوام پابەندی ئەو ڕێبازە راستە بوون، ئەوە لەسەر مەرگدا دەستە دەستە فریشتە دادەبەزن بۆ لایان، پێیان دەڵێن: هیچ ترس‌و بیمێکتان نەبێت لەداهاتوو، هیچ غەم‌و پەژارەیەکتان نەبێت بۆ رابردوو، مژدەتان لێ بێت بەو بەهەشتەی کەکاتی خۆی بەڵێنتان پێ دەدرا ...(خوا گەورە فریشتەکانیش دەفەرموون) : ئێمە یارو یاوەرو هاوکارو پشتیوانی ئێوەین لە ژیانی دیناو قیامەتیشدا مژدەتان لێ بێت لە بەهەشتدا هەر چی ئارەزووی دەکەن‌و داوای دەکەن بۆتان ئامادەیە.. ئەو بەهرەیەش لەلایەن پەروەردگارێکەوە پێشکەشتان دەکرێت کە لێبوردەو میهرەبانە.

- برگەیەکی تر لە متمانەبوون بەخوای گەورە دڵنیا بوونە لەوادەو بەڵێنی خوا بۆ ئەو باوەڕدارانەی لە پێناوی خوادا خۆگرو بەئارام بوون لە بۆتەی تاقی کردنەوەکاندا دەرچوون﴿وَلَنَبْلُوَنَّكُمْ بِشَيْءٍ مِنْ الْخَوْفِ وَالْجُوعِ وَنَقْصٍ مِنْ الأَمْوَالِ وَالأَنفُسِ وَالثَّمَرَاتِ وَبَشِّرْ الصَّابِرِينَ الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُمْ مُصِيبَةٌ قَالُوا إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ أُوْلَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِنْ رَبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُهْتَدُونَ﴾ البقرة ١٥٥-١٥٧ .. بەواتای : سوێند بەخوا تاقیتان دەکەینەوە بەکەمێك لەترس‌و بیم‌و برسێتی‌و کەم بوونی ماڵ‌و سامان‌و مردنی کەسوکارو تیاچوونی بەروبوومی کشتوکاڵ، جا مژدە بدە بەو کەسانەی خۆگرو ئارامگرن، ئەوانەن هەر کاتێك تووشی بەڵاوناخۆشیەك دەبن دەڵێن: ئێمە

موڵکی خواین‌و هەرچی هەمانە بەخششی خوایە ، سەر ئەنجامیش تەنها هەر بۆلای ئەو زاتەیە گەڕانەوەمان، ئا ئەوانە چەندەها ستایش و رەحمەت‌و میهرەبان بەسەریاندا دەبارێت لەلایەن پەروەردگاریانەوەو ئەوانە ئەوکەسانەن رێبازی هیدایەتیان وەرگرتووە....

- برگەیەکی تر لە متمانە بوون بەخوای گەورە متمانەو دڵنیابوونە بەوەی خوای گەورە بێ باوەڕان روو زەردو ریسواو زەلیل دەکات ، بڕوادارانیش سەرفرازو سەرکەوتوو دەکات﴿ وَلا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ غَافِلاً عَمَّا يَعْمَلُ الظَّالِمُونَ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ الأَبْصَارُ مُهْطِعِينَ مُقْنِعِي رُءُوسِهِمْ لا يَرْتَدُّ إِلَيْهِمْ طَرْفُهُمْ وَأَفْئِدَتُهُمْ هَوَاءٌ وَأَنذِرْ النَّاسَ يَوْمَ يَأْتِيهِمْ الْعَذَابُ فَيَقُولُ الَّذِينَ ظَلَمُوا رَبَّنَا أَخِّرْنَا إِلَى أَجَلٍ قَرِيبٍ نُجِبْ دَعْوَتَكَ وَنَتَّبِعْ الرُّسُلَ أَوَلَمْ تَكُونُوا أَقْسَمْتُمْ مِنْ قَبْلُ مَا لَكُمْ مِنْ زَوَالٍ وَسَكَنتُمْ فِي مَسَاكِنِ الَّذِينَ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ وَتَبَيَّنَ لَكُمْ كَيْفَ فَعَلْنَا بِهِمْ وَضَرَبْنَا لَكُمْ الأَمْثَالَ وَقَدْ مَكَرُوا مَكْرَهُمْ وَعِنْدَ اللَّهِ مَكْرُهُمْ وَإِنْ كَانَ مَكْرُهُمْ لِتَزُولَ مِنْهُ الْجِبَالُ فَلا تَحْسَبَنَّ اللَّهَ مُخْلِفَ وَعْدِهِ رُسُلَهُ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ ذُو انتِقَامٍ﴾ إبراهيم ٤٢– ٤٧......

بەواتای : ئەی پێغەمبەر (ﷺ) ئەی ئیمانداران وا گومان مەبە کە خوا بێ ئاگایە لەوکارو کردەوەیەی ستەمکاران دەیکەن ، بەراستی خوا سزا کەیان دوا دەخات بۆ رۆژێك کە چاوەکانیان تیایدا ئەبڵەق دەبن (جاری وایش هەیە هەر لەدنیادا ستەمکاران ریسوا دکات‌و تۆڵەیان لێ دەستێنیت).

بەپەلەو شپرزەییەوە دێن سەریان بەرزکردۆتەوەو لەترس وسامناکی ئەو رۆژەدا چاویان ناترۆکێت ، دڵەڕاوکێیانەو دڵ و دەروونیان بەتاڵەو هیچ حاڵی نین ، ئەی محمد(ﷺ) خەڵك بترسێنەو بێداریان بکەرەوە لەو رۆژەی کەسزاو ئازار یەخەیان پێ دەگرێت ، جا ئەوانەی کەستەمیان کردووە دەڵێن:

پەروەردگارا بۆ ماوەیەکی کەمو نزیك مۆڵەتمان بدە(بمانگێڕەوە بۆ دونیا) تابەدەم بانگەوازەکەتەوە بچینو شوێنی پێغەمبەران بکەوین، (بەڵام تازە کار لەکارترازاوە و گەڕانەوە ئەستەمە، بۆیە پێیان دەوترێت) مەگەر کاتی خۆی سوێندتان نەدەخوارد کە دنیا بەردەوامەو ئێوە تیاچونتان نابێت؟! ئێوە کاتی خۆیشی نیشتەجێ بوون لەماڵو حاڵو شوێنی ئەوانەدا کەستەمیان لەخۆیان کردووە (ڕێگەی ئیمانو خواناسیان نەگرت) بۆتان دەرکەوت کە چیمان پێ کردنو چیمان بەسەرهێنانو نمونەو باسی زۆرمان بۆ هێناونەتەوە (دەربارەی سەرەنجامیان) بێگومان(خوانەناسان) پیلانو تەڵەکەی خۆیان گێڕا، فێڵو فڕی زۆریان کرد ، بەڵام هەموو پیلانو فێڵیان لای خوا ئاشکراو دیارە (بەسەرخۆیاندا دەیشکێنێتەوە) هەر چەندە پیلان وفێڵیان کیوەکانیش لەبن بهێنێت.

کەواتە وا حیساب مەکە (ئەی پێغەمبەر(ﷺ) ئەی ئیماندار) خوای گەورە بەڵێنی خۆی بۆ پێغەمبەران ناباتە سەر (بەسەرخستنو مانەوەی بەرنامەیان لەدنیاو سەرفرازی هەمیشەیان لەبەهەشتی بەریندا)چونکە بەراستی خوا باڵا دەستەو خاوەن تۆڵەیە( لە ستەمکارو خوانەناسان) خوای گەورە پشتیوانی باوەڕدارانەو سەرکەوتوویان دەکات هەروەك فەرمویەتی

﴿ فَلا تَهِنُوا وَتَدْعُوا إِلَى السَّلْمِ وَأَنْتُمْ الأَعْلَوْنَ وَاللَّهُ مَعَكُمْ وَلَنْ يَتِرَكُمْ أَعْمَالَكُمْ﴾ محمد ٣٥ بەواتای : ئێوە سستی مەکەنو داوای ئاشتی پێش وەخت لە دوژمنان مەکەن، چونکە هەر ئێوە سەرکەوتوودەبن ، دڵنیا بن کە خوایش لە گەڵتانە ، کارو کردەوەتان بەزایە نادات و لێی کەم ناکاتەوە.

هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی﴿ لا تَحْسَبَنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مُعْجِزِينَ فِي الأَرْضِ وَمَأْوَاهُمْ النَّارُ وَلَبِئْسَ الْمَصِيرُ﴾ النور ٥٧ بەواتای: وا مەزانە ئەوانەی کە

بێ باوەڕو خوانەناس بوون لەدەست سزاو تۆڵەی خوا لەسەر زەوی رزگاریان دەبێت ئەوانە لە قیامەتدا شوێنیان ئاگری دۆزەخە، ئای چ سەرەنجامێکی خراپە.

- هەر لەمیانەی متمانە بوون بە خوای گەورە بابەتی متمانە بوونە بە سەرکەوتنی خوای گەورە بۆ بەندە ساڵحانەکانی، چونکە پەروەردگاری کار بەجێ وادەو بەڵێنی بە بەندەکان داوە کە سەریان بخاتو سەرکەوتویان کات ئەگەر بڕوادار بوون هەر چەندە ناحەزانو و نەیارانی ئایینی خوا خاوەن هێزو دەسەڵات بن، بەلگەی ووتەکانمان چەندین ئایەتی قورئانی پیرۆزە لەوانە:

﴿وَلَقَدْ كَتَبْنَا فِي الزَّبُورِ مِنْ بَعْدِ الذِّكْرِ أَنَّ الأَرْضَ يَرِثُهَا عِبَادِي الصَّالِحُونَ﴾ الأنبياء ١٠٥ سوێند بە خوا بەراستی ئێمە لە کتێبی زەبووردا دوای تەورات بڕیارمانداوە کە : بێگومان بەندە شیاوو چاکەکانم دەبنە خاوەن زەوی.

﴿وَإِنَّ جُندَنَا لَهُم الْغَالِبُونَ﴾ الصافات ١٧٢ سەربازە ئیمانداره‌کانیشمان هەر دەسەڵات دەگرنە دەستو زاڵ دەبن.

﴿إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الأَشْهَادُ﴾ غافر ٥١ بەراستی ئێمە پێغەمبەرەکانمانو ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەردەخەین ، لەژیانی دنیادا هەروەها ئەو رۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن (فریشتەکان شایەتی بۆ پێغەمبەران دەدەن،پێغەمبەران شایەتی بۆ بانگخوازان دەدەن، بانگخوازان شایەتن لەسەر خەڵکی)

﴿وَلا تَهِنُوا وَلا تَحْزَنُوا وَأَنْتُمْ الأَعْلَوْنَ إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ ال عمران ١٣٩ (ئەی ئیمانداران) کۆڵ مەدەنو سارد مەبنەوەو خەفەت مەخۆن ، چونکە هەرئێوە

سـەربەرزو سـەرفرازو سـەركەوتووترن ئەگـەر ئیمانـداری چـاكو راسـت و دروست بن.

- كۆتایی باسەكەمان بەم ووتە زێڕینەی رەبیعی كوڕی خەیسەم دێنیین كە دەفەرموێت خوای گـەورە لەسـەر خـۆی دانـاوە هـەر كـەس پشـتی پـێ بەسـتێ ئـەوە خـوای گـەورەی بەسـە ، ئـەوەی بـڕوای پـێ بـێ رێنـوێنی دەكـات ئـەوەی قەرزی بداتێ پاداشـتی دەداتـەوە ، ئـەوەی متمانـەی پـێ بـێ رزگـاری دەكـات ، ئـەوەی لێـی بپارێتـەوە وەڵامـی دەداتـەوە ، راسـتاندنی ئەمانـەش ئایتـەكانی قورئانی پیرۆزە كە دەفەرموێت ﴿وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ فَهُوَ حَسْـبُهُ﴾ الطلاق ٣ جا ئەوەی پشـت بـەخوا ببەسـتێت ئـەو زاتـەی بەسـە بـۆ ئـەوەی یاریـدەدەری بێت.

﴿وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللَّهِ يَهْدِ قَلْبَهُ﴾ التغابن ١١ جائەوەی باوەڕی تەواو بهێنێـت خـوا دڵی رێنمونی دەكات بۆ لای خۆی .

﴿مَنْ ذَا الَّذِي يُقْرِضُ اللَّهَ قَرْضاً حَسَناً فَيُضَاعِفَهُ لَهُ﴾ التغـابن ١٧ ئـەگـەر قـەرز بدەن بە خوا بە شێوەیەكی چاك(مەبەست بەخشینیماڵو سامانە لە پێناوی خوادا) ئەوە خوا چەند بەرامبەری دەكات بۆتان.

﴿وَمَنْ يَعْتَصِمْ بِاللَّهِ فَقَدْ هُدِيَ إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾ آل عمـران ١٠١ جـا ئـەوەی پشـت بـەخوا ببەسـتێت پـەیڕەوی لـە بەرنامەكـەی بكـات ئـەوە بەراسـتی بـۆ رێگەو رێبازێكی راستو دروست هیدایەت دراوە.

﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ أُجِيبُ دَعْوَةَ الدَّاعِي إِذَا دَعَـانِي﴾ البقـرة ١٨٦ بەواتای : ئەی محمد(ﷺ) ئەگەر بەندەكانم پرسیارت لێ بكـەن دەربـارەم ئەوە من نزیكم لێیانەوە بەهاناو هـاواری دۆعـا گۆیانـەوە دەچـم هـەر كاتێـك لێم بپاڕێنەوەو نزا بكەن.

## ئەڵقەی حەوتەم

## متمانە بەخۆبوون (الثقة  بالنفس)

سەرەتای بابەتەکەم بەو وتەیە دەست پێ دەکەم کە دەدرێتە پاڵ حەزرەتی عیسا (علیه السلام) کە فەرموویەتی: (ماذا یکسب الأنسان إذا فاز بکل شئٍ وخسر نفسه)، بەڵێ مرۆڤ دەبێ خۆی ون نەکات و خۆی بەفیڕۆ نەدات و خۆی بناسێتەوە و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی لە ژیاندا بگێڕێت هەموو ئەمانەش بە متمانە بە خۆبوون دێتە بەرهەم.

دەڵێن متمانە بە خۆبوون ڕێگای سەرکەوتنە لە ژیاندا و کلیلی گەیشتنە بە هەموو ئامانجەکان، ڕاڕایی و بێ متمانەیی و نا ئارامیی سەرەتای شکست و هەرەس هێنانە، هەرکات مرۆڤ متمانەی بە خۆی و بیرۆ و باوەڕ و ڕێبازەکەی نەبوو دەوروبەریش ڕێزی ئەوتۆی لێ ناگرن و گوێ بیستی نابن.

ئەمە و شکستی دەروونی سەرەتای دۆڕانە، بە واتایەکی تر تیرێکی ژەهراوی یە هەرکەس بپێکێت یەکسەر دەیکوژێت.

متمانە بە خۆبوون پێناسەی جیا جیا لە خۆ دەگرێت، ئێمە تەنها بوارمان ئەوەندە هەیە ئاماژە بە پێناسەیەك بدەین کە دەڵێت متمانە بەخۆبوون بریتی یە لە: بڕوا بوون مرۆڤ بە بیرو باوەڕ ئامانجەکانی بە بڕیارەکانی بە ووزە و تواناکانی، یانی بڕوا بوون بە خودی خۆی. متمانە بەخۆبوون مانای خۆ بە گەورەزانین و لوت بەرزی ناگەیەنێت، بەڵکو جۆرێك لە دڵنیایی نەخشە بۆکێشراوە، هاوتایە لەگەڵ تواناکان و گەیشتن بە سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکان.

مەبەستیش لە متمانە بە خۆبوون بریتیە لە متمانە بەو تواناو بەهرە و میکانیزمانەی کە خوای گەورە وەك نیعمەتێك بەخشیویەتی بە مرۆڤەکان،

ئەمـەش متمانەیـەکی دروسـت و سـتایش کـراوە پێویسـتە تاکـەکانی لەسـەر پەروەردە بکرێن تا کەسایەتییەکی بەهێزیان هەبێت.

ئەمە و پێویستە ئەوانەی متمانـەی تـەواویان بـە خـودی خۆیـان و توانـا و زانست و بەهرە و... هتد خۆیانە ئەو ڕاستیە بزانن و بڕوایان بـەوە بێـت کـە هـەموو ئەمانــە بەخشـش و فـەزڵ و نیعمـەتی خوایـە بـۆ بەنـدەکانی، بـەم شـێوەیە مـرۆڤ لـە جۆرەکـانی شـیرك و خۆبەگـەورە زانـین پـارێزراو دەبێـت، متمانە بەخۆبوون بـە مانـا دروسـتەکەی دەرەنجامی سروشـتی بـیر و بـاوەڕ و متمانە بوونە بە خۆ و بە پەیام و بەرنامەکەی و بـە وەعـدە و بەڵێنـەکانی و بە سەرخستنی ئیمانداران لە دنیاو ڕۆژی دوایی دا.

بۆ ئەوەی متمانە بە خۆبوون بە ڕەوتی ئاسایی خۆی دا بڕوات ئـەوا مـرۆڤ پێویسـتی بـە خـاوێن کردنـەوەی دڵ و دەروون و تـەزکی یـە هەیـە، خـاوێن کردنەوە لە ژەنگی گوناح و تاوان و سیفەتی خراپ و ناڕەوا و ناپەسند.

ئـەوەتا حـەزرەتی سـولەیمان (علیـە السـلام) خـوای گـەورە مـاڵ و موڵـك و سـامان و بەخششـێکی بـێ ئەنـدازەی وای پـێ بەخشـیبوو کـە نەیـدابوە هـیچ بەندەیـەکی تـری، کاتێـك بـە خـۆی و سـوپاکەیەوە تێدەپـەڕن بـەلای شـارە میروولەیەکـدا و گـوێی لـە دەنگـی میروولەکـە دەبێــت سوپاسـگوزاریی خـودا دەکـات کـە ئـەم نیعمەتـەی پـێ بەخشـیوە و لـە وتـەی مێرووەکـە تـێ دەگـات هەروەکو قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە﴿ فَتَبَسَّمَ ضَـاحِكاً مِـنْ قَوْلِهَـا وَقَـالَ رَبِّ أَوْزِعْنِي أَنْ أَشْكُرَ نِعْمَتَكَ الَّتِي أَنْعَمْتَ عَلَيَّ وَعَلَى وَالِـدَيَّ وَأَنْ أَعْمَـلَ صَـالِحاً تَرْضَاهُ وَأَدْخِلْنِي بِرَحْمَتِكَ فِي عِبَادِكَ الصَّالِحِينَ ﴾النمل -١٩-

لەم بارەوە ئیمامی (إبن القیم) ڕەحمەتی خوای لێ بێـت دەفـەرموێت: ((في النفس كبر إبليس، وحسد قابيل، وعتو عاد، وطغيـان ثمـود، و جـرأة النمـرود،

واستطالة فرعون، وغرور قارون، و وقاحة هامان، وهوى بلعام، وحيل أصحاب السبت، وتمرد الوليد، وجهل أبي جهل))

هەروەها باسی چەندین سیفاتی دەروونی دەکات کە لە نێو چەندین جۆر و ڕەنگی ئاژەڵ و باڵدار دا هەیە و لەم بارەیەوە دەفەرموێت: (( وفيها من أخلاق البهائم، حرص الغرائب، وشره الكلب، ورعونة الطاووس، ودناءة الجعل، وعقوق الضب، وحقد الجمل، ووثوب الفهد، وصولة الأسد، وفسق الفأرة، وخبث الحية، وعبث القرد، وجمع النملة، ومكر الثعلب، خفة الفراش، ونوم الضبع))

ئەم سیفاتە ناپەسندانە بە خواپەرستیی و خاوێن کردنەوەی دەرون و تێکۆشان نامێنێت لە بری ئەمانە سیفاتی بەرز و جوان جێگایان دەگرێتەوە.

ئەوانەی متمانەیان بە خۆیان بێت، دڵ ئارام و هێدی و دامەزراون و ڕاڕایی و دڵەڕاوکێ یان نی یە و هێز و ووزە و تواناکانیان بەفیڕۆ ناچێت، بەڵام ئەوانەی متمانەیان بە خۆیان نەبێت ئەمڕۆ کارێك دەکەن و بە ڕاڕایی وازی لێ دەهێنن و دەچنە سەر کارێکی تر و ئەویش بەسەر نابات، بەم شێوەیە ووزەو تواناکان بە هەدەر دەڕوات، بەڵام ئەوانەی متمانەیان بە خۆیانە و پشتیان بە پەروەردگاریان بەستووە بەختەوەر و دڵ ئارامن بەرەو ئامانجەکانیان هەنگاو دەنێن.

ئەمەو ئەوانەی متمانەیان بە خۆیان هەیە سەرەڕای ئارامی و دامەزراوەیی و سوود گەیاندن بە خۆیان و گەیشتن بە ئامانجەکان دەبنە قودوەی چاك بۆ کەسانی تر و کاریگەرێتی پۆزەتیفانەیان دەبێت لەسەر دەوروبەریان.

## چۆن متمانە بەخۆبوون دروست دەبێت؟

**متمانە بەخۆبوون لە میانەی پەیوەست بوون و ڕەچاو کردنــی ئــەم خاڵانــەی لای خوارەوە دێتەدی:**

١- **عەقیدە و بیر و باوەڕ.**
٢- **عیبادەت و خوا پەرستیی.**
٣- **زانیاریی و ڕۆشنبیریی.**
٤- **ئامادەکاری و ڕێکخستن.**
٥- **مەشق و ڕاهێنان.**
٦- **ئە نجامدانی کارو چالاکی.**

**لە کۆتاییدا دەڵێین:**

مسوڵمان کە هەڵگری پەیامی پەروەردگارە و بڕواو متانەی بە خـودا و پــەیام و وادە و بەڵێنــەکان هەیــە و کــارکردنی بـۆ ئیسـلام بــە واجـب و ئەرکی سەرشانی دەزانێت.

جا هەرکەسێك خاوەن بیر و بـاوەڕ و ئامـانجێکی ڕوون بێـت، بێگومـان ئەو کات ئەو بیر و باوەڕەی لە ژیانی ڕۆژانەی دا ڕەنگ دەداتەوە متمانەی تێـدا دروسـت دەکـات و ئەمــە و دەبێـت، کۆسـپەکانی سـەرەڕێ، پیلانـی نــەیارانی ئیسلام، کێشـە و گـیر و گرفـت، لـە ڕووی سیاسـی و ئـابوریی و کۆمەڵایەتی و...هتد لەمپەڕ نەبن لە بەردەم هەوڵ و تێکۆشانی مسوڵمان دا و ئەو ڕاستیە بزانن کە پێغەمبەری ئازیز فەرموویەتی: ((حفت الجنة

بامكاره وحفت النار بالشهوات)) **ئەوەش بزانن** ((القابض على دينه كالقابض على الجمرة)).

پێویستە مسوڵمان دەروونی لەسەر ئەم ڕاستی یانە پەروەردە بكات و ڕای بهێنێت، بزانێت هەرچی تووش بێت هەر خێر و چاكەیە بۆی و پاداشت دەدرێتەوە، ئەوەتا پێغەمبەری خوا فەرموویەتی (ﷺ) فەرموویەتی: ((عجبت لأمر المؤمن فإن أمره كله خير إن أصابه خير شكر فكان خيراً لة وإن أصابه شر صبر فكان خيراً له))

ئەمە و بزانێت كە (إحدى الحسنين) دەیگرێتەوە، ئەم بەڵگانە دروست كەری متمانەیە لای مرۆڤ و هەست دەكات ڕەنج بە خەسار نی یە، چونكە كارەكەی بۆ دونیانیە و دەزانێت بۆ كار دەكات و ئامانج و مەبەستەكانی ڕوونن پاداشتەكەی بۆ دوارۆژە هەموو ئەمانە متمانە بەخۆبوون و بە كار و چالاكی و خۆڕاگریی و ئارامی بەرامبەر كۆسپەكانی سەرەڕێ زیاد دەكات، چاوەڕوانی پاداشتی كەسێكە كە چاكەی چاكەكاران ون ناكات و ((فمن يعمل مثقالة ذرة خيراً يره)) هەمووی دێتەوە ڕێی.

## ئەڵقەی هەشتەم

## بانگەواز کردن بۆ دینی خوا

**سەرەتا :**

دەسپێکی باسەکەمان بەم ئایەتە پیرۆزەی قورئان دەنەخشێنین کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ادْعُ إِلَى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنْ ضَلَّ عَنْ سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ﴾ النحل ١٢٥ .

پەروەردگار فێری کردووین کە رێگا و شێوازی پێغەمبەران ( عليهم الصلاه والسلام ) بگرینە بەر بۆ بڵاوکردنەوە و روون کردنەوەی پەیامی خوا، چونەکە کاری وان بانگەواز کردن بووە ،بۆ لای دینی خوا، هەروەها ئەزموونی ژیانیش فێرمان دەکات کە چاکترین و گونجاوترین بۆ بڵاوکردنەوەی هەر پەیام و بیروباوەڕێك، بانگەواز کردنە بۆ ئەو رێباز و بیروباوەڕە .

بانگەواز کردنیش رێسا و نەریت و رێو شوێنی خۆی هەیە و پێویستە بانگخوازان رەچاوی ئەو حوکم و نەریتانە بکەن تا لە پرۆسەی بانگەوازدا بە یارمەتی و رێنوێنی خوای کاربەجێ سەرکەوتن بەدەست بێنن .

هەروەك ووتمان ئاینەکان بە بانگەواز کردن بڵاو دەبنەوە و گەشە دەکەن، هەروەها بە وازهێنان یان سستی لە بانگەوازدا تووشی لاوازی و گۆشەگیری دەبن، مێژووی کۆن و نوێ شاهیدی وتەکانمانە .

## بەڵگەی واجب بوونی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا

بانگەواز کردن بۆ دینی خوا ئەرك و فەرمانی پێغەمبەران و شوێن کەوتوانێتی، ئەم رێزلێنانەش هەموو موسڵمانان بە هەردوو رەگەزی نێر و مێ وە دەگرێتەوە چونکە شوێن کەوتەی پێغەمبەرانن، هەروەك خوای بالادەست و کاربەجێ فەرموویەتی : ﴿قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللَّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنْ اتَّبَعَنِي وَسُبْحَانَ اللَّهِ وَمَا أَنَا مِنْ الْمُشْرِكِينَ﴾ يوسف (١٠٨)

بۆ روون کردنەوە و تاوتوێ کردنی باسەکەمان لە چەند خاڵێکدا بەڵگەکانی واجب بوونی بانگەواز روون دەکەینەوە .

**یەکەم : بەڵگەی قورئانی پیرۆز:**

١- خوای گەورە فەرموویەتی ﴿وَالْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ يَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ﴾ التوبة (٧١)

چەمك و واتای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێت کە بانگەواز کردن واجبە لەسەر بڕواداران بە هەردوو رەگەزەوە، کەسی لێ نابوێرێت، لەبەر ئەوەی فەرمان بە چاکە و نەهی کردن لە خراپەیە هەر لە میانەی ئەم دەقە پیرۆزەی پێشووەوە ئیمامی ( قرانی ) فەرموویەتی ( قال العلماء: الأمر بالمعروف و النهي عن المنكر واجب على الفور اجماعاً ، فمن أكمنه أن يأمر بمعروف وجب عليه ".

٢- هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِنْ رَبِّكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ﴾ المائدة (٦٧)

ئەم ئایەتەش ئەوە دەگەیەنێت ، گەیاندنی پەیام و فەرمانی خوا بە گرۆی ئادەمیزاد واجبە لەلایەن پێغەمبەران و شوێن کەوتەکانیانەوە، بەتایبەت زانایان کە میراتگری پێغەمبەرانن .

٣- هەروەها فەرموویەتی:﴿ وَلْتَكُنْ مِنْكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنْكَرِ وَأُوْلَئِكَ هُمْ الْمُفْلِحُونَ﴾ ال عمران (١٠٤)

سەبارەت بەم ئایەتە پیرۆزە زانایان و راڤەکەران دوو دید و بۆچوونیان هەیە :

یەکەم: وشە (من) بۆ — بیان — روون کردنەوە لێکدەداتەوە، بەپێی ئەم راڤەیە فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە گشتی و گشتگیرە و هەموو موسڵمانان بە هەردوو رەگەزەوە دەگرێتەوە، هەندێك لە زانایانی تر (من) بۆ (تبعیض) پەرت کردن دەگەڕێننەوە. بەپێی ئەم بۆچوونە پێویستە دەستەیەك یان کۆمەڵێکی دیاری کراو هەبن بۆ ئەنجامدانی ئەم واجبە، ئەم دوو گوتەیە هەردووکیان ئیعتیباری پێ دەکرێ و دژ بە یەك نین، چونکە بانگەواز کردن واجبە لەسەر هەموو موسڵمانان، ئەگەر هەندێك بەم کارە هەستان و لە ئەستۆی خۆیان گرت و پێ یان دەکرا بە تەواوی ئەنجامی بدەن، ئەوکات واجبەکە لەسەر ئەوانی تر لادەچێت. بەڵام گەر ئەو دەستە و کۆمەڵەیە بەشی نەدەکرد ئەوا بە ئەندازەی ئەو پێویستیە بانگەواز کردن واجبە لەسەر هەموو موسڵمانان بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، .. تا بێ باوەڕێك لەسەر زەویدا مابێت بانگەواز کردن واجبە لەسەر هەموو موسڵمانان هەریەکە و لە شوێنی خۆی و بە پێی ئاست و توانا و دەسەڵاتی خۆی، بەتایبەت لەم قۆناغە هەستیارەی کە مرۆڤایەتی پێیدا گوزەر دەکات، دژایەتی کردنی ئیسلام و موسڵمانان مۆرکێکی جیهانی وهەرێمایەتی گرتۆتەوە.

٤- خوای گەورە لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا، باسی یادخستنەوەی بەرنامە و قورئانی پیرۆزمان بۆ دەکات و دەفەرموێت:﴿ فَذَكِّرْ إِنْ نَفَعَتْ الذِّكْرَى سَيَذَّكَّرُ مَنْ يَخْشَى﴾ الاعلى (٩-١٠) ﴿ فَذَكِّرْ إِنَّمَا أَنْتَ مُذَكِّرٌ﴾ الغاشية (٢١) ﴿فَذَكِّرْ بِالْقُرْآنِ مَنْ يَخَافُ وَعِيدِ﴾ ق (٤٥)

کاری پێغەمبەران و شوێن کەوتوانی یادخستنەوەی پەیام و بەرنامەی خوایە بە مرۆڤەکان، یادخستنەوەش بانگەوازە و واجبی سەرشانی موسڵمانانە.

٥- جنۆکەش دوای ئەوەی دەرکیان بەوەکرد کە بانگەواز کردن بۆ دینی خوا واجبە هەستان بە پیادەکردنی لەنێو قەومەکەیاندا هەروەك قورئان بۆمانی دەگێڕێتەوە ﴿وَإِذْ صَرَفْنَا إِلَيْكَ نَفَراً مِنْ الْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ الْقُرْآنَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوا أَنْصِتُوا فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوْا إِلَى قَوْمِهِمْ مُنْذِرِينَ﴾الاحقاف (٢٩)

بەواتای : کاتێك ئێمە دەستەیەك پەریمان لادایە لای تۆ، تا گوێ لە قورئان بگرن، ئەوسا ئامادە بوون و بە یەکتریان گووت: گوێ بگرن و بێ دەنگ بن، کاێك قورئان خوێندنەکە تەواو بوو، پەریەکان گەڕانەوە بۆ ناو هۆز و قەومەکەیان و دەستیان کرد بە ئاگادار کردنەوە و بانگکردنیان بۆ پەیڕەوی کردنی ئەم ئاینە نوێ یە.

٦- چاکێتی نەتەوەی ئیسلام پەیوەستە بە بانگەواز کردنەوە بۆ لای دینی خوا، هەروەك خوای بالآدەست و کاربەجێ فەرموویەتی :﴿ كُنْتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنْ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَلَوْ آمَنَ أَهْلُ الْكِتَابِ لَكَانَ خَيْراً لَهُمْ مِنْهُمْ الْمُؤْمِنُونَ وَأَكْثَرُهُمْ الْفَاسِقُونَ﴾ آل عمران (١١٠)

واز هێنان لە بانگەواز کردن —تنازل- وازهێنانە لە رویەك لە رووەکانی خێر و چاکە کە ئەویش فەرمان کردنە بە چاکە و نەهی کردنە لە خراپە.

٧- هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوْا وَكَانُوا يَعْتَدُونَ كَانُوا لا يَتَنَاهَوْنَ عَنْ مُنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُوا يَفْعَلُونَ﴾ المائدة (٧٨-٧٩)

لەمیانەی ئەم دەقە پیرۆزەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەگەر موسڵمان ئەرك و فەرمانی سەر شانیان جێ بەجێ نەکەن و ئامۆژگاری نەکەن و

بانگەواز بۆ دینی خوا نەکەن و فەرمان بە چاکە و نـەهی لـە خراپـە نەکـەن، ئــەوا خــوای گــەورە هــەمان ســزا و ئــازاری بــەنی ئیســرائیلیان بەســەردا دەسەپێنێت لەبەر ئەوەی ئەوان فەرمان بە چاکە و نەهی لە خراپەیان پشت گوێ خست، شل ڕەو بوون بەرامبەر پەیامی خوا و بانگەواز بۆ دینەکەی.

دوای تێڕامان و ووردبوونـەوە و تـێ فکـرین لـە دەقـە قورئانیـەکان ئـەو راسـتیەمان لا رۆشـن دەبێتـەوە کـە هـەرکات ئوممـەتی ئیسلام هەڵنەسـتا بـە بەرپرسـیارێتی خـۆی، بـە پەیوەسـت بـوون بـە بەرنامـە و پـەیامی خـواو ، بانگەواز و بانگەشەی نەکرد بۆ شەرع و بەرنامـەی خـوا، ئـەوا ئـەوکات خـوای دادپەروەر تووشـی سـزا و ئـازاری دەکـات و وازی لێ دێنێـت و سـەری ناخـات و تاڵی و ناسۆری دەچێژێت و تووشـی تـرس و بیمـی دەکـات و زەلیلـی و پاشـکۆ دەبێت ،بەم حاڵەتە خراپەوە دەمێنێتەوە تا ئەو کاتەی بەخۆیدا دەچێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر راستە شەقامی پەیامی خوا و بانگەواز دەکات بۆ شـەریعەتە بـێ گەردەکـەی، ئـەوکات خـوای کاربـەجێ بـە فـەزڵی خـۆی سـەرکەوتوو و سەرفراز و شکۆداری دەکات.

**دووەم: بەڵگەی فەرموودە**

١- پێغەمبەری پێشەوامان (ﷺ) هانی موسڵمانان دەدات کە فـەرمان بکـەن بە چاکە و نـەهی بکـەن لـە خراپـە، هـەروەك فەرموویـەتی: ( مـن رأى مـنكم منكرا فليغيره بيـده، فإن لم يسـتطع فبلسـانه، فإن لم يسـتطع فبقلبـه وذلـك أضعف الايمان ) أخرجه مسلم في صحيحه ٦٩/١ برقم ٤٩، وابـن ماجـة في سـننه ١٣٣٠/٢ برقم ٤٠١٣، وابن حبان في صحيحه ٥٤١/١ برقم ٣٠٧

٢- فەرمان کردن بە چاکە و نەهی کردن لە خراپە زەمانەتە بۆ پاراسـتی ئوممەتی ئیسلامی لە سـزا و ئـازار، دەسـت گرتنـی ئـەو کەسـانەی کـە لـە نێـو تاوان و خراپەدان و بەرگری کردن لێیان، دەبێتە مایەی پاراستنی کۆمەڵگا لە فەوتان و لەناوچوون.

ئەوەتا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ( مثل القائم على حدود الله والواقع فيها كمثل قوم استهموا على سفينة فأصاب بعضهم أعلاها وبعضهم أسفلها فكان الذين في أسفلها اذا استقوا من الماء مرّوا على من فوقهم فقالوا لو أنا خرقنا في نصيبنا خرقا ولم نؤذ من فوقنا، فإن يتركوهم وما أرادوا هلكوا جميعا وإن أخذوا على أيديهم نجوا ونجوا جميعاً ) أخرجه البخاري في صحيحه ٨٨٢/٢ برقم ٢٣٦١ والترمذي في السنن ٤٧٠/٤ برقم ٢١٧٣ .

لەمیانەی ئەم فەرموودەوە ئەو راستیەمان بۆ روون دەبێتەوە هەر مرۆیەکی موسڵمان وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی لە ئەستۆدایە و ئەویش ئەوەیە دەستی خراپەکاران بگرێت و رووبەڕووی ستەمکاران بوەستێتەوە، تا ئایین و بیروباوەڕ و رەوشتی کۆمەڵگا پارێزراو بێت، بەڵام گەر فەرامۆشی بکات ئەوا زەلیلی و شکستی و داڕوخان بەشیان دەبێت .

هەروەها لە ریوایەتێکی تردا فەرموویەتی: ( ان الناس اذا رأوا الظالم ولم يأخذوا على يديه أوشك أن يعمهم الله بعقاب من عنده) اخرجه الترمذي في السنن، وابن ماجة وصححه الالباني، وفي السلسلة الصحيحة.

هەروەها لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە، ( زەینەبی کچی جەحش ) خوای لێ رازی بێت بۆمان دەگێڕێتەوە کە (إن النبي (ﷺ) دخل علينا فزعا يقول: لااله الاالله، ويل للعرب من شر اذا اقترب، فتح اليوم من ردم يأجوج ومأجوج مثل هذه وحلق بين أصبعيه : الابهام والتي تليها فقلت يا رسول الله انهلك وفينا الصالحون ؟ قال : نعم اذا كثر الخبث) أخرجه البخاري في صحيحه، ومسلم في صحيحه .

ئەم فەرموودەیەش ئەوە دەگەیەنێت کە بڵاوبوونەوەی فەساد و خراپە لەنێو کۆمەڵگادا دەبێتە مایەی لەنێو چوون و فەوتانیان هەرچەند چاکەکارانیشی تێدا بێت، بەڵام قورئانی پیرۆز راستیەکی ترمان بۆ دەخاتە

روو ئەویش ئەوەیە بوونی چاکەخوازان و چاك کردن ئەو شتانەی کە خەڵکی تر خراپیان کردووە، لەنێو کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی ئەوەی خوای گەورە ئەو هەلاك و لەنێوچوونەیان لێ دوورخاتەوە، هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی ﴿وَمَا كَانَ رَبُّكَ لِيُهْلِكَ الْقُرَى بِظُلْمٍ وَأَهْلُهَا مُصْلِحُونَ﴾ هود ١١٧

بەواتای: ( پەروەردگارت بە ستەم خەڵکی شار و دێهاتەکان لەناو نابات، لەکاتێکدا خەڵکەکەی چاکە خواز و چاك ساز بن ) لە میانەی دەقی فەرموودەکە و ئایەتە پیرۆزەکەوە ئەو ڕاستی یەمان بۆ دەردەکەوێت خوای گەورە فەرموویەتی ( مصلحون ) واتە ( چاك سازان ) نەی فەرمووە ( صالحون – پیاو چاکان ) جیاوازی هەیە لە نێوان ( صالح و مصلح ) چونکە وەك زانراوە ( الصالح بلا اصلاح هالك مع الهالكين ، بخلاف المصلح ، الذي باصلاحه تدفع الهكلة عن العباد و البلاد ) .

هەروەها حوزەیفەی کوڕی یەمان خوای لێ رازی بێت دەڵێت پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی " والذي نفسي بيده لتأمرن بالمعروف وتنهون عن المنكر أو ليوشكن الله أن يبعث عليكم عقاباً منه فتدعونه فلا يستجيب لكم ) .

ئەم فەرموودەیەش هەرەشەیەکە بۆ مسوڵمانان هەرکات سستیان نواند لە فەرمان بە چاکەکردن و نەهی لە خراپە ئەوا خوای گەورە توشی سزای سەختیان دەکات، و چی لەوە سەختترە خوای گەورە نزاو پارانەوەت لێ قبوڵ نەکات، پەنا بەخوا .

٣- بانگەواز کردن بۆ دینی خوا نیشانەی دووری و پارێزراوی دڵ و دەروونە لە خۆپەرستی و بەواتای خۆشەویستی خەڵکی لەنێو دڵ و دەروونی بڕوادار دایە، هەروەك پێغەمبەری ئازیز (ﷺ) فەرموویەتی: ( لا يؤمن أحدكم حتى يحب لاخيه "أو قال لجاره" ما يحب لنفسه ) أخرجه البخاري ومسلم

ئەوەنـدە بـەس نیـە مرۆڤـی موسـڵمان بـۆ خـۆی لەسـەر ڕێگـای هیدایـەت بێت، بێگومـان دەبێـت بانگـەوازی خـەڵکانی تـریش بکـات و بەرچـاو ڕوونیـان بکات بە پەیام و بەرنامەی خوداوەند تا خێر و چاکە و ئـاوەدانی سـەر زەوی بگرێتەوە .

٤- بانگـەواز کـردن بـۆ دینـی خـوا ئامۆژگـاری کردنـە و دینـداری کردنـە، هەروەك پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویـەتی: ( الدين النصيحة، قلنا لمـن قـال لله ولكتابه ولرسوله ولائمة المسلمين) أخرجه مسلم .

٥- بانگـەواز کـردن بـۆ دینـی خـوا لـە چـاکترینی کردەوەکانـە لای خـوای گەورە، هەروەك فەرموویەتی:﴿وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللَّهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنْ الْمُسْلِمِينَ﴾ فصلت ٣٣.

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) بە ئیمامی عەلی ( خوای لێ رازی بێت ) فەرموو: ( فو الله لأن يهدي الله بك رجلاً واحداً خير لك من حمر النعم ) أخرجه البخـاري ومسلم

**سێیەم : لەمیانەی ئەوەی پەیام و بەرنامەی ئیسلام** بانگەوازێکی مرۆڤایەتی جیهانی گشتگیرە و، ئەرکی سەرشانی موسڵمانانە ئەم پەیامە لە هەموو قۆناغ و سەردەمێکدا بدەن بە گوێی مرۆڤایەتیدا و خەڵکی بێدار کەنـەوە بـە نـوری قورئان و شەریعەتی ئیسلام و شارستانی و مەدەنیـەتی ئیسلامی بیناکەن و ڕێز و شکۆی ڕاستەقینە بگێڕنـەوە بـۆ مرۆڤایـەتی و دادپـەروەری ئیلاهـی و یەکتاپەرسـتی و ئـازادی ڕاسـتەقینە و حـەق و یەکسـانی بچەسـپێنن و بـە خـەڵکی بگەیـەنن کـە ئـەمان بـانگخوازی حـەق و چـرای ڕوونـاکی و هـەڵگری پەیامی خێر و چاکەن بۆ هەموو مرۆڤایەتی تەنانەت بۆ گشت زینـدەوەران . هەر لەمیانەی ئەم ڕاستیانەوە بوو کە ڕەعیلی یەکەم لە هاوەڵان و تـابعی و تابعی تابعین جوامێرانە و دڵسۆزانە بانگەوازیان کرد و ئیسلام و گەیاندیانـە

چڵە پۆپـە و مرۆڤایـەتیان لـەو قۆناغـەدا رزگـارکرد لـە کۆیلەیـەتی و زوڵـم و ستەمی دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە .

گەر ئاوڕێك لە مێژوو بدەینەوە دەبیـنین لـە رێگای بانگـەواز و دڵسۆزی بانگخوازان و بازرگانـە بڕوادارەکانـەوە بەرنامـە و پـەیامی ئیسلامی گەیشتە گـەلانی هینـد و سـیلان و چـین و هـەرێمی تبـت و فلیـپین و ئەندۆنیسـیا و ناوەڕاستی ئەفریقا و نەیجیریا و سۆماڵ و تەنزانیا و مەدەغەشقەر و ... هتـد ئـەم هـەموو وڵات و هەرێمانـە لـە رێـی بانگـەوازەوە ئاشـنابوون بـە ئیسلام و ئـەمڕۆش رێـژەی زۆری موسـڵمانان لـەو وڵاتانـەدا دەژیـن و بـێ تـیر و شـیر ملیۆنەها مرۆڤ هاتونەتە نێو ئیسلامەوە و ئەمەش تۆمەتی ناحەزانی ئیسلام پوچـەڵ دەکاتـەوە کـە دەڵێن ئیسلام بـە شـیرو تـیر بڵاوبۆتـەوە . ئەمـەو بـە ملیۆنـەها کـەس لـە ئـەوروپادا لـە رێـی بانگـەوازەوە موسـڵمان بـوون و ئـەم کاروانەش بەردەوامە .

**چوارەم : یەکێکی تر لە بەڵگەکانی واجب بوونی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا ئەو بنەما أصولی یە کە دەڵێت : ( ما لا یتحقق الواجب إلا به فهو واجب )**

گــەر بڕوانینـــە بـــارو دۆخ و ژیـــانی ڕۆژانـــەی مســـوڵمانان دەبیـــنین دوورکەوتنەوە و لادانێکی زۆر بەدی دەکرێت لە ئـایین و بەرنامـەی ئیسلام ، شـەریعەتی خـوا ، فـەرمان رەوا و یاسـا و داب و نـەریتی ژیـان نیـە و لـە گۆشـەیەکی تەسکدا بەرکـەنار کـراوە ،حـاڵی بـوون لـە دیـن بـەپێی دەقـەکانی قورئان و فـەرموودە تـا راددەیـەکی زۆر نـامۆ بۆتـەوە و تێکـەڵ کـراوە لەگـەڵ حەز و خولیا و بیدعە و .. هتد .

موسـڵمانان کەسـایەتی ئیسـلامی خۆیـان لەدەسـت داوە و تووشـی لاوازی شکست خواردوویی هاتوون و کاریگەرێتی کلتـوور و سیاسـەتی رۆژئاوایـان بـە زەقی پێوە دیارەبەتایبەت لە شتی رووکەشدا نەك لە زانیاری و تـەکنۆلۆژیادا، دژایـەتی کردنـی ئیسـلام و یاسـا و رێساکانی بۆتـە پیشـە و کـاری رۆژانـەی

خەڵكانێك كە بەناو بەچكە موسڵمانن و بەڵام بە كردار دوژمنی سەرسەختی دین و شەریعەتی خوان و ئەوەی پێیان كراوە و پێیان دەكرێت قسور ناكەن لەژێر لافیتەی جۆراوجۆر و هەر رۆژەی بە ناو و نیشانێكەوە كێشەكان لەم رووەوە زۆرن و لە خاڵێكی وادا مەگەر هەر ئاماژەی پێ بكرێت، عەرەب دەڵێت : ( اللبيب يكفيه الاشارة ) بانگخوازان و دڵسۆزانی ئیسلام هەر ئاماژەیان بەسە و دەبێت دڵسۆزانە و خەمخۆرانە رابن و خزمەت بە گەل و نیشتمانەكەیان بكەن و بەرچاو روونیان بكەن بە شەرع و بەرنامەكەی خوا و گەڕانەوەیان بۆ سەر راستە شەقامی ئیسلام كە دەبێتە مایەی بەختەوەری و سەرفرازی لە دونیا و رۆژی دواییدا... لە میانەی ئەم راستیانەوەیە كە بوار بۆ شك و گومان ناهێڵێتەوە، كە بانگەواز كردن دەچێتە نێو خانەی واجباتی عەینی مسوڵمانانەوە.

ئەمە وبانگەوازكردن ئەمڕۆ لە هزری ئیسلامی دا شوێنی چڵەپۆپەی گرتۆتەوە،چونكە بارودۆخەكەش هەروا دەخوازێت .

ئەمە و لەلایەكی ترەوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام هەموو ئەو بۆ چوون و پێوەرانەی رەت كردۆتەوە كە كراون بەر پەرچوو گومان، بۆ سنوردانان لە بەردەم پرۆسەی بانگەوازكردندا ، بۆ نموونە ئیسلام فراوانی ئاستی زانستی و روناكبیری دانەناوە بەمەرجێكی پێویست بۆ كرداری بانگەواز كردن، بەڵكو دەرگا والآیە بۆ هەموو مسوڵمانان و داوا لە هەمووان كراوە ، هەریەك بە پێ ی ئاست و توانای خۆی بانگەواز بكات بۆ دینی خوا ئەمەش لە میانەی فەرموودەی " بلغو عني ولو آية " رواه البخاری .

ئەمە و واقع حاڵی مسوڵمانان وا دەخوازێت هەستی بانگخوازی كارا بكرێت و سەرنجی هەموو لایەك رابكێشرێت بۆ ئەم واجبە پیرۆزەی كە زۆرێك لەبیریان كردووە و هەست بە مەترسییەكەی ناكەن، نازانن.

گەر موسڵمانان ئەركی سەرشانیان بەجێ نەهێنا و سستی و تەمبەڵیان كرد ئەوا بەرپرسیارێتی روویان تێ دەكا و لێپرسینەوەی خوای گەورەش سەخت و گرانە، هەروەك فەرموویەتی : ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُمْ مَسْئُولُونَ﴾ الصافات ٢٤ ، یان ﴿فَوَرَبِّكَ لَنَسْأَلَنَّهُمْ أَجْمَعِينَ عَمَّا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ الحجر٩٢-٩٣ .

هەر لەم روانگەوە ئیمامی " إبن القیم " رەحمەتی خوای لێ بێت فەرموویەتی ( وأي دين ، وأي خير فيمن يرى محارم الله تنتهك، وحدوده تضيع، ودينه يترك ، وسنة رسوله (ﷺ) يرغب عنها ، وهو بارد القلب ساكت اللسان شيطان أخرس ، كما أن المتكلم بالباطل شيطان ناطق ، وهل بلية الدين إلامن هؤلاء الذين اذا سلمت لهم مأكلهم ورياستهم فلا مبالاة بما جرى على الدين، وخيارهم المستحزن المتلمظ ، ولو توزع في بعض ما فيه غاضة عليه ، في جاهه أو ماله ، بذل و تذل وجد وأجتهد ، واستعمل مراتب الأنكار الثلاثة بحسب وسعه ، وهؤلاء مع سقوطهم من عين الله ومقت الله لهم، قد بلوا في الدنيا بأعظم بلية تكون ، وهم لايشعرون ، وهو موت القلوب ، فإن القلب كلما كانت حياته أتم ، كان عضبه لله ورسوله أقوى ، وأنتصاره للدين أكمل )

**تێبینی : سەرچاوەكانی ئەم ئەڵقەیە لە كۆتایی ئەڵقەی نۆدا تۆمار كراوە.**

## ئەڵقەی نۆیەم

### پلە و پایەی بانگەواز كردن بۆ دینی خوا :

بێ گومان بانگەواز کردن پلە و پایەیەکی گەورەی هەیە لە شەریعەتی ئیسلام دا ، هەروەك دەقەکانی قورئان و فەرموودە بۆیان روون کردوویەنەتەوە، بەلگەی واقیع و سروشتی پەیامی شەریعەت ئەو ڕاستی یە حاشاهەڵنەگرە دەسەلمێنێت:

بانگەوازکردن بۆ دینی خوا کارو پیشەی پێغەمبەرانن (علیهم السلام )و ئەوان پێشەنگی مرۆڤایەتین لە پرۆسەی بانگەواز کردندا " محمدیش " (ﷺ) وەك برا پێغەمبەرەکانی تری مامۆستا و پێشەوای بانگخوازان بووەو لەو مەقامە گەورەو پیرۆزەدا سەرمەشقی بانگخوازان بووە. بێویستە بانگخوازانیش لەسەر هەمان رەوت هەنگاو بنێن و بەبەرچاوڕوونی بانگەواز بکەن ، بەرچاوڕوونی لەوەی بانگەوازی بۆ دەکەن کە بریتی یە لە پەیام و بەرنامەی خوای گەورە، بەرچاوڕوونی لە حاڵ و بارودۆخی ئەوانەی بانگیان دەکەن بۆلای خوای گەورە، بەرچاوڕوونی لە شێوازی بانگەوازدا، ئەم سێ بەرچاو ڕوونیە تەواوکەری یەکترن و کەلێن و کەموکوڕی لە هەریەکەیاندا لەنگی و ناتەواوی لێ فەراهەم دێت. بێ گومان گەر هەستاین بەئەرکی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا بەپێ ی شەریعەتی خواو ، پەیامی ئیسلامت گەیاند هەروەك خوا چۆنی ویستووە، ئەوا خوای گەورە دەتخاتە پلە و پایەی پیاوچاکان و بەرزت دەکاتەوە بۆ مەقامی چاکەخوازان لە دونیادا و پاداشتی خێرت دەداتەوە، لە ڕۆژی دوایی شدا پاداشت نەبڕاوەت دەداتەوە. و لەگەڵ دەستەی پێغەمبەران ڕاستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکان دا حەشرت دەکات ئەوانەش چاکترین یارو هاوەڵن .

## ڕێزی بانگخوازان لەلای خوای گەورە .

لەمیانەی دەقەکانی قورئان و فەرمووده‌وه ئەو ڕاستیەمان بۆ دەردەکەوێت کە خوای گەورە ڕێزو فەزڵێکی بێ ئەندازەی بەخشیوە بە بانگخوازان و لێرەدا بەکورتی ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین :

**١-بانگخوازان چاکترین کەسانی خوان:-**

هەروەك خوای گەورە فەرموویەتی " **كنتم خير أمة أخرجت للناس تأمرون بالمعروف وتنهون عن المنكر و تؤمنون بالله ....** " ال عمران (١١٠) .

لەمیانەی ئەم ئایەتە پیرۆزەوە پێویستە ئوممەتی ئیسلام ئەو ڕاستیانە بزانن و کاری پێ بکەن و بەهاو نرخی بزانن کە خوای گەورە ناردوونی تا پێشەوای نەتەوەکان بن و ڕابەرایەتیان بکەن چونکە ئوممەتی خێر و چاکەن. خوای گەورەش ویستویەتی ڕابەرایەتی بۆ خێربێت نەك شەڕو و خراپە لەسەر زەویدا، وە دەبێت ئوممەتی خێرو چاکە خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، ئەو خێرو چاکەیە کە پەیامی ئیسلامە بگەیەنێت پێیان کە بریتی یە لە عەقیدە و بیرو باوەڕی ڕاست و دروست و سیستەمی یاسا و ڕێسای ژیان و خوڕەوشت و دید و بۆ چوون و زانستی ڕاست و درووست، ئوممەتی خێر و چاکە ئەرکی سەرشانیەتی بەردەوام لە ڕابەرایەتیدا بێت و لە ناوەندی سەرکردایەتی و بڕیاردان دابێت .

ئەمەش بەمەبەستی پاراستنی مرۆڤ و ژیانە لە فەساد و خراپەکاری ، فەرمان کردن بە چاکە و ڕێگری گرتن لە خراپە، ئەمەش کارێکی ئیجابیە و بەمەبەستی پاراستنی ژیانی مرۆڤانەکانە لە خراپە و بەردەوام بوونیان لەچاکە لە هەموو بوارەکاندا .

بانگخوازانیش بۆ ئەم مەبەست و ڕێبازە کار دەکەن و لەم پێناوەدا توشی ناڕەحەتی و گرفت و قەیران دەبن و پێویستی زۆریان بە توێشووی دڵنیایی و دامەزراوی و تەقوا و ئارام گرتن هەیە . تا بچنە ڕیزی پۆستی چاکترین کەسانەوە .

**٢- بانگخوازان شاهیدن بەسەر مرۆڤەکانەوە :**

خوای گەورە فەرموویەتی " **وكذالك جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهدأء على الناس ويكون الرسول عليكم شهيداً " البقرة ( ١٤٣ ) .**

ئومەتی ئیسلام ئومەتێکی بانگخوازی میان ڕەوە، لە ڕۆژی قیامەتدا شاهیدی دەدات کە پەیامی ئیسلامی گەیاندووە بە نەتەوە کانی تر، تەرازووی داد پەروەری چەسپاندووە، بۆچوونی ڕاست و دروستی هەڵگۆزراو لە پەیامی شەریعەتەوە داناوە لە هەموو بوارەکانی ژیانی تاکو خێزان و کۆمەڵگا و هەموو ئەو شتانەی پەیوەستە بەڕێنوێنی کردنی گەلان و مرۆڤایەتی.

ئومەتی ئیسلام ئومەتێکی میانەیە لە عەقیدە و بیرو باوەڕو ڕێباز و بۆچووندا ، ڕووناچێت لەلایەنی روحی و دوورەپەرێزبێت لە ژیانی مادی و کۆمەڵگا ، هەروەها ڕووناچێت لە نێو مادیاتەوە و بەهای گیانی و رووحیەکان فەرامۆش بکات ، بەڵکو لە ژیاندا لەسەر بنەمای میانەیی، بەبێ زێدە ڕۆیی فەرامۆشکردن هەنگاو دەنێت .

**٣- بانگخوازان سەرکەوتووی دونیاو قیامەتن :**

خوای گەورە فەرموویەتی " **ولتكن منكم أمةً يدعون الى الخير ويأمرون بالمعروف وينهون عن المنكر وأؤلئك هم المفلحون " ال عمران ( ١٠٤ ) .**

پەیامی ئەم ئومەتە بانگەوازکردنە بۆ خێر و چاکە و فەرمان کردنە بە چاکە و ڕێگری کردنە لە خراپە ، ئومەتێکە سەرکەوتووی دونیاو ڕۆژی دوایی یە ، سەرکەوتووە لە دونیا چونکە بەرنامەی خوای گەورەی جێ بەجێ کردووە لە بانگەوازو تێکۆشان و کاری ئیسلامی دا ، بەم کارەش پلەی شکۆیی و سەرفرازی و شەرەفی بەدەست هێناوە .

سەرکەوتووە لە ڕۆژی دواییدا لەبەر ئەوەی لە ژیانی دونیادا پەیامی خوای گەیاندووە ئەمانەتی سەر شانی جێ بەجێ کردووە ئامۆژگاری کردووە و لە پێناوی خوادا تێکۆشاوە، بەمەش خۆشی هەمیشەیی لە بەهەشتی خوادا پێبەخشراوە . ئایا جگە لە ئومەتی ئیسلام هیچ گەل و ئومەتێك هەیە کە سەرکەوتوو و سەرفرازی دونیاو قیامەت بن ؟!.

دەبا پیرۆزیان بێت بانگخوازان و بۆ خوا سوڵحاوان لە و پلە و پایە و شەرەفەی کە پێیان بەخشراوە لەدونیاو قیامەتدا .

**٤- بانگخوازان چاکترین کەسن لەقسەو دواندا:**

**خوای گەورە فەرموویەتی " ومن أحسن قولاً ممن دعا الى الله وعمل صالحا وقال إنني من المسليمن " فصلت( ٣٣).**

لەمیانەی ئەم دەقە پیرۆزەوە بەدیار دەکەوێت کە بانگخوازان خاوەنی چاکترین گوتارو چاکترین ڕێگای هیدایەت و بەرزترین پلەو پایە و بەختەوەرترین کەسانن چونکە ، لەبانگەوازەکەیاندا لە چوارچێوەی دیاری کراوی شەریعەتی خوا ناترازێن و ئەم لاو ئەولا ناکەن ، بانگەوازکردن بۆ دینی خوا ئامانجی پیرۆزیانەو ڕێنوێنی کردن مرۆڤەکان مەبەستی بەرزو شکۆیانە .

دەبا بانگخوازان لەم مەیدانە پیرۆزەدا شەوو ڕۆژ بخەنە سەریەك و هەوڵی دڵسۆزانە و جوامێرانە بدەن و ببنە چرای ڕووناکی بۆ مرۆڤایەتی .

**٥- بانگخوازان جێنیشینی پێغەمبەرانن ( علیهم السلام ):**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی **( العلماء ورثة النبياء ) رواه الخمسة وصححه إبن حبان و الحاكم .**

ئایا چی مەقام و شکۆیی و شەرەفێك و بەخششێك لەوە مەزنتربێت مرۆڤ ببێتە جێ نیشینی پێغەمبەران (علیهم السلام) زانایان و بانگخوازان بۆ دینی خوا ڕێچکەی پێخەمبەر هەڵدەگرن بۆ بانگەوازکردنی گەلان بۆ دینی خوا و ڕێنوێنی مرۆڤەکان بۆ شاڕێ راستەقینەکەی ئیسلام، ئەمان جێنشینن و پەیامی خوا دەگەیەنن .

بانگخوازان و زانایان دڵە مردووەکان بێدار دەکەنەوە و خەڵکی هۆشیار و بێ دار دەکەنەوە بەشەرع و پەیامی خوا .

ئایا بانخوازان ئەم فەزڵەی خۆیان زانیوە و پلە وپایەی خۆیان ناسیوە؟!.

٦- خەڵکانی ئاسمان و زەوی داوای لێ خۆشبوون بۆ بانگخوازان دەکەن :

**" إن الله وملائكته وأهل السماوات والارض حتى النملة في جحرها والحيتان في البحر يصلون على معلم الناس الخير " رواه الترمذى عن أبي أمامة مرفوعا.**

صلاتیش وەك زانراوە لەلایەن خواوە ڕەحمەت و بەزەیی یە، لە لایەن فریشتەکانەوە داوای لێ خۆشبوونە ، لەلایەن بەندەکان نزاو پاڕانەوەیە . ئەم پلە و مەقامە بەدەگمەن کەسێك پێ ی دەگات مەگەر کەسانێك هەستن بە بانگەوازکردن و ڕێگای هیدایەت و چاکسازی بگرنە بەر .

**٧- بانگخوازان پاداشتی نەبڕاوەیان هەیە :**

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی ( **من دعا الى هدى كان له من الأجر مثل أجور من اتبعه لا ينقص ذلك من أجورهم شيئا** ) رواه مسلم .

ئایا بۆ ئەم مەنزڵ و پایەیان بۆ دانراوە؟!.

چونکە هەستاون بە پرۆسەی گۆڕانکاری لە پەروەردەی دەروون و عەقڵ و ژیری مرۆڤەکاندا سەرچاوەی ڕێنوێنی چاکسازی تاك و کۆمەڵگان و هەڵە ولاری و کەموکوڕیەکانیان چاککردۆتەوە ئەسەری چاك و خێریان بەجێ هێڵاوە .

**٨- بانگخوازان ئەستێرەی ئاسمانن لەتاریکی دا :**

پێغەمبەری خوا(ﷺ) فەرموویەتی ( **ان مثل العاماء في الارض كمثل النجوم يهتدي بهم في الظلمات البر والبحر ، فإذا أنطمست النجوم أوشك أن تضل الهداة** )مسند الامام أحمد ١٥٧/٣ ومجمع الزوائد ١٢١/١ الترغيب والترهيب ١٠٠/١ .

ئەم لێك چواندنەی پێغەمبەر (ﷺ) کاتێك زانایان و بانخوازان دەشوبهێنن بە ئەستێرەی گەش و درەوشاوە لە تاریکیدا لادانی ئومەت و گرفت و شەقاوەتی بەنەبوونی بانخوازان و زانایان لێك چونێکی کامل و دروست و ناوازەیە .

ئیمامی عەلیش ( ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێ بێ ) لەمبارەیەوە فەرموویەتی

**ما الفضل الا لاهل العلم إنهم على الهدى لمن استهدى أدلاء**

**وقدر كل أمرئ ماكان يحسنه والجاهلون لأهل العلم أعداء**

**ففر بعلم ولا تبغ به بدلا الناس موتى وأهل العلم أحياء**

## ڕێساو بنەماکانی بانگەوازی کردن بۆ دینی خوا

### یەکەم : بەکارهێنانی دانایی لە بانگەوازکردندا :

خوای گەورە داوای لە بانگخوازان کردووە کە حیکمەت بەخەرج بدەن لە پرۆسەی بانگەوازکردندا حیکمەتیش ئەوەیە هەر کار و رەفتارێك و شێوازێك لە شوێنی گونجاوی خۆیدا بەکاربێنی، شێوازی نەرم و نیانی بەکار بێنی تا ئەوەندەی نەرم و نیانی تێیدا بەکەڵك و بەسوودە .

توندیش کاتێك بەکار دێت شێوزاەکانی تر سوودیان نەمابێت، دانانی نەرم و نیانی لە جێگەیەك توندی پێویست بێ، زیان دەگەیەنێ ، شێوزی توندیش لە شوێنێك، کە نەرم و نیانی دەخوازێت هەر زیان دەگەیەنێت .

دەروازەیەك لە مەڕ حیکمەتی بانگخوازان:

١- ناسینی پێك هاتەو باری دەروونی ئەوانەی بانگیان دەکرێت بۆ سەر دینی خوا . بانگکردنی خەڵکی خوێندەوار وەك نەخوێنەدەوار نییە کەسی دامەزراو وەك کەسی لادەر نییە، کەسانی دیار و ناسراو ئەشراف وەك عامەی خەڵك نییە ، ئەم بنەمایە لە بانگەوزدا بە گرنگترین بنەما دێتە ئەژماردن .

٢- قۆستنەوەی هەل و باری گونجاو بۆ بانگەواز کردن . هەروەك حەزەتی یوسف ( علیە لسلام ) لەگەڵ هاوەڵەکەیدا لە بەندیخانە وەك قورئان چیرۆك و بەسەرهاتەکەمان بەجوانی بۆ دەگێڕێتەوە " ودخل معه السجن فتيان قال أحدهما أني أراني أعصر خمراً وقال الاخر أني أراني أحمل فوق رأسي خبزاً تأكل الطيرا منه نبئنا بتأويله انا نراك من المحسنين " سورة يوسف ( ٣٦ ) . ئەم دووبەندییە

هەریەکەو خەوێکیان بینیوە و خەوەکان شایستەی ئەوەن لێکدانەوەیان بۆ بکرێت و هەردوو بەندی یەکەش بەدووی ئەوەدا دەگەڕێن خەوپرژێنیان بۆ بکرێت ، جگە لە یوسفی ڕاستگۆ کەسی تر هەڵنابژێرن تا خەونەکەیان بۆ لێکبداتەوە چونکە حەزرەتی یوسف بە خاوەن چاکە و ڕەفتار و گوتاری چاکە دەناسنەوە، کاتێك حەزرەتی یوسف ( علیه السلام ) هەستی کرد زۆر پێویستیان بە لێکدانەوەی خەونەکانیان هەیە ، گومانی باشی پێ دەبەن، ئەم هەلەی قۆزتەوە بۆیە بانگی کردن بۆلای دینی خوا، حیکمەت و دانایی حەزرەتی یوسف ئەوەبوو پێشەکیەکی جوان و سەرنج ڕاکێشی بۆ ئامادەکردن، پێش ئەوەی خەونەکانیان لێکبداتەوە یان بانگیان بکات بۆلای دینی خوا ، سەرەتا فەرمووی "**قال لايأتيكما طعام ترزقانه الا نبأتكما بتأويله قبل أن يأتيكما ذلكما مما علمني ربي** " **يوسف ( ٣٧ )** .

دواتر باسی ئەوە دەکات کە هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خودا سەرچاوەی هەموو شەڕ و خراپەیەکە و یەکتاپەرستیش سەرچاوەی خێر و چاکە و نیعمەتە، بۆیە فەرموی " **إني تركت ملة قوم لايؤمنون بالله وهم بالاخرة هم كافرون، واتبعت ملة ابائي أبراهيم وإسحاق ويعقوب ماكان لنا ان نشرك بالله من شيئ ذلك من فضل الله علينا وعلى الناس ولكن أكثر الناس لايشكرون** " **يوسف ( ٣٨،٣٧)** دوای ئەم پێشەکیە جوانانە بانگیان دەکات بۆ خواپەرستی و یەکتاپەرستی و پێ یان دەڵێت " **يا صاحبي السجن أأرباب متفرقون خير أم الله الواحد القهار ما تعبدون من دونه الآ اسماءً سميتموها أنتم واباؤكم ما أنزل الله من سلطان إن الحكم الا لله أمر الا تعبدوا إلا إياه ذلك الدين القيم ولكن أكثر الناس لا يعلمون** " **يوسف** (٤٠). دوای ئەم ڕوون کردنەوە

و بانگەوازە پیرۆزە واتا و مانای خەونەكانیان بە راشكاوی و روونی وئاشكرایی بێ پێچ و پەناو شاراوەیی بۆ دەخاتە ڕوو دەڵێت " یا صاحبیي السجن أما أحدكما فیسقي ربه خمرا وأما الاخر فیصلب فتأكل الطیر من رأسه قضي الأمر الذي فیه تستفتیان " یوسف ( ٤١ ) . هەروەها لە قۆستنەوەی هەلدا بانگخوازان دەبێت بە ئامۆژگاری جوان و شیرین دەست پێ بكەن و درێژەی نەدەنێ و بەرامبەر شەكەت و بێ تاقەت نەبێ پێغەمبەری ئازیز (ﷺ)وای كردووە لەگەڵ هاوەڵانیدا، لە كاتێكدا قسە و ووتارەكانی بە چێژ و پاراووترین گوتار بووە . (أبي وائل دەلێت ( كان عبدالله یذكر الناس في كل خمیس فقال له رجل یا أبا عبدالرحمن لوددت أنك ذكرتنا كل یوم قال : أما انه یمعني من ذلك أني أكره أن أملكم وأني أتخولكم بالموعظة كما كان النبي (ﷺ) یتمنو لنا بها مخافة السامة علینا ) رواه البخاري والمسلم . هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (ﷺ) وتارەكانی كورت و بەپێز بووە هەروەك فەرموویەتی ( ان طول صلاة الرجل وقصر خطتبه مئینة من فقهه فأطیلوا الصلاة وأقصروا الخطبة ) هەربۆیە ئەوانەی گوێ بیستی پێغەمبەر(ﷺ)بوون دەیانتوانی ووشەكانی بلێنەوە ، هەروەها گەر قسەی بكردایە ووشەكەی سێ جار دووبارە دەكردەوە تا بەرامبەرەكان لێ ی بگەن .

٣- رەچاوكردنی بارودۆخ و ژینگەی ئەوانەی بانگیان دەكرێن بە پێ ی باری ئەوان نموونە و بەسەرهاتیان بۆ بهێنەوە ، سەرنجی بەرامبەر ڕاكێشیت بەو نیعمەت و چاكانەی خوای گەورە

بەخشیویەتی پێ ی ، هەروەها بانگخوازیش پێش قسە کردن ئامادەباشی بکات و حیساب بۆ ووشەکان بکات و لە شوێنی خۆیدا بەکاریانبێنێ ، هەروەها کاتی گونجاو هەڵبژێرێت لە شەواندا یان لە ڕۆژاندا یان هەردووکیان بەپێ ی پێویستی و بارودۆخ .

**دووەم : بەکارهێنانی ئامۆژگاری جوان و ووشەی ناسك و هەست بزوێن ، دەستەواژەی کاریگەر، وەك لە نموونە قورئانیەکاندا هاتووە.**

**سێیەم : جدال بەو شێوەیەی کە چاکترین یانە :**

پێویستە بانگخواز خۆی بپارێزێت لە ووشەی نەشیاو ، بەڵگەکان گەر پێویست بوو باکردەووەکان بدوێن، هەروەها سەرنجی بانگکراوەکان ڕاکێشێت بۆ ئایەتەکانی خوا لە بوونەوەردا .

وەگرنگترین بنەما لە میانەی هەرسێ بنەما ئاماژە پێ کراوەکانەوە ئەوەیە بانگخواز لەسەر بەرچاو روونی بێت ، بەبەرچاوروونی بانگخواز باشترینی ڕێچکەکان دەگرێتە بەر بەهێزترین ڕێگاش ڕێنوێنی دەکات .

پێغەمبەری خوا (ﷺ) مامۆستا و رابەر و سەرمەشقی بانگخوازانە لە بانگەواز کردندا بۆ دینی خوا بەگوتار و بەکردار و بەرەفتار ،هەر کەسێکی بناردایە بۆ جێگایەك فەرمانی پێ دەکرد بە چاکترین شێواز و ڕێگا پێ ی فەرموون ( **بشروا ولا تنفروا ویسروا**

**ولا تعسروا )** **هەروەها فەرموویەتی ( يسروا ولا تعسرو وسكنوا ولاتنفروا ) رواه البخاري ومسلم .**
لەنموونەی کرداریدا ئەوەتا ئەعرابی یەك لە مزگەوت میز دەکات هاوەڵان دەیانەوێ لێ ی تورەبن و ڕێگری لێ بکەن ، بەڵام پێغەمبەر (ﷺ) پێ یان دەڵێت وازی لێ بێن تا میزەکەی دەکات دواتر پێغەمبەر (ﷺ)بانگی دەکات و پێ دەڵێت **( أن هذه المساجد لاتصلح لشيئ من هذا البول ولا القذر انما هي لذكر الله عز وجل والصلاة وقراءة القران او كما قال رسول (ﷺ) قال فأمر رجلا من القوم فجاء يدلو من ماء فشنه عليه ) رواه البخاري ومسلم** .لە گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنی بانگخواز ئەوەیە خۆیان ڕەفتار و کردەوە بکەن بەوەی بانگەشەی بۆ دەکەن و وازبێنن لەوانەی کە داوا دەکەن خەڵکی لێ دوورکەوێتەوە ئەوەتا خوای گەورە وەسفی ئەو کەسانەی کە ووتەکانیان پێچەوانەی کردەوەکانیانە بە نموونە باسی دەکات ، **هەروەك فەرموویەتی " يأأيها الذين أمنوا لم تقولون مالا تفعلون ، كبر مقتا عند الله أن تقولوا مالا تفعلون " الصف ( ٢، ٣ ) . هەروەها** شاعیریش لەم بارەیەوە فەرموویەتی :

**يأأيها الرجل المعلم غيره — هلا لنفسك كان ذا التعليم**
**تصف الدواء لذي السقام وذي — الضنى كيما يصح به وأنت سقيم**
**ابدأ بنفسك فانهها عن غيها — فأذا انهتت عنه فأنت حكيم**
**فهناك يسمع ماتقول ويهتدى — بالقول منك وينفع التعليم**

**لاتنه عن خلق وتأتي مثله عار عليك إذا فعلت عظيم**

**هەر بۆیە شعیب ( علیه السلام ) بە قەومەکەی ووت ( وما أرید أن أخالفکم الی ما انهاکم عنه أن أرید الا الأصلاح مآستطعت وما توفیقي الآ بالله علیه توکلت و إلیه أنیب ) هود ( ٨٨ )**

**ئەمەو پێویستە بانگخواز خاوەن ڕەوشت و ئاکارێکی بەرزەی موسڵمانە بێت و کردەوەو هەڵوێستەکانی ڕەنگدانەوەیەکی جوانی بیرو باوەڕەکەی بێت،ئەوەتا ئیمامی شافیعی ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی** ((من وعض اخاه بفعله كان هاديا))**هەروەها** (**شهر بن حوشب**)**تابعی ناسراو ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی** ((اذا حدث الرجل القوم ،فان حديثه يقع من قلوبكم موقعه من قلبه )) ،.

*__هەر لەمیانەی ئەم ڕاستیەوە ئیمامی عەلی ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت فەرموویەتی__ ((من نصب نفسه للناس اماما فليبدا بتهذيب نفسه ،قبل تهذيب غيره ،ولكن تهذيبه بسيرته قبل تهذيبه بلسانه ،ومعلم نفسه و مهذبها احق بالاجلال من معلم الناس ومهذبهم))**لە کۆتاییدا دەڵێین :پێویستە بانگخواز پەیوەست بیچت بەکۆمەڵە ڕەوشتێکی جوان و ڕەنگ بداتەوە لەژیان و کرداری دا لەوانە :**

**١_ڕاست گۆیی : ڕاست گۆی لەگەڵ خوای گەورەدا ،لەگەڵ پەیام و بەرنامە پیرۆزەکەیدا لەگەڵ خەڵکیدا لەگەڵ بانگەوازەکەیدا .....**

**٢_ئەمانەت : پاراستنی ئەمانەت لەڕووی دارایی و ماڵ و سامانەوە ،ئەمانەت لە وتارو گوتاردا ،لەگەیاندنی شەرعی خوادا......**

**٣_حیلم** : به واتای بڕوادار ڕق و تورەی بشارێتەوه ،سەردانی ئەو کەسانە بکات کەسەردانی ناکەن ،لەو کەسانە خۆش بێت کەستەمی لێ کردووه،چاکه لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکات کەخراپەیان لەگەڵدا کردووه .....

**٤-تواچع** : لەکردارو هەڵس و کەوت و خۆراك و کەلوپەل و ....هتد.هەروەها پێویسته بانگ خواز لە کۆمەڵە سیفەتێکی خراپ و ناپەسەند خۆی بپارێزێت لەوانە:خۆ بەگەورە زانین و لوت بەرزی و ئیرەیی (حسد) ....هتد.

ماوەتەوە بڵێین دەبا ئەم ئایەتە پیرۆزە نزاو پاڕانەوەمان بێت لەکاروانی ڕێنوێنی کردن و بانگ کردنی خەڵکی بۆسەر ڕاستە ڕێی ئسلام.((ربنا افتح بيننا وبين قومنا بالحق وانت خير الفتحين))**الاعراف ٨٩** .هەروەها ئەم فەرموودە شیرینەش سەرمەشقمان بێت کەپێغەمبەری خواﷺ لە ساتە وەختێیکی نارەحەت و گراندا فەرموویەتی (( اللهم اهد قومی فانهم لا يعلمون )) البخاری

سەرچاوەکان :

١-اصول الدعوة ،د. عبدالكريم زيدان .
٢-مدرسة الدعاة ،د.عبدالله ناصح علوان .
٣-كلنا دعاة اكثر من ١٠٠٠ فكرة و ووسيلة واسلوب في الدعوة الى الله .اعداد ،عبدالله بن احمد العلاف .

٤-تهذيب النفس واثرها في تهذيب الغير.!! محمد محمود عبدالخالق .
٥-قواعد فى الدعوة الى الله _الدكتور كمال المصرى .
٦-منزلة الدعوة الى الله ،الشيخ عبدالقادر شيبة الحمد .
٧_**چەند سەرچاوەیەکی تر**.

# گوڵبژێرێك له‌ فه‌رمووده‌

١. عن أبى هريرة رضي الله عنه : قال : كان رسول الله صلى الله عليه وسلم يوماً بارزاً للناس ، فأتاه رجل فقال : يا رسول الله ، ما الإيمان ؟ قال : ' أن تُؤمن بالله ، وملائكته ، وكتابه ، ولقائه ، ورُسُلِهِ ، وتؤمنَ بالبعث الآخر ' قال : يا رسول الله ما الإسلام ؟ قال : ' الإسلام أن تعبُدَ الله ، لا تُشْرِكُ به شيئاً ، وتُقيمَ الصلاةَ المكتوبة ، وتؤدي الزّكاة المفروضة ، وتصوم رمضان ' . قال : يا رسول الله ما الإحسان ؟ قال : ' أن تعبد الله كأنك تراه ، فإنك إن لم تره فإنَّه يراك ' . قال : يا رسولَ الله ، مَتَى السَّاعَةُ ؟ قال : ' ما المسؤول عنها بأعلَمَ من السَّائل ، ولكن سأُحَدِّثُكَ عَنْ أشْراطها : إذا ولَدت الأمةُ ربَّتها ، فذاك من أشراطها ، وإذا كانت العُرَاةُ الحفاةُ رُؤوسَ النَّاسِ ، فذاك من أشراطها ، وإذا تَطَاوَلُ رِعَاءُ البَهُم في البنيان ، فذاك من أشراطها ، في خَمْسٍ لا يعلَمُهنَّ إلا الله ، ثم تلا رسولُ الله صلى الله عليه وسلم : { إِنَّ اللَّهَ عِنْدَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ وَيُنَزِّلُ الْغَيْثَ وَيَعْلَمُ مَا فِي الْأَرْحَامِ } - إلى قوله : { إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ } ﴿ لقمان : الآية ٣٤ ﴾ . قال : ثم أدْبَرَ الرجلُ ، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : رُدُّوا عليّ الرَّجُلَ ' ، فأخذُوا لِيَرُدُّوه ، فلم يَروْا شيئاً ، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : 'هذا جبريلُ جاء ليُعَلِّم النَّاس دينَهمْ ' . (بخارى/ الايمان "سؤال جبريل النيي عن الايمان والاسلام وعلم الساعة"

**ابوهورِيره ﵁ دەڵێ : رۆژێك پيغەمبەرى خوا ﷺ لەناو خەڵكيدا دەركەوت پياويك هاتە خزمەتى و وتى ئەى پيغەمبەرى خوا باوەڕ چيە؟فەرمووى :((باوەڕت بەخوا هەبێت،بەفريشتەكانى ،بە كتێبەكانى ،بەديداروبەخزمەت گەيشتنى،بەپێغەمبەرانى ،هەروەها باوەرت هەبێت بە زيندوو بونەوەى ڕۆژى قيامەت )).ئينجا ووتى :ئەى پێغەمبەرى خودا ئيسلام چيە؟ فەرمووى ((ئيسلام ئەوەيە كە :خوا بپەرستى و هيچ شتێك**

نەکـەی بـە هاوبەشـی،نوێژەفەرزەکانت بکـەیت،زەکاتی دیـاری کـراو بـدەیت،ڕۆژووی ڕەمـەزان بگریـت )).ووتـی ئـەی پێغەمبـەری خـودا ئیحسـان چـیە؟فەرمووی ((خـودا بپەرسـتیت وەکـو چـاوت لـێـی بێت،چونکە ئەگەر تۆ چاوت لەو نـەبێت ئـەو چـاوی لەتۆیـە ))ئینجـا ووتی ئەی پێغەمبـەری خـودا کـەی ڕۆژی قیامەتە؟فـەرمووی ((پرسـیار لێکراو لەو بارەیەوە (کەهاتنی قیامەتـە)زاناتر نیـە لـە پرسـیارکەر،بەلاَم باسی نیشانەکانیت بـۆ دەکـەم :هـەرکاتێك کـەنیزەك گـەورەی خـۆی بووئـەوە نیشـانەکانیەتی هـەروەها ڕووت و پێخاوسـەکان ببنـە کاربەدەسـتنی خـەڵك ،ئـەوەش لەنیشـانەکانیەتی .هـەروەها کاتێـك شوانەکانی مەڕومالأت شانازییان کرد بەبەرزیی کۆشکەکانیانەوە (دوای ئـەوە ی دەسـت دەگـرن بەسـەر کاروباریانـدا )ئـەوەش لەنیشـانەکانیەتی .پێـنج شـتیش هـەن کەکـەس نایانزانێـت جگـە لـە خوا.ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە «ان الله عندة علم الساعة وينـزل الغيث ويعلم مافى الارحام وما تدرى نفس ماذ تكسب غدا وما تدرى نفس باى ارض تموت ان الله غليم خبير))لقمان: ٣٤ .واتە لەڕاسـتیدا هـەر خـوای گـەورە کـاتی هـاتنی ڕۆژی قیامـەت دەزانێـت .هـەر ئـەویش بـاران دەبارێنێت .هەر ئەویش دەزانێت چـی لەمندالأنـدا هەیـە .هـیچ کـەس نازانێـت سـبەی چـی دەکـات ،هـیچ کـەس نازانێـت لـەچ خاکێکـدا دەمرێت.لە راستیدا خوا زاناو شارەزایە .ئینجا پیاوەکە پشتی هـەڵکردو

**ڕۆیشت پێغەمبەری خوا- فەرمووی((ئەوە جوبرەئیل بوو هات بۆ ئەوەی خەڵك فێری ئاینەکەیان بکات ))**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٢. عن أنس بن مالك رضي الله عنه عن النبيﷺقال :

" ثلاثٌ من كُنَّ فيه وجدَ بهنَّ حلاوة الإيمان : مَن كان اللَّهُ ورسولُهُ أحبَّ إليه مما سواهما ، وأن يحبَّ المرء لا يُحِبُّهُ إلا لله ، وأن يكْرهُ أن يعودَ في الكفر - بعد أن أنقذه الله منه - كما يكرَه أن يُقذف في النار"بخاري/ حلاوة الايمان/ ١٦-٢١

**((انس ))ﷺ دەڵێ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی : ((سێ شت هەن هەر کەسێك تێیدا بێت بەو سیانە شیرینی ئیمان بەدەست دەهێنێت ،هەر کەس خواو پێغەمبەر ی لەهەموو شت خۆشتر بوێت ،هەروەها کەسێکی خۆشویست تەنها لەبەر خوا خۆشی بوێت ،ئینجا پێی ناخۆش بێت بگەڕێتەوە بۆ کوفر – دوای ئەوەی خوا ڕزگاری کرد لێی _وەکو چۆن پێی ناخۆشە فڕێ بدرێتە ئاگرەوە ))**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٣- عن ابي شريح الخزاعي( رضي الله عنه) ان النبي ﷺ قال : " مَنْ كانَ يُؤمِنُ باللهِ واليومِ الآخِرِ فليُحْسِنْ إلى جاره ، ومَن كان يُؤمن بالله واليوم الآخِرِ فليُكْرِمْ ضيفه ، ومَن كان يُؤمِن بالله واليومِ الآخِرِ فليَقُلْ خيراً أو لِيَسْكتْ "

بخاري/ الادب / من كان يؤمن بالله واليوم الاخر / **٥٦٧٣**

(ابــو شـــريح الخزاعـــي)رضي الله عنه دەڵـــت پێغەمبـــەری خـــوا ﷺ فەرموویەتی :((هەرکەس باوەڕی بەخوا و بە ڕۆژی دوای هەیە ،باچاك بێت لەگەڵ دراوسێکەی ،هەرکەس باوەڕی بەخواو بەڕۆژی دوای هەیە با ڕێز لەمیوان بگرێت،هەر کەس باوەڕی بەخوا و بەڕۆژی دوای هەیە باچاك بلێت یان بێدەنگ بێت))

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٤- عن عائشة رضي الله عنها :

قالت : قُلتُ : يا رسول الله : إنَّ ابنَ جُدْعانَ كان في الجاهلية يَصِلُ الرحمَ ، ويُطعم المسكينَ ، فهل ذلك نَافِعُهُ ؟ قال : ' لا ينفعُهُ ، إنه لم يقل يوماً : رب اغفرْ لي خطيئتي يومَ الدين '

(عائیشە ) ڕەزای خوای لێبێت دەڵـی وتم پێغەمبەری خودا ﷺ (ابن جدعان))لەسەردەمی نەفامیدا سەردانی کەس و کاری خۆی کرد ،خـواردنی دەدا بە هەژزران ،ئایا ئەوە سودی هەبووە بۆی ؟فەرمووی :((نەخێر سودی پێ ناگەیەنێت،چونکە ئەو ڕۆژێك لە ڕۆژان نەیوتووە :خوا لەگوناهەکانم خۆش ببە لەڕۆژی قیامەتدا ))

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٥- عن أبي هريرة رضي الله عنه :

أنَّ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم قال : " اجتنبوا السبعَ الموبقات ، قيل : يا رسولَ الله ، وما هُنَّ ؟ قال : الشركُ بالله ، والسِّحْرُ ، وقتْلُ النفس التي حرَّم الله إلا بالحق ،

وأكل الرِّبا، وأكلُ مال اليتيم ، والتولي يوم الزحف ، وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات" . بخاري/ الوصايا/ ان الذين ياكلون اموال اليتامى/ ٢٦١٥

**(ابو هوريره)ﷺ دەڵێ پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی:((دوور بکەونەوە لەو حەوت گوناهەی کە ئادەمیزاد تیادەبەن ))وتیان ئەوانە چین ئەی پێغەمبەری خودا فەرمووی:((هاوەڵ بۆ خوا بڕیاردان،جادوو،کوشتنی ئادەمیزاد کەخوا حەرامی کردووە ،مەگەر بەهەقی خۆی ،سوو خواردن ،خواردنیماڵی هەتیوو،پشت هەڵکردن لەڕۆژی جەنگی کافراندا ،بوختان بۆ ئافرەتی باوەڕداری بێ ئاگای پاك داوێن))**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٥- عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه قال : قال رجل : يا رسول الله : " أيُّ الذنب أكبر عند الله ؟ قال : أن تدعو لله ندا وهو خلقك ، قالُ : ثم أيُّ ؟ قال : أن تقْتُلَ ولدَكَ مخافة أن يطْعمَ مَعَك ، قال : ثم أي ؟ قال : أن تُزاني حليلةَ جارِكَ " فأنزل الله عز وجل تصديقها:" والذين لا يدعون مع الله الها اخر ولا يقتلون النفس التي حرم الله الا بالحق ولا يزنون ومن يفعل ذلك يلق اثاما" الفرقان اقتران النيرين/ بخاري/١٤٨/٢٨٠/ب١/ل٤٠٤

**(عبدالله)کوڕی (مسعود) ﷺ دەڵێ پیاوێك وتی :ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ کام گوناهە لای خوای گەورە گەورەترین گوناهە ؟ فەرمووی :((ئەوەیە هاوەڵ بۆ خودا دابنێ ی کە ئەو دروستی**

**کردووی ))ئینجا ووتی چی تر ؟فەرمووی ((ئەوەیە کە منداڵەکـەت بکوژیـت لـەترسـی ئـەوەی لـەگەڵتـدا دەخـوات /واتـە لـەترسـی بەخێوکردنی /،وتی :ئینجـا چـی تـر ؟فـەرمووی ((ئەوەیـە دەسـت درێژی بەدڕەوشتی بکەیتە سەر خێزانی دراوسێت ))خوای گەورەش بۆ بەڕاستڕاگرتنی قسەکانی پێغەمبەر –ئەم ئایەتـەی نـاردە خـوارەوە**
(( والـذين لايـدعون مـع الله الهـا اخـر ولايقتلـون الـنفس التـى حـرم الله الابـالحق ولايزنـون ومـن يفعـل ذلـك يلـق اثامـا )) **الفرقـان ٦٨**
**واتـە :ئەوانـەی جـۆرە خوایـەکی تـر لـەگـەڵ خـودادا ناپەرسـتن ،کەسێکیش ناکوژن کە خوا حەرامی کردووە مەگەر بەهەق و ڕەوا ،زیناش ناکەن،ئەوەی ئەو جۆرە کـارە خراپانـە ئـەنجام بـدات ئـەوا تووشی سزا دەبێت))**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٦- عبد الله بن مسعود رضي الله عنه :
أن النبي صلى الله عليه وسلم قال : ' لا يدْخُلُ الجنةَ مَنّ كان في قلبه مثقالُ حبَّة من كِبْر ، فقال رجل : إنَّ الرجلَ يحب أن يكون ثوبُه حَسَنا ، ونعلُه حسنة ، قال : إن الله جميل يحب الجمال ، الكبرْ : بطَرُ الحقِّ ، وغمطُ الناس ' . وفي رواية : ' لا يدخل النار أحد في قلبه مثقال حبةِ خرْدَل من إيمان ، ولا يدخل الجنة أحد في قلبه مثقال حبة خردل من كِبْر ' . أخرجه مسلم والترمذي ، وأخرج أبو داود الثانية .

**(عبدالله)کوڕی (مسعود)ﷺ دەڵێ :پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ((ناچێتە بەهەشتەوە ئەوەی بەقەد گەردێك خۆ بەزلزانینی تێدا بێت ))،پیاوێك وتی :پیاوێ حەز دەكات جلوبەرگەكانی جوان بێت،نەعلەكانی جوان بێت؟فەرمووی :(( خوا جوانەو جوانی خۆش دەوێت ، خۆبەزلزانی بریتی یە لە ڕەت كردنەوەی هەق و راستی و بەسوك سەیركردنی خەڵكی)).**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٧-عن انس بن مالك ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ : إن الله لا يظلم مؤمناً حسنة ، يُعطى بها في الدينا ، ويُجزي بها في الآخرة ، وَأَمَّا الكافر فيُطْعَمُ بحسنات ما عمل بها لله في الدنيا ، حتى إذا أفضى إلى الآخرةِ ، لم تكُن له حسنٌة يجزى بها .

**(انس )کوڕی (مالك)ﷺ دەڵێ :پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((خوا ستەم لە ئیمانداران ناكات ولە پاداشتی چاكەدا لەدنیاشدا و لە قیامەتیشدا پاداشتیان دەداتەوە ،بەڵام كافر پاداشتی ئەو كارانەی ((بەخەیاڵی خۆی ))بۆ خودا كردوویەتی هەر لەدنیا دەدرێتەوە ،بۆ ئەوەی كەگەیشتە قیامەت هیچ چاكەیەكی نەمێنێت كە لەوێ پاداشتی بدرێتەوە )).**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٨- عن طلحة بن عبيد الله رضي الله عنهما :

قال : جاء رجل إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم ، من أهل نجد ، ثائر الرأس ، نَسْمَعُ دَوِيَّ صوته ، ولا نَفْقَهُ ما يقولُ ، حتى دَنا من رسول الله صلى الله عليه وسلم ، فإذا هو يَسْأَلُ عن الإسلام ؟ فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : "خَمْسُ صلوات في اليوم واللَّيلة " . فقال : هل عليَّ غيرهن ؟ قال : ' لا ، إلا أن تطَّوَّع' ، " وصيامُ شهر رمضانَ " . فقال : هلْ عليَّ غيرُه ؟ فقال : ' لا ، إلا أنْ تطوّع ' . قال : وذكر له رسول الله صلى الله عليه وسلم الزكاةَ ، فقال : هل عليّ غيرها ؟ قال : 'لا ، إلا أنْ تطوع ' . قال : فأدبَرَ الرجلُ ، وهو يقول : والله لا أزيد على هذا ولا أنقصُ منه . فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : ' أفْلَحَ إنْ صَدق ، وفي رواية قال: فقال رسول الله ﷺ "افلح – وابيه – ان صدق. او : دخل الجنة – وابيه- ان صدق" . بخاري/الايمان/ الزكاة في الاسلام/٤٦

**(طلحه)كوڕی (عبدالله) ﵁ دەڵێ :خەڵکی نەجد هاتە خزمەتی پێغەمبەر ﷺ قژی ئاڵۆز کابوو ،گوێمان لەبۆڵەبۆڵی بوو بەڵام نەماندەزانی چی دەڵێت ،هەتا نزیك بوویەوە لە پێغەمبەر –تومەس دەیەوێت پرسیاری لێ بکات لەبارەی ئیسلامەوە،پێغەمبەر –فەرمووی ((پێنج نوێژ لەشەو و ڕۆژێکدا))وتی :ئەی بێجگە لوە پێنجە هیچی ترم لەسەرە ؟فەرمووی: ((نەخێر،مەگەر خۆت خۆبەخشانە بیکەیت ن هەروەها ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان))وتی:ئایا جگە لەو /مانگەم/لەسەرە ؟فەرمووی: ((نەخێر مەگەر خۆبەخشانە بیکەیت))ئینجا پێغەمبەری –ناوی زوکاتیشی هێنا،پیاوەکە وتی :ئایا لەوە زیاترم لەسەرە ؟فەرمووی: (( نەخێر، مەگەر**

**خۆبەخشـــانە بیـــدەیت))ئینجا پیاوەکـــە گەڕایـــەوە لەبەرخۆیـــەوە دەیـــووت :ســـوێند بـــەخوا نەلـــەوە زیـــاد دەکـــەم و نەلێشـــی کـــەم دەکەمەوە،پێغەمبـــەر– فـــەرمووی: ((ئەگـــەر ڕاســـت بکـــات ڕزگـــاری دەبێت)) .**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

٩- عن عبد الله بن مسعود رضي الله عنه :

قال : قال اناس لرسول الله ﷺ يا رسول الله أنؤاخذُ بما عملنا في الجاهلية ؟ قال :أما من أحسن منكم في الإسلام فلا يؤخذ بها ، ومن أساء أُخِذ بعمله في الجاهلية والاسلام ' .بخاري / استتابة المرتدين/٦٥٢٦

**(عبدالله)کوڕی(مسعود)ﷺ دەڵێ :خەڵکانێك وتیـان بـە پێغەمبـەر ﷺ ئەی پێغەمبەری خودا–ئایا لێپرسـینەوەمان هەیـە لەسـەر ئـەو کارانـەی کەلەنەفامیدا ئەنجامان داون ؟فەرمووی: ((ئەو کەسـەتان کەلەئیسـلامدا چاکەکار بێت ،لێـی ناپرسـرێتەوە ،بـەڵام ئـەوەی کەخراپـە کـار بـوو /لەئیسـلام هەڵگەڕایەوە/لـەکارەکانی سـەردەمی نـەفامی وئیسلامیشـی دەپرسێتەوە )).**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١٠. عن أبو موسى الأشعري رضي الله عنه :

قال : ' قام فينا رسول الله صلى الله عليه وسلم بخمس كلمات ، فقال : إن الله (عز وجل) لا ينامُ ، ولا ينبغي له أن ينامَ ، يَخْفِض القِسْطَ ويرفَعُه ، يُرْفَع إليه عملُ الليل

قَبْلَ عَمَلِ النَّهار ، وعملُ النَّهار قَبْل عمل الليل ، حِجَابُه النُّورُ - وفي رواية : النارُ - لو كَشَفَهُ لأحْرَقتْ سُبُحات وجهه ما انتهى إليه بصرُه من خلقه '.

**(ابوموسى)ﷺ دەڵێ :پێغەمبەری خودا ﷺ لەناوماندا هەستایە سەر پێ و پێنج وتەی فەرموو: ((خوای گەورە ناخەوێ ،ناگونجێ کەبخەوێ،تەرازوو بەرز دەکاتەوەو نزمی دەکاتەوە .(بەکردەوەی بەندەکان)،کرداری شەو پێش کرداری رۆژ بەرز دەبێتەوە بۆلای،کرداری رۆژیش پێش کرداری شەو ،پەردەکەی نوورە (لەڕیوایەتێکیشا)ئاگرە ،ئەگەر ئەو پەردە لاببات نووری ڕوخساری هەموو ئەو دروستکراوانە دەسوتێنێ کە بینایی پێ دەگات (واتە هەموو بونەوەر).**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١١- أبو سعيد الخدري رضي الله عنه : قال : قال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم : ' أمَّا أهلُ النارِ الذين هم أهلها ، فإنهم لا يموتون فيها ولا يحيَون ، ولكن ناس أصابتهم النارُ بذنوبهم - أو قال : بخطاياهم - فأماتهم إماتة ، حتى إذا كانوا فحْما أُذن بالشفاعة ، فجيء بهم ضبائرَ ضبائرَ فبُثُّوا على أنهار الجنة ، ثم قيل : يا أهل الجنة ، أفيضوا عليهم ، فينبتون نبات الحبَّةِ تكون في حميل السيْل ، فقال رجل مِنَ القوْم : كأنَّ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم قد كان في البادية ' .

**(ابوسـعيد)–دەڵـێ :پێغەمبـەر ﷺ فەرموویـەتی: ((نیشـتەجێکانی دۆزەخ ئەوانەی خەڵکی ئەوێن،بەڕاسـتی ئەوانـە نـەدەمرن تیایـدا و نەدەژین ،بەڵام کەسانێك لەئێوە بـەهۆی تاوانەکانیانـەوە کەوتونەتـە دۆزەخەوە خوای گەورە بەجۆرێك مراندونی ،کاتێ بوون بەخـەڵوز مۆڵـەتی شـەفاعەت دەدرێـن ،ئـەو کاتـە کۆمـەڵ کۆمـەڵ جیاجیـا دەیانهێنن بـڵاو دەکرێنـەوە بەسـەر ڕوبارەکـانی بەهەشـتدا ،ئینجـا دەوترێـت :ئـەی خـەڵکی بەهەشـت ئاوبکـەن بەسـەریاندا ،ئینجـا دەڕوێنـەوە وەکـو (تۆو)لـەناو لیتـاوی لافـاودا بـوخێرای دەڕوێن ))یەکێك لەخەڵکەکە وتی:دەڵێی پێغەمبەری خودا لەلادێدا ژیاوە.**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١٢-عن العباس بن عبد المطلب رضي الله عنه أنه قال :

" يا رسول الله هل نفعت ابا طالب بشيء فانه كان يحوطك ويغضب لك ؟قال ﷺ نعم هو في ضَحْضَاح من نار ، ولولا أنا لكان في الدَّرْكِ الأسْفَلِ مِنَ النَّارِ ".

**(عباس) کوڕی(عبدالمطلب) رضي الله عنه دەڵێ:وتم ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئایا کەڵکێکت گەیاند بە (ابوطالب) ئەو جاران تۆی دەپاراسـت و لـەسـەرتۆ توڕە دەبوو ؟فەرمووی: ((بەڵێ ئەو لەناو ئاگرێکی تەنکدایە ،ئەگەر مـن نەبووایە دەبوو لەقوڵای خوارەوەی ئاگرەکەدا بوایە )).**

بخاري/ فضائل الصحابة /٣٦٧,٣٦٧٢

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١٣. عن أبي هريرة رضي الله عنه : ان رسول الله ﷺ قال: اتَّقُوا اللعانَيْنِ ، قالوا : وما اللعانانِ يا رسول الله؟ قال : الذي يتَخَلَّى في طريق الناس أو في ظِلِّهم ' .

**(ابوهوريره)رضي الله عنه دەڵێ :پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی :((خۆتان بپارێزن لەدوو نەفرەت لێکراو ))ووتیان:ئەو دوو نەفرەت لێکراوە چین ئەی پێغەمبەر-؟فەرمووی :((ئەوەی لەسەر ڕێگای خەڵکیدا پیسی دەکات یان لەسێبەرەکاندا )) ./کەجێگای دانیشتنی خەڵکە ./**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١٤. -عن عائشة رضي الله عنها : قالت : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : ' عَشرٌ من الفطرة : قَصُّ الشارب ، وإعفاء اللحية ، والسواكُ ، واستنشاق الماء ، وقَصُّ الأظفار ، وغسل البَرَاجِمِ ، ونتف الإِبْط ، وحلق العانة ، وانتقاص الماء' . قال زكرياء : قال مصعب ونسيت العاشرة الا ان تكون المضمضة . زاد قتيبة قال وكيع : ' انتقاص الماء' ، يعني : الاستنجاء .

**(عائیشە) ڕەزای خوای لێبێت دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ((دە شت لە فیترەتن :کورت کردنەوەی سمێڵ ،هێشتنەوەی ڕیش،سیواك کردن ،ئاو لەلووت وەردان ،نینۆك کردن ،شۆردنی جومگەی پەنجەکان ،مووی بن باڵ هەڵکەندن ،بەرتاشین،تارەت**

**گرتن))(مصعب)دەڵێت:دەیەمم بیر چووووە،ئەگەر ئـاو لــەدەم وەردان نەبێت.**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١٥. عن سعد بن أبي وقاص رضي الله عنه : عن رسولَ الله صلى الله عليه وسلم انه قال : ' مَنْ قال حين يسمع المؤذن : أشهد أن لا إله إلا الله ، وحدَهُ لا شريك له ، وأنَّ محمداً عبدُه ورسولُه ، رَضِيتُ بالله ربّا ، وبمحمد رسولا وبالإسلام دِينا ، غُفِرَ له ذَنْبُه '

**(سعدکوڕی ابی وقاص)ﷺ دەڵێ :پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی: (( ئـەوەی لەکاتێکدا گەێی لەبانگ دەبێت بڵێـت :شـایەتی دەدەم کـەخوا تـاك و تەنیایەو شەریکی نیەو موحەمەد بەندەو ڕەوانـەکراوی ئـەوە،ڕازیم خـوا پــەروردگارم بێــت موحەمــەد ڕەوانــەکراو و ئیســلامیش ئایین،ئــەوە لەگوناهەکانی خۆش دەبێت)).**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

١٦. عن عبد الله بن عمر رضي الله عنهما : أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : " الذي تَفُوتُه صلاة العصر كأنما وُتِرَ أهلَه ومالَه". بخاري /مواقيت الصلاة /٥٢٧

**( عبدالله ی کـوڕی عمـر) ﷺدەڵـێ پێغەمبـەری خـوا ﷺ فـەرمووی: ((ئەوەی نوێژی عەسری دەچێت هـەروەکو ئـەوە وایـە مـاڵ و خێزانـی تالاَن کرابێت))**

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**١٧- عن أبي هريرة ﵁:**

**أن رسولَ الله صلى الله عليه وسلم قال : ' إذا أُقيمتِ الصلاةُ فلا صلاةَ إلا المكتوبةَ ' . قال حماد : ثم لقيتُ عمرو بنَ دينار فحدَّثني به ، ولم يرفعه ، أخرجه مسلم وأبو داود والترمذي والنسائي .**

ئەبو هورەریرە ﵁ دەڵێ :پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی (ئەگەر قامەت کرا ئیتر هیچ نوێژێك نابێ بکرێت جگە لە نوێژە فەرزەکە ))

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**١٨-عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**أن رسولَ الله صلى الله عليه وسلم قال : ' لو يعلمُ الناسُ ما في النِّداءِ والصفِّ الأول ، ثم لم يَجِدُوا إلا أن يَسْتَهِموا عليه لاسْتَهَمُوا ، ولو يعلمون ما في التَّهْجِيرِ لاسْتَبَقُوا إليه ، ولو يعلمون ما في العَتَمةِ والصبح لأتوهما ولو حَبْوا ' (بخاري /الاسهام في الاذان /٥٩٠)**

ئەبوهورەیرە ﵁دەڵێ پێغەمبەری خودا ﷺ فەرموویەتی: ((ئەگەر خەڵك بیان زانیایە بانگ و ڕیزی یەکەم چییان تێدایە ،ئەگەر دەست نەکەوتایە بەتیروپشك نەبێ،تیروپشکیان بۆ دەکرد،خۆ ئەگەر بیانزانیایە لەزوو هاتن بۆ نوێژ چ خێرێکی هەیە پیچشبڕکێیان بۆ دەکرد ،ئەگەر بیانزانییایە نوێژی خەوتنان و نوێژی بەیانیان چ خێرێکی هەیە ،ئەگەر بە گاگۆڵکێش بوایە دەهاتن بۆی .

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**١٩- عن عائشة رضي الله عنها :**

**أَنَّ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم ' كانَ يَدْعُو في الصلاةِ يقول ☹(( اللـهمَّ إني أَعوذُ بِكَ من عَذَابِ الْقَبْرِ ، وأعـوذُ بِـكَ مِـن فِتنَـةِ المَسِـيحِ الـدَّجالِ ، وأعوذُ بكَ من فِتنَةِ المَحيا وفِتنَةِ المَماتِ ، اللهمَّ إِني أعوذُ بِـكَ مِـن المَـأْثَمِ والمغْرَمِ))، قالت: له فقال قائِلٌ : مَا أَكْثَرَ ما تَستَعيذُ من المَغْـرَمِ يارسـول الله ؟ . :فقال (( إِنَّ الرَّجُلَ إذا غَرِمَ حَدَّثَ ﴿ فَكَذَبَ ﴾ ، ووعَدَ فَأَخلفَ ' . بخاري /صفة الصلاة /الدعاء قبل السلام /٧٩٨**

عائیشە رەزای خوای لێبێت هاوسەری پێغەمبەری خـوا ﷺ دەڵـێ : پێغەمبـەر ﷺ لەنوێژدا دەپاڕایەوە :خوایە من پەنا دەگـرم بـەتۆ لەسـزای گـۆڕو لەفیتنـەی جەجاڵ و ،پەنا دەگرم بە تۆ لەفیتنەی ژیان و مردن ،خوایە پـەنا دەگـرم بـەتۆ لـە هەرشتێك تووشی گوناهم بكات ،لەقەرزێك كە نادرێتەوە ،عائیشە دەڵـێ :یـەكێ وتی ((ئەی پێغەمبەری خوا))بۆ ئەوەندە پەنا دەگری لە قەرزاری ؟فەرمووی ((پیاو ئەگەر قەرزار بوو قسە دەكات و درۆ دەكات ،بەڵێن دەدات و نایباتە سەر .

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**٢٠- عن أبي هريرة رضي الله عنه قال:**

**أوصاني خليلي ﷺ بثلاث ، بصيام ثلاثة أيـام مـن كـل شـهر ، وركعـتي الضحى ،وان اوتر قبل ان ارقد. بخاري التطوع/١١٢٤**

ئەبو هورەیرە رضي الله عنه دەڵێ :خۆشەویستەكەم ڕای سپاردوم بۆ شـت :بـەگرتنی سـێ رۆژ ڕۆژوو لەهەموو مانگێكدا ، دوو ڕكاتی چێشتەنگاو هـەروەها پـێش ئـەوەی بخەوم نوێژی وەتر بكەم .

**٢١- عن جابر بن عبدالله ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ : " اذا قضى احدكم الصلاة في مسجده ،فليجعل لبيته نصيبا من صلاته ، فان الله جاعل في بيته من صلاته خيرا"**

جابر كورِى عبدالله ﷺ دەلّێ:پێغەمبەرى خوا ﷺفەرموويەتى :((ئەگەر يەكێكتان لە مزگەوت لە نوێژ بويەوە ،بابەشى ماڵەوەش نوێژبهێلێتەوە چونكە خواى گەورە خێرى داناوە بۆ نوێژەكانى ناو ماڵەوەيش .

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

**٢٢- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**يبلغ به النبي صلى الله صلى الله عليه وسلم قال : ' يَعْقِدُ الشيطانُ على قَافِيَةِ رأسِ أَحدِكُمْ إِذَا هُوَ نَامَ ثلاثَ عُقَدا اذا نام ، بكل عُقْدَةَ يضرب: عَليكَ ليلا طويلا ، فإن استيقظ فذكر الله عز وجل انحلَّت عُقْدة ، وإذا توَّضأَ انحلَّت عنه عقدتان فاذا صلى انحلت العقد، فإن صلى انحلَّت العُقَد، فأصْبح نشيطاً طَيِّبَ النَّفْس ، وإلا أصبحَ خبيثَ النفس كَسْلانَ .'بخاري /التجهد/١٠٩١ .**

لە ئەبوهورەيرەوە ﷺ كەدەيگەياندە پێغەمبەر ﷺ پێغەمبەر ﷺ فەرموويەتى: ((ئەگەر يەكێكتان خەوت شەيتان سێ گرێ دەدات لەپشتى سەرى ،لەهەر گرێيەكدا دەلّێ :لەشەوێكى درێژدا بخەوە بەلاّم ئەگەر هەستاو ناوى خواى هێنا (عزوجل)گرێيەكيان دەكرێتەوە ،ئەگەر دەست نوێژى گرت دووەميشيان دەكرێتەوە ،ئينجا ئەگەر نوێژى كرد هەرسێكيان دەكرێنەوە ،ئينجا چالاك و دەرون ئاسودە دەبێت ،ئەگەر وانەكات دلّ پيس و تەمبەلّ دەبێت .

**٢٣- عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله ﷺ : ' أَيُحِبُّ أحدُكُم إِذا رجعَ إِلى أَهلِهِ أَن يَجِدَ فيه ثَلاثَ خَلِفَات عِظام سِمَان ؟ قلْنَا : نعم ، قال : فثلاثُ آيات يقرأُ بهنَّ أحدُكُم في صلاة خير لَهُ من ثلاثِ خَلِفَات عِظام سِمَان '**

ئەبوهورەیرە ﵁دەڵێ پێغەمبەر خوا ﷺ فەرموویەتی :((ئایا یەکێکتان پێی خۆشە کاتێك گەڕایەوە بۆ ماڵەوەیان لەوێ سێ ووشترى ئاوسی گەورەی قەڵەو لە ماڵیات بێت،وتمان بەڵێ:فەرمووی :دە هەر کەسێکتان لەنوێژەکەیدا سێ ئایەت بخوێنێت باشترە بۆی لەسێ ووشترى ئاوسی گەورەی قەڵەو .

---

**٢٤- عن أبي هريرة رضي الله عنه ان النبي ﷺ قال :**

**خير يوم طلعت عليه الشمس يوم الجمعة ، فيه خلق ادم ، وفيه ادخل الجنة ، وفيه اخرج منها ، ولا تقوم الساعة الا في يوم الجمعة.**

ئەبوهورەیرە﵁ دەڵێ :پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ☹((چاکترین ڕۆژێ کەخۆری تێدا هەڵ هاتبێت ڕۆژی جومعەیە لەو ڕۆژەدا ئادەم دروست کراوە،لە و ڕۆژەدا خراوەتە بەهەشتەوە ،لەو ڕۆژەشدا لە بەهەشت دەرکرا،ڕۆژی قیامەتیش نایەت لەڕۆژی جومعەدا نەبێ .

**٢٥- عن أبي هريرة رضي الله عنه قال : قال رسول الله ﷺ**
**"اذا كان يوم الجمعة كان على كل باب من ابواب المسجد ملائكة يكتبون الاول فالاول، فاذا جلس الامام طووا الصحف ، جاءوا يستمعون الذكر.ومثل المهجر كمثل الذي يهدي البدنة ، ثم كالذي يهدي بقرة ، ثم كالذي يهدي الكبشة ، ثم كالذي يهدي الدجاجة ، ثم كالذي يهدي البيضة" بخاري /الجمعة /٨٨٧.**

ئەبوهورەیرە ﷺ دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی :((ئەگەر ڕۆژی جومعە بوو ،لەسەر هەر دەرگایە لەدەرگاکانی مزگەوت فریشتە ڕادەوستن و ئەو کەسانە دەنوسن کەیەك لەدوای یەك لەپێش خەڵکیەوە دێن بۆ مزگەوت ،کاتێ ئیمام دێت و دادەنیشێت تۆمارەکانیان دەپێچنەوە ،دێن گوێ لەزیکرەکان دەگرن ،نمونەی ئەو کەسەی زوو دێن بۆ مزگوت وەك کەسێك وایە کە ووشترێکی کردبێ بەخێر پاش ئەو وەکو کەسێك وایە کە مانگایەکی کردبێ بەخێر ،پاش ئەویش وەك کەسێك وایە مەڕێکی کردبێ بەخێ ،پاش ئەویش وەکو کەسێك کە مریشکێکی کردبێ بەخێر،پاش ئەویش وەکو کەسێك هێلکەیەکی کردبێ بەخێر.

---

**٢٦- عن الحكم بن ميناءَ رحمه الله :**
**أن عبد الله بن عمرَ ، وأبا هريرةَ حدَّثاه : أنهما سمعا النبيَّ صلى الله عليه وسلم يقول على اعواد مِنبره : ' لَيَنْتَهينَّ أقوام عن ودْعِهِم الجُمعاتِ أو ليخْتِمَنَّ الله على قلوبهم ، ثم ليكوننَّ من الغافلين**
حەکەمی کوڕی مینا ﷺ دەڵێ عبداللە ی کوڕی عومەر و ئەبوهورەیرە ﷺ قسەیان بۆ کردووە :ئەوان بیستویانە لەپێغەمبەری خوا ﷺ لەسەر میمبەرەکەی

دەیفەرموو : ((ئەوانەی نوێژی جومعە ناکەن باواز لەو ڕەفتارانەیان بهێنن یان خوا مۆری ڕەش دەنێت بەسەر دڵیاندا و پاشان دەچنە ڕیزی غافلانەوە .

---

**٢٧- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**أن رسول الله صلى الله عليه وسلم قال : ' إذا خَرَجتْ رُوحُ المؤمن تلقاها ملَكان يُصْعِدَانِها - قال حماد: فذكر من طِيَب ريحها ، وذَكَرَ المِسك - قال : ويقولُ أهل السماء رُوح طيبة جاءت مِنْ قِبَلِ الأرض ، صلَّى الله عليكِ وعلى جسد كنتِ تَعْمُرينه ، فَيُنْطَلَقُ به إلى ربِّه عزوجل ، ثم يقول : انْطَلِقوا به إلى آخر الأجل ، قال : وإنَّ الكافرَ إذا خرجتْ رُوحُه - قال حماد : وَذكَر مِنْ نَتْنها وذكر ويقول أهل السماء : رُوح خبيثة جاءت مِن قِبَلِ الأرض ، قال :فيقال: انطَلِقوا به إلى آخر الأجل 'قال ابو هريرة: فردّ رسولُ الله صلى الله عليه وسلم رَيطْة كانت عليه على أنفه هكذا"**

ئەبوهورەیرە ﵁ دەڵێ :کاتێك گیانی ئیماندار دەردەچێت دوو فرسشتە پێشوازی لێدەکەن و بەرزی دەکەنەوە (حماد کەیەکێکە لە ڕاوییەکان )دەڵێ :جاباسی بۆن خۆشی و باسی میسکی کرد (کەلەو گیان و ڕۆحە پاکەوە دەبیسرێت )بۆیە نیشتەجێکانی ئاسمان دەڵێن:گیانێکی پاك و چاکەو لەزەویەوە هاتووە .دەك ڕەحمەتی خوات لێبێت،لەسەر ئەو لاشەیەش کەبەتۆ ئاوەدان بوو .ئەوسا دەبرێت بۆلای پەروەردگاری ئەویش دەفەرموێت : ((بیبەن بۆ ئەو پەڕی شوێنی دیاری کراوی خۆی )).کافریش کەگیانی دەردەچێت (حماد)دەڵێت:ئەبوهورەیرە باسی بۆگەنی کردو نەفرینیشی لێ کرد ،خەڵکی ئاسمان دەڵێن گیانیکی پیسە لەزەوییەوە

هاتوه .ئینجا فەرمان دەدرێت:بیبەن بۆ ئـەو پـەڕی ئـەو شـوێنەی کـەبۆی دیـاری کراوه .جا ئەبوهورەیره دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ پارچە قوماشێکی بەسەر شانەوه بوو لوتی خۆی پێ گرت.

---

**٢٨- عن أبى مالك الأشعري رضي الله عنه :**

**ان النبي صلى الله عليه وسلم قال : ﴿ ' أربع في أُمَّتي مـن الجاهليـة ، لا يتركونهنَّ : الفخرُ بالأحساب ، والطَّعنُ في الأنساب ، والاستسقاءُ بالنجوم ، والنياحةُ ، وقال : ﴿ النائحةُ إذا لم تَتُـبْ قبـل موتهـا " تقـام يـوم القيامـة وعليها سِربْال من قَطِران ، ودرْع من جَرَب '**

ئەبو مالیك الاشعری ﷺدەڵێ:پێغەمبەرﷺ (فەرموویەتی : ((چوار شـت لـەناو ئوممەتمـدا هەیـە لـەکرداری سـەردەمی نـەفامین و (ئافرەتان)دەسـت بـەرداری نـابن :خۆهەڵکێشـات بەڕەچـە ڵـە ك و بنەماڵـە ،تانـەو تەشـەر لـەتیرەو تایەفـە ،بەتەمابونی باران بـەهۆی ئەسـتێرەکانەوه ،شـین و شـەپۆڕ لـەکاتی لێقەومانـدا . هەروەها فەرموویەتی : ((ئەو ژنەی دەلاوێتەوه ئەگەر پێش مەرگی تەوبـە نـەکات لەڕۆژی قیامەتدا کەزیندوو دەکرێتەوه کراسێکی قەتران و گەڕ لەشی دادەپۆشێت وەك زرێپۆشی لەبەردا بێت ))

---

**٢٩- عن ابي قتادة بن ربعي رضي الله عنه انه كان يحدث أنَّ رسـول الله صلى الله عليه وسلم مُرّ عليه بجنازة ، فقال : مستريح ، أو مُسْـتَراح منـه ، قالوا : يا رسول الله ما المستريحُ ، ومـا المسـتَراح منـه ؟ فقـال : العبـد المؤمنُ يستريح من نَصَب الـدنيا ، والعبـد الفـاجرُ : يسـتريح منـه العبـادُ والبلادُ ، والشجر والدواب ' .بخارى /الرقاق/٦١٤٧ .**

ابو قتادەی کوڕی ڕوبعی ﷺ باسی ئـەوەی کـردوە کـە:جارێکیان جەنازەیـەك بـەلای پێغەمبـەردا ﷺ بـرا ،فـەرمووی : ((ئـەوە ئاسـودەیەو ئاسـودەن لەدەستی ))وتیان :ئەی پێغەمبەری خوا _ئاسودەیەو ئاسودەن لەدەستی یـانی چـی ؟! فەرمووی : ((بەندەی ئیماندار لەدەست کێشەو ناخۆشیەکانی دنیـا لـەدەسـت کێشەو ناخۆشیەکانی دنیـا ڕزگـاری دەبێـت و ئاسـودەیە ،بەنـدەی تاوانکـاریش خەڵکی ولات و دارو درەخت و ئاژەڵ لەدەستی ئاسودە دەبن )).

---

**٣٠- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**عن النبي صلى الله عليه وسلم قال : ' أسْرِعوا بجنائزكم ، فإن تكُ صالحة ، فخير تقدِّمونها –لعله قال – تقـدمونها عليـه ، وإن تَـكُ غـير ذلـك ، فَشَـر تضعونه عن رقابكم ' بخاري /الجنائز/١٢٥٢**

ئەبوهورەیرە ﷺدەڵێ :پێغەمبەرﷺ فەرموویەتی : ((پەلـە بکەن لـەبردنی جەنازەدا ،ئەگەر چاك و خواناس بێت ،ئەوە زوو بەخۆشی و شادی دەگەیەنن ،بەلاّم ئەگەر وانەبوو ،ئەوە شەڕو خراپەیەکە لـەکۆڵی خۆتانی دەکەمەوە )).

---

**٣١- عن عوف بن مالك رضي الله عنه :**

**قال : ' صلَّى رسولُ الله صلى الله عليه وسـلم علـى جنـازة ، فحفظـت مـن دعائه : اللهم اغفِر له وارْحَمْه ، وعافِـه واعـفُ عنـه ، وأكْـرِم نُزُلَـهُ ، ووسِّـعْ مَدْخَلَه ، واغسله بالماء والثلج والبَرَد ، ونَقِّه من الخَطَايا كمـا يُنَقَّـي الثَّـوبُ الأبْيَضُ من الدَّنَس ، وأَبْدِلْه دارا خيراً من داره ،**

**وأهلا خيراً من أهله ، وزوْجا خيراً من زوجِه ، وأدْخِلْه الجَنَّةَ ، وأعِـذْهُ مـن القبر ، أو من عذاب النار ' . قال عوف : حتى تَمنَّيتُ أن أَكـونَ ﴿ أنـا ﴾ ذلك الميت .**

عوفی کوڕی مالیك ﷺدەڵێ :پێغەمبەر ﷺ لەسەر تەرمێك نوێژی کردو نـزای کرد ،منیش لەنزاکەی ئەمەم لەبەر کرد : ((خوا گیان لێی خۆش ببەو ڕەحمی پـێ بکە ،ئاسودەی بکەو چاوپۆشی لێ بکە ،ڕێزی بگرەو شوێنی فراوانی پـێ ببخشـە ،بەئاو و بەفر و تەرزە بیشۆ ،لەگوناه پاکی بکەرەوە هەروەکو چۆن پۆشاکە سـپی پاك ئەبێتەوە لەچڵك و پیسی ،ماڵ و حاڵێکی لەوە چاکتر پـێ ببخشـە ،کـەس و کـارێکی چـاکتریش لـە کـەس و کارەکـەی ،هاوسـەرێکی چـاکتریش لەهاوسەرەکەی ،بیخـەرە بەهەشتیشـەوە پەناشـی بـدە لەسـزای گـۆڕو سـزای ئاگر)).ئالەو کاتەدا پڕبەدڵ ئاواتم دەخواست (خۆزگە )ئەو مردووە من بومایە .

---

**٣٢- عن أنس بن مالك رضي الله عنة قال :**

**قال نبيَ الله صلى الله عليه وسلم: ' إنَّ العبدَ إذا وُضع في قبره ، وتولّى عنه أصحابُه ، إنَّه لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالهم ،زاد في الرواية - إذا انصرفوا- قال: ياتيه الملكان ، فيُقعدانه ، فيقولان له : ما كنـتَ تقـولُ في هـذا الرجـل ؟ فأمَّـا المؤمن ، فيقول : أشهدُ أنَّه عبد الله ورسولُه ،قال : فيقـال لـه : انظُـر إلى مقعَدِك من النار ،قد أبْدلَكَ الله به مقعدا من الجنة ، قال الـنبيُّ صـلى الله عليه وسلم : فيراهما جميعاً ، قال قتادة : وذُكِرَ لنا أنَّه يُفْسَحُ لـه في قـبره سبعون ذراعا ، ويملأ عليه خَضِرا إلى يوم يبعثون ' بخاري /الجنائز/١٢٧٣**

ئەنەس كورِی مالیك ﷺدەڵێ :پێغەمبەرﷺ فەرموویـەتی : ((كاتێـك ئـادەمیزاد دادەنرێت لـە گۆڕەكەیداو هاوەڵانی بـەجێی دەهـێڵن ،ئـەو دەنگـی پێڵاوەكانیـان دەبیستێت...دوو فریشتە دێن و دای دەنیشێنن و دەڵێن:تۆ كاتی خۆی دەربارەی ئەم پیاوە چیت دەوت ؟ئیماندار دەڵێت :شایەتی دەدەم كەئەو بەنـدەو پێغەمبـەری خوایە ،ئەوسا پێی دەوترێت تەماشـای جێگـای خـۆت بكـە لـەدۆزەخـدا ،خـوای گەورە بۆی گۆریویت بەجێگایـەكی تـر لـەبەهەشـتدا )). جـا پێغەمبـەری خـوا- (فەرمووی هەردوكیان دەبینێت) . (قتادە) دەڵێ :بۆمان باسكرا كەگۆڕەكەی بـۆ فراوان دەكرێت بەئەندازەی حەفتا باڵ و بـۆی پـڕ دەكرێـت لـەسـەوزایی تـا ئـەو ڕۆژەی زیندوو دەكرێتەوە )).

**٣٣- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**قال : قال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم ' لأنْ يجلس أحدكم على جَمْرة ، فَتُحْرِقَ ثيابَهُ فَتَخْلُص إلى جلدهِ ، خير له من أن يجلس على قبر'**

ئەبو هورەیرە ﷺدەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی : ((ئەگەر كەسێك لـە ئێوە لـەسەر پشكۆیەك دابنیشێت هەتا پۆشاكەكەی دەسوتێت و دەگاتە پێسـتی هێشـتا ئەوەی چاكترە لـەسەر گۆڕێك دابنیشێت )).

**٣٤- عن أبي هريرة رضي الله عنه عن النبي صلى الله عليه وسلم :قال :**

**' سبعة يظلهم الله في ظله يوم لا ظل إلا ظله ، الإمام العـادل ، وشـاب نشـأ في عبادة الله ، ورجل قلبه معلق في المساجد ، ورجلان تحابـا في الله اجتمعـا عليـه وتفرقا عليه ، ورجل طلبته امرأة ذات منصب وجمال ، فقـال : إنـي أخـاف الله . ورجل تصدق بصدقة أخفاها ، لا تعلم يمينه ما تنفق شماله ، ورجل ذكر الله خاليـاً ففاضت عيناه. ' بخاري /الجماعة والامامة /٦٢٩٤.**

ئەبوهورەیرە ﵁ دەڵێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((حەوت جۆرە کەس هەن کەخوا دەیانخاتە ژێر سایەو سێبەری خۆیەوە لەو ڕۆژەدا کەهیچ سایەو سێبەرێك نیە جگە لەسایەو سێبەری ئەو زاتە :پێشەوایەکی دادپەروەر ،لاوێك کەلەسەلر خوا پەرستی گەورە بوبێت ،کەسێکە کەدڵی پەیوەستی مزگەوت بێت،دوو کەس لەبەر خوا یەکتریان خۆش بوێت لەسەر بنچینەی بەیەك گەیشتن ،دوای دوور کەوتنەوەو جیابونەوەشیان لەیەکتر خۆشەویستیان بەردەوام بێت ،کەسێك کە ئافرەتێکی جوان و ناودار بانگی بکات ،ئەویش بڵێت:بەڕاستی لەخوا دەترسم ،کەسێك کە خێر دەکات و دەیشارێتەوە هەتا دەستی چەپی نازانێت دەستی ڕاستی چی بەخشیوە ،کەسێك بەتنهایی یادی خوا بکات و چاوەکانی ئەسرینیان لێ بارێت)).

**٣٥- عن أبي هريرة رضي الله عنه قال**

**:سمعت رسول الله ﷺ يقول : لان يغدو احدكم فيحطب على ظهره، فيتصدق به ويستغني به من الناس، خير له من ان يسأل رجلا، اعطاه او منعه ذلك، فان اليد العليا افضل من اليد السفلى وابدأ بمن تعول. بخاري /الزكاة/١٤٠١.**

---

ئەبو هورەیرە ﵁ دەڵێ:پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((ئەگەر کەسێکتان بەیانی زوو بچێت بۆ دارهێنان بەکۆڵی خۆی و بیکات بەخێر خۆی دوور بگرێت لەداواکردن لەخەڵکی چاکترە لەوەی داوا لەکەسێك بکات ،یان دەیداتێ ،یان نایداتێ ،بەڕاستی دەستی سەرەوەی بەخشندە چاکترە لەدەستی خوارەوەی داواکار ،بەوەش دەست پێ بکە کە بەخێوکردنی لەسەرتە )).

---

**٣٦- عن عائشة رضي الله عنها :**

**أنَّ النبي صلى الله عليه وسلم قال : ' ما مِنْ يوم أكثرُ من أن يَعْتِقَ الله فيه عبيدا من النار من يوم عَرَفَة ، وإنه لَيَدْنو ، ثم يُباهي بهم الملائكة ، فيقول : ما أراد هؤلاء ؟**

عائیشه ﵂ دەڵێ :پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((هیچ ڕۆژێك نیه ئەوەندەی ڕۆژی عەرەفە خوای گەورە بەندەی تێدا ئازاد بکات لەئاگری دۆزەخ ،لەو ڕۆژەدا خوای گەورە نزیك دەبێتەوە و شانازی دەکات بەوانەوە لای فریشتەکان و دەفەرموێت :ئەوان چیان دەوێت(بێجگە لە ڕەزامەندی من )!!.

---

**٣٧- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**عن النبي صلى الله عليه وسلم قال : ' تُنكح المرأة لأربع : لمالها ، ولحسبها ، ولجمالها ، ولدينها . فاظْفَر بذات الدين تَرِبَتْ يداك 'بخاري /النكاح/٤٨٠٢**

ئەبوهورەیرە ﵁ دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((لەبەر چوار مەبەست ئافرەت دەخوازرێت ،یان بۆ ماڵ و سامانەکەی ،یان لەبەر بنەماڵەکەی ،یان لەبەر جوانیەکەی ،یان لەبەر دینداریيەکەی ،جا تۆ ئافرەتی دیندار بهێنە،تا دەست پڕ بەرەکەت بێت ))

---

---

**٣٨- عن حذيفة عن النبي صلى الله عليه وسلم ،**

**أنَّ رجلاً ماتَ ، فَدَخل الجنَّةَ ، فقيل له : ما كنت تعمل ؟ قال : - فإمَّا ذَكَر ، وإمَّا ذُكِّرَ - فقال : إني كنتُ أبايِعُ النَّاسَ ، فكنت أُنظِر المعسر ،**

**وأتَجَوَّزُ في السِّكَّةِ ، أو في النقد ، فغُفِرَ له . فقال أبو مسعود : وأنا سمعتُه من رسول الله ﷺ .**

---

حوزەیفیە ﷺ دەڵێ:پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی : ((پیاوێك دەمرێت و دەچێتە بەهەشتەوە پێی دەوترێت : تۆ كارت چی بوو لە دنیادا؟دەڵێ:یابیری كەوتەوە _یابیری خرایەوە _وتی :من شتومەكم بەخەڵكی دەفرۆشت و مۆڵەتی نەدارم دەدا و چاوپۆشیم لەكەم و كوڕی نرخ و مافی خۆم دەكرد ،بۆیە خوا لێی خۆش بوو ))(ابومسعود)یش دەڵێت :ئەمەم لەپێغەمبەر بیستوە.

---

**٣٩- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**قال :قال رسولُ الله صلى الله عليه وسلم :من قتل نفسه بحديدة فحديدته في يده ، يتوجأ بها في بطنه يَتَوَجَّأُ بها في بطنه في نار جهنم خالدا مُخَلَّدا فيها أبداً، ومن شرب سما فقتل نفسه فهو يتحساه في نار جهنم ، خالدا مخلَّدا فيها أبداً،ومن تردى من جبل فقتل نفسه فهو يتردى في نار جهنم خالدا مخلدا فيها ابدا)) بخاري /الطب/٥٤٤٢**

ئەبی هورەیرە _دەڵێت:پێغەمبەر _فەرموویەتی ☹((هەر كەس خۆی بەپارچە ئاسنێك بكوژێت ،ئەوا پارچە ئاسنەكە لەدەستیا دەبێت ورگی خۆیی پێ ڕادەدات لەناو ئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە بەهەتا هەتایی و،هەر كەس ژەهراو بخواتەوەو خۆی پێ بكوژێت ئەوە لەناو ئاگری دۆزەخدا قوم لەدوای قوم دەیخواتەوە بەهەتا هەتایی دەمێنێتەوە لەئاگری دۆزەخدا ،هەر كەس لەشاخێك خۆی بەرداتە خوارەوە و خۆی بكوژێت ئەوا بەردەوام لەناو ئاگر خۆی بەردەداتە خوارەوەو بۆ هەتا هەتای تیایدا دەمێنێتەوە (واتە:ئەگەر خۆكوشتن بەحەلاڵ بزانێئەگەرنا،مەبەست پێی زۆر مانەوەیە).

---

**٤٠- عن مسروق رحمه الله :**

**قال : ' سَألْنا عبدَ الله بنَ مسعود عن هذه الآية { وَلَا تَحْسَبَنَّ الَّـذِينَ قُتِلُـوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ أَمْوَاتاً بَلْ أَحْيَاءٌ عِنْدَ رَبِّهِـمْ يُرْزَقُـونَ } ﴿ آل عمـران : الآيـة ١٦٩ ﴾ قال : أمَا إنَّا قد سألْنَا عن ذلك رسولَ الله صـلى الله عليـه وسـلم ؟ فقال : أرواحُهم في جوف طَير خُضْر ، لها قناديلُ مُعَلَّقَة بالعرش ، تَسْرَح من الجنة ، حيث شاءت ، ثم تأوي إلى تلك القناديل ، فاطَّلع إليهم ربُّهم اطِّلاعَة ، فقال : ﴿ هل ﴾ تَشْتَهُون شيئاً ؟ قالوا : أيَّ شيء نَشْـتَهِي ونحـن نَسْـرح من الجنة حيث شِئْنا ؟ ففعل ذلك بهم ثلاث مرات ، فلما رأوْا أنهم لم يُترَكوا من أن يُسألُوا ، قالوا : يا رب ، نُريدُ أن تَـرُدَّ علينـا أرواحَنـا في أجسـادنا حتى نُقْتَلَ في سبيلك مرة أخرى ، فلما رأى أن ليس لهم حاجة تُرِكوا '**

(مسروق)دەڵێ :پرسیارمان لە( عبداللە ی کوڕی مسعود) کـرد دەربـارەی ئـەم ئایەتە کەئەمە ماناکەیەتی((گومان وامەبن ئەوانەی لەڕێی خوادا کـوژراو مـردوون بەڵکو زیندون و لای پەروردگار ڕۆزی دەدرێن)) ئەویش وتی :ئێمـە پرسـیارمان لەپێغەمبەر-کرد ئەویش غەرمووی :((گیانیان وا لـەناوسکی باڵندەیەکی سـەوزدا ،خاوەنی چەند چرایەکی هەڵواسراو بەعەرشەوە ،لەبە هشتا چەند بیانـەوێ و بـۆ هەر کوێ بیانەوێ \ەگەڕێن و پاشان دێنەوە بۆلای ئەو چـرایانە ،پـەروەردگاریان تەماشایان دەکات و دەفەرموێت ،((ئایا حەز لـەهیچ دەکەن ))دەڵێن :حەز بەچـی بکەین لـەکاتێکدا ئێمە بەئارەزوی خۆمان بۆ کوێ بمانـەوێ لـەبەهەشـتا دەگـەڕێن ؟تاسێ جار ئەمەیان پێ دەفەرموێت ،کاتێ دەبینن وازیان لـێ ناهێنرێـت تـاداوای شتێك نەکەن ،دەڵێن:پەروەردگار ،داوات لێ دەکەین کە جارێکی دیکـە گیانمـان بگەڕێتەوە بۆ لاشەمان تا جارێکی تلر لـە پێناوی تۆدا بکوژرێین کاتێ دەبینێ هـیچ داوەکیان نیە وازیان لێ دەهێنرێت )).

**٤١- عن سلمان : سمعتُ رسولَ الله صلى الله عليه وسلم يقول : ' رِباطُ يوم وليلة خير مِن صيامِ شهر وقيامِهِ ، وإن مات جَرَى عليه عمله الذي كان يعمله ، وأجري عليه رِزْقُه ، وأمِن الفَتَّان ' .**

سلمان ﷺ دەڵێ :لە پێغەمبەرم ﷺ بیست کە دەیفەرموو : ((سەنگەرگیری شەو و رۆژێك (لەڕێگەی خودادا)چاکترە لە ڕوژووی(سونەتی)مانگێك و شەونوێژی (شەوەکانی) ئەگەر لەو ماوەیەشدا بمرێت کردەوە چاکەکانی دونیایی هەر بە بەردەوامی بۆ دەمێنێتەوە و ڕزق و ڕۆزییەکەی بەردەوام دەبێت و لەسزای گۆڕیش دڵنیا دەبێت )).

**٤٢- عن أبي هريرة رضي الله عنه :**

**أن رسولَ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم قال : ' بينما رجلٌ يمشي بطريق وجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ على الطريق ، فأخَّرَهُ ، فشَكَرَ الله له ، فَغَفَرَ له ،و قال : ' الشهداءُ خَمْسَةٌ : الْمَطْعُونُ ، والْمَبْطُونُ ، والغَرِقُ ، وصاحبُ الَهدْمِ ، والشهيدُ في سبيل الله عزوجل 'بخاري /الجماعة ولامامة/٦٢٤.**

ئەبوهورەیرە ﷺدەڵێ:پێغەمبەری خواﷺ فەرموویەتی : ((لەکاتێکدا پیاوێك بەڕیگەیەکدا دەڕۆیشت و چڵە دڕکێك دەبینێ و لای دەدات ،ئینجا سوپاسی خوا دەکات و خوایش لێی قبوڵ دەکات و لێی خۆش دەبێت))و فەرمووی: (( شەهیدەکان پێنجن ،ئەوانەی بەدەردە کولێرەو نەخۆشینە درمەکان دەمرن ،ئەوانەی بەدەردی سك دەمرن ،ئەوەی دەخنکێت،ئەوەی شتی بەسەردا دەڕوخێنرێت و ئەوەی شەهید دەبێت لەڕێگەی خوادا)).

# پێرستی بابەتەکان


| زنجیره | بـــــــــــــــــابـــــــــــــــــــەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١. | پێشەکی | ١ |
| ٢. | ئەڵقەی یەکەم- شوێنەواری گوناهو تاوان لەسەر تاك و کۆمەڵ !! | |
| ٣. | ئەڵقەی دووەم دەرئەنجامو زیانەکانی گوناهو تاوان | |
| ٤. | ئەڵقەی سێیەم - تەماشا کردنی نامەحرەم | |
| ٥. | ئەڵقەی چوارەم - بە خۆداچوونەوە وخۆسازدان ئەرکی هەنوکەیی مانە !! | |
| ٦. | ئەڵقەی پێنجەم - دیاردەو هۆکاری سستی و لاوازی ئیمان | |
| ٧. | ئەڵقەی شەشەم - متمانە بەخوای گەورە / بەپەیامو بەرنامەکەی بەوادەو بەڵێنەکانی | |
| ٨. | ئەڵقەی حەوتەم - متمانە بەخۆبوون | |
| ٩. | ئەڵقەی هەشتەم - بانگەواز کردن بۆ دینی خوا | |
| ١٠ | ئەڵقەی نۆیەم - پلە و پایەی بانگەواز کردن بۆ دینی خوا | |
| ١١. | گوڵبژێێك لە فەرموودە | |
| ١٢. | پێرستی بابەتەکان | |